# تاڤگەیەک لە زیو

ڕەخنەی ئەدەبی و شتی دیکەیش



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# تاڤگەیەک لە زیو

رەخنەی ئەدەبی و شتی دیکەیش

حەمەسەعید حەسەن



ناوی کتێب: تاڤگەیەک لە زیو ـ ڕەخنەی ئەدەبی و شتی دیکەیش
نووسینی: حەمەسەعید حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس ـ ژمارە: ٦٩٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ـ ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان هەولێر ژمارە (١٠٥)ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# تەکنیکی نووسین

دەتوانم هەموو ئەو جێیانەی بەرهەمەکانی شیللەر دەستنیشان بکەم
کە بە مەستی نووسیونی.
گۆتە

خوێندنەوە بە شێوەیەکی گشتی کارێکی چاکە، چونکە زانیاریمان پێ دەخشێت، وەلێ خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی، وێڕای بەخشینی زانیاری، وامان لێ دەکات، ئینسانێکی باشتر بین لەوەی کە هەین، ئەوە بۆیە ئەوانەی ئەدەب دەخوێننەوە، زێتر جێی متمانەن. ئەو کەسانەی ئێمە لە نێو کتێبدا دەیانیبین، لە کەسانی زیندوو دەچن، تەواو وەک ئێمە دەپەیڤن، هەناسە دەدەن، دەگرین و پێ دەکەنن، وەلێ کاتێک دەخوازین باوەشیان پێدا بکەین، وەک ئەوە وایە هەوا لە ئامێز بگرین. خوێندنەوە وەک سەکۆی شانۆیەک وایە، تێیدا نووسەر و خوێنەر، سەرقاڵی نمایشکردنی شانۆنامەیەکی فانتازی ئامێزن، لەو نمایشکردنەدا، ڕۆڵی خوێنەر هیچی لە ڕۆڵی نووسەر کەمتر نییە. جۆزیف کۆنراد لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێیەکی دەنووسێت: (هەواڵێکی چەند خۆشە، کە کتێبەکەمت بە دڵە، ئەگەر چی ئەوی من نووسیومە، تەنیا نیوەی یەکەمی کتێبەکەیە و نیوەی دووەمیم بۆ خوێنەر جێ هێشتووە، تەواوی بکات.)

کتێبی چاک وا لە خوێنەر دەکات، هەست بکات، ئەوی دەیخوێنێتەوە، ئەزموونی خۆیەتی. ئەدەبی چاک، لە ناکاو، شتێکی گرنگمان وەبیر دێنێتەوە، کە پێشتر زانیومانە، وەلێ لە یادمان چووەتەوە. ژنەکەی تۆلستۆی لە سەروەختی پاکنووسکردنی (شەڕ و ئاشتی)دا، دەکەوێتە



ئەتمۆسفێرێکی هێندە شاعیرانەوە، پێی وا دەبێت، ئەوە ڕۆمانەکە نییە کە هێندە جوانە، بەڵکوو ئەوە خۆیەتی کە هێندە زیرەکە. نووسینی جوان، کارێکی تا بڵێیت سەخت و ئەستەمە، بۆیە هێندە کاریگەرە، سەرنجی هەر دێڕێک یان پەرەگرافێک لە نووسینێکی جوان بدەیت، وا هەست دەکەیت، نووسەرەکەی بە باشترین شێوە دای ڕشتووە و هیچ ئەڵتەرناتیڤێکت بە خەیاڵدا نایەت، لەوی نووسەر بالاتر بێت.

مەشقکردن و کاری بەردەوام، وەک چۆن بۆ هەموو بوارێک پێویستن، لە نووسینیشدا هەمان بایەخیان هەیە. بیرۆکە و ڕیتم، دووانەیەکن، بێ یەکدی ناژین، نووسەری چاک، بە دەگمەن وشەیەک لە هەمان ڕستەدا دووبارە دەکاتەوە. تەنانەت ئەگەر بۆ نموونە لە ڕستەی یەکەمدا (کۆچ)ی بەکار هێنابوو، لە ڕستەی دووەمدا، هانا بۆ (ڕەو) دەبات و (کۆچ) دووبارە ناکاتەوە. نووسەران بە دەگمەن باسی تەکنیکی کارکردنی خۆیان دەکەن، ئەوی خوازیارە لە نهێنییەکانی چۆنیەتی کارکردنیان تێ بگات، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەی نییە، بێجگە لەوەی بە وردی لە بەرهەمەکانیان بکۆڵێتەوە.

نووسەر بۆ کێ دەنووسێت؟ مارگرێت ئابێنیوس دەیگوت: (بۆ خوێنەرێکی نەبینراو دەنووسم.) ئەوی نامە بنووسێت، دەزانێت ڕووی دەمی لە کێیە، وەلێ بۆ نووسەر، دەستنیشانکردنی وەرگر، کارێکی ئاسان نییە. ئەگەر خوێنەر نووسەرێکی خۆش بوێت، دڵی لەگەڵ خوێندنەوەی هەر دێڕێکی نووسینەکانیدا، لێ دەدات، ئەگەر قینی لێی بێت، بە نرخی خۆڵەمێش، پشکۆی وشەکانی لێ دەکڕێت. ستیگ داگەرمان هێندە بە ترسەوە دەینووسی، دەیگوت: (بووم بە کۆیلەی ناوی خۆم، زۆر ترسی ئەوەم هەیە، دێڕێک بنووسم، ناوەکەم بریندار بکات.)

شاعیری چاک، نابێتە کۆیلەی کێش و پاشبەند، بە دوای ڕێسادا

ناگەڕێت، ئاخر ئەگەر وای کرد، خودی خۆی لە دەست دەدات، تەنیا کاتێک کێش و سەروا ڕەچاو دەکات کە نەک هەر هیچ زیانیان بۆ مانا نەبێت، بەڵکو جوانتریشی بکەن. سەروا لای شاعیری چاک، وشەیەک نییە، تەنیا لەبەر پێویستیی هەبوونی سەروا، داوەت کرابێت، وشەیەکە فەرامۆشکردنی مەحاڵە و دێرە شیعرەکەی جوانتر کردووە. ئەوی لەبەر ڕاگرتنی سەروا هانا بۆ وشەی ئێسکگران دەبات، شاعیر نییە.

نووسەری چاک تەنیا لەو بوارەدا دەنووسێت کە شارەزاییی تێدا هەیە. نووسەر با بەسەر زمانیشدا زاڵ بێت، ئەگەر لە بوارێکدا کە بواری شارەزاییی وی نییە، خۆی تاقی کردەوە، زمان بە هانایەوە نایەت و دەگلێت. نووسەری چاک لە ڕێی ڕستەیەک یان دێرێکەوە، یان تەنانەت لە ڕێی ڕەوتار و بیرکردنەوەی کارەکتەرێکەوە، حوکم لەسەر بەرهەمێکی ئەدەبی نادات، ئەگەر وای کرد، خوێنەر متمانەی پێ ناکات. نووسەری چاک لە شتە بچووکەکاندا، شتی گەورە دەبینێت، وەلێ نووسەری بێتوانا، پێی وایە دەستڕەنگینی لەوەدایە باسی شتە گەورەکان بکات.

مێتۆدێکی دیاریکراو نییە، تا نووسەر ڕەچاوی بکات و ئیدی خاترجەم بێت لەوەی هەر چییەکی نووسی بایەخدارە، تەنیا ئەوە فریای نووسەر دەکەوێت کە متمانەی تەواوی بە توانای خۆی نەبێت و بەردەوام بە ترس و دڵەڕاوکێوە بنووسێت. سامۆێل بەتلەر دوو مۆچیاریی هەیە، یەکەمیان: کە شیعرێکت نووسی، لە خۆت بپرسە، ئایا ئەوی نووسیومە بەرگەی سەد ساڵی داهاتوو دەگرێت، یان هەر زوو ئێکسپایەر دەبێت؟ دووەمیان: تێکستەکەت بە کاوەخۆ و بە دەنگی بلند، بۆ خۆت بخوێنەوە، بۆ ئەوەی هەست بە کەموکوڕییەکانی بکەیت. نووسەری چاک بە وردی بەسەر نووسینەکانیدا دەچێتەوە و هەموو ئەو وشە، ڕستە، دێر و پەرەگرافانە بژار دەکات کە وا دەکەن تێکستەکەی قەڵەو بنوێنێت.



عەزرا پاوەند دەڵێت: (لایەنی هاوبەشی هەموو شاعیرە نەمرەکان ئەوەیە، پێویستیان بەوە نییە، بەرهەمیان لە زانکۆ و قوتابخانەکاندا بخوێنرێت، بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێننەوە. با کتێبەکانیان لە کتێبخانەکانیشدا تۆزیان لێ بنیشێت، وەلێ هێندە نابات، خوێنەری وا پەیدا دەبێت، بێ ئەوەی چاوەڕێی دەستخۆشانە بکات، شیعریان دەداتە بەر تاڤگەی ڕووناکی.) ستریندبێری بۆیە بە نەمری ماوەتەوە، چونکە بە جۆرێک خێزانی سوێدیی پێکەوە گرێ داوە، سوێدییەکان لە بەرهەمەکانی ویدا بۆ ڕەگوڕیشەی خۆیان دەگەڕێن. ئەوی (گوننار ئێکەلوێف)ی لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا دیتبێت، هەستی کردووە، ئەو شاعیرە بە زەبری وشەی جوان، گرەوی لە ئازار و مەرگ بردووەتەوە، وەلێ ئێریک لیندەگرێن، لە کۆتاییی ژیانیدا لە داڵێک دەچوو، دوای ئەو هەموو دوورفڕینە، لە لاقەکانی بەولاوە، هیچ دیکە شک نەبا، پشتی پێی قایم بێت.

بۆچی دەنووسیت؟ سەمۆێڵ بێکێت لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا گوتبووی: (ئاخر هیچ ئیشێکی دیکە نازانم.) ئۆلۆف لاگەرکرانتز پێی وایە، نووسین لەگەڵماندا لە دایک دەبێت، قەدەرێکە توانای ئەوەمان نییە، خۆمانی لێ لا بدەین، تەنیاییش یەکێکە لەو هۆکارانەی خەڵک بۆ نووسین هان دەدەن، کە کەسمان شک نەبرد، گوێمان بۆ ڕادێرێت، ئیدی ناچار دەبین، بنووسین. ئەگەر هەست دەکەیت، دوا نووسینت لەوی پێشووت بەهێزتر نییە، ئەگەر وای بۆ دەچیت، هیچ توانای تازە لە وشە کۆنەکاندا نادۆزیتەوە، ئەگەر پێت وایە، هەر هەمان دەربڕین و قسەکانی پێشووت دووبارە دەکەیەوە، چی زووترە، دەست لە نووسین هەڵبگرە!

٢٠٠٧/٦/٢٩

* ئەم باسە دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە نووسراوە.

Olof Lgercrantz, Om konsten att läsa och skriva, Sandbok AB 2003 Falun.

# پەیامی نووسەر

خوێنەر سەبارەت بە ئێلفرێدە ژێلینک بێلایەن نییە، یان پێی سەرسامە، یان ڕقی لێی دەبێتەوە، ئاخر ئەو بە ڕاشکاوی باس لە تابوو دەکات، بوێرانە ڕەخنە لە بەها پیرۆزەکان دەگرێت و تەنانەت سڵ لە زڕاندنی ناوبانگی نیشتمانیش ناکاتەوە. ئەو کە پێی وایە (هەموو شتێک زمانە و زمان هەموو شتێکە،) زمان قارەمانی سەرەکیی نووسینەکانیەتی و بۆیە دەنووسێت تا لە ترس و تەنیایی ڕزگاری ببێت.[۱] گەرچی ئینسان بێ خواستی خۆی، لە نێو وڵاتێک و لە نێو زمانێکدا لە دایک دەبێت، وەلێ ئەو نیشتمانێکی تایبەت بە خۆی و زمانێکی تایبەت بە خۆی داهێناوە.

ڕۆمان پێش دەستۆیفسکی تاکی بەرانبەر کۆمەڵ ڕادەگرت، ئەو هات تاکی بەرانبەر خودی تاک ڕاگرت. ئەلبێرتۆ مۆرافیایش کە سێکس لە کنی تەنیا کلیلێک بوو، دەهات بە هۆی ئەشکەنجەدان و تێکشکاندنی خودی کارەکتەرەکانیەوە، ڕێگەی دەربازبوونی نیشان دەدان. یانیس ڕیتسۆس کە بە زمانێکی سادەی هێمن، قووڵترین فیکری دەردەبڕی و جوانترین وێنەی دەکێشا، شیعرەکانی دەبوونە هۆی ئەوەی قەڵای ورەی گەلەکەی هەر قایم بێت. ئەو پێی دەگوتین: (**شیعر کە ماوەی گەش و پرشنگداری نێوان ژیان و مەرگە، توانای ئەوەی هەیە سەر بە مردن نەوی بکات.**)

نووسین وەک چۆن دەشێت، دەربڕی ژیان و گیانی کۆمەڵ بێت، هەرواش دەگونجێت بە پلەی یەکەم دەربڕی خودی نووسەر بێت، یان کازانتزاکیس گوتەنی: کلپەی ڕۆحی نووسەر بێت. زۆر جاریش نووسین، شەڕێکی دەستەویەخەیە لەگەڵ کۆمەڵدا و بەرەنگاربوونەوەیە لەگەڵ ژیان و مردندا.



فەردیناند سیلین پێی وایە ئەدەب پۆستەچی نییە، تا پەیامێکی بۆ جەماوەر پێ بێت، ئاخر نووسینی ئەو لە عەقڵەوە هەڵناقوڵێ تا هەڵگری حیکمەت بێت، بەڵکو لە زمانەوە هەڵدەقوڵێت و دەڕژێنەوە نێو زمانەوە. ئەو پێمان دەڵێت: (مرۆڤایەتی لە تراژیدیادا دەژی و نووسین ناتوانێت فریای بکەوێت. ئەرکی نووسین تەنیا ئەوەیە، بەرچاوی مرۆڤایەتی ڕۆشن بکاتەوە و پێی بڵێت، ئومێدی ڕزگاربوون لەو تراژیدیایە هەیە.)

سەمۆێل بێکێت دەڵێت: (**خەم بۆ هیچ ناخۆم، بۆ ئەوە نەبێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دایک بووم، جێی داخە مردن دوورە، زۆر دوور.**) ئەو پێی وابوو: (هەر یەکێک لە ئێمە بەردەوام خاچی خۆی بەسەر شانی خۆیەوەیە و ئەوە ژیانە کە کارەساتە نەک مردن، ئاخر ئێمە هەمیشە چاوەڕێی کەسێکین کە نایەت، چاوەڕێی شتێکین کە ڕوو نادات و تاقە چەکی ئێمە بۆ دەربازبوون لە کۆیلەیی، وشەیە.)

مارکس دەیگوت: گرنگ لێکدانەوەی جیهان نییە، گرنگ ئەوەیە بیگۆڕین، (برێخت)یش پێی وابوو، ئەرکی هونەر ئەوەیە، ئەم جیهانە خەمناکە بگۆڕێت، وەلێ نووسەری سویسرایی، فرێدریک دۆرنمات دەیگوت: (ڕاستە دنیا تا بڵێیت خەمناکە، وەلێ ئەرکی هونەر گۆڕینی نییە، **ئەرکی هونەر ئەوەیە کارێک بکات بتوانین بەرگەی ئەم دنیا خەمناکە بگرین.**) چیزەر باڤیزی بۆیە دەینووسی، تا خۆیان وەک هەیە، بێ دەمامک و بە ڕووتوقووتی پێ بناسێنێت. کازانتزاکیس گەرچی بە ڕووکەش ڕەشبین بوو، وەلێ هەمیشە دەرگای نووسینەکانی بە ڕووی ئاسۆیەکی ڕووندا کراوە بوو. ئەو دەیگوت: (**من سەبارەت بە ڕوح نانووسم، باسی ئەو بڵێسەیە دەکەم کە لە ڕوحی هەر یەکێکماندا بەردەوام گەش دەنوێنێت و تەنیا ئەو بڵێسەیە بزوێنەری مێژووە.**)

نووسەری بە ڕەگەز جوو: ستیڤان زەڤایگ، گەرچی ساڵانی دوورودرێژی

ئاوارەیی بڕستی لێ بڕیبوو، وەلێ دەیگوت: (**نیشتمانیش وەک دڵ، لە قەفەزی سینگماندایە و لەم شوێنەوە بۆ ئەو شوێنی دەبەین و پێویستە لە هەست و سۆزی کوشندە بیپارێزین.**) ئەو کە جوولەکەیەکی سەرسەختیش بوو، وەلێ هەمیشە دژی (تیودۆر هەرتزل)ی هاوڕێی، کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی بۆ جوولەکە لە فەلەستین دەکرد، دەوەستایەوە.

مارسێل پروست ڕۆمانی لەو جێیە دەرهێنا کە بەلزاک لێی دانابوو. سەروەختی بەلزاک ڕۆمان ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بوو، پروست ڕۆمانی هێنایە نێو ڕۆحی تاکەوە. جیمس جۆیس تا لە دبلن دوورتر کەوتباوە، قووڵتر باسی ئەو شارەی دەکرد کە بە هەموو گەردوونی دەزانی و لە خەڵکەکەیدا، هەموو دانیشتووانی گۆی زەوینی دەبینی. لە ڕوانگەی (گراهام گرین)ەوە، نووسین جۆرێک بوو لە بەنگ، ئەو دەیگوت: (**نازانم ئەوانەی نانووسن، چۆن لە دەست ترس، خەمۆکی و شێتیی قوتار دەبن؟**) ئەو پێی وابوو، ئینسان وەک چۆن پێویستی بە خۆراک و خەوە، هەر وایش پێویستی بە هەڵاتنە، لای وی هەڵاتن دوو شێوەی هەبوو: نووسین و سەفەر[٢].

٢٠٠٧/٦/١٠

...........................................

(١) سمير جريس ٢٠٠٧/٦/٩ الحياة.

(٢) إبراهيم العريس، لغة الذات و الحداثة الدائمة، دار المدي ٢٠٠٦ دمشق.



## شاعیری زیندوو

(گەر دەخوازیت لە پاش مردنیش زیندوو بیت،

شتێک بنووسە، شیاوی خوێندنەوە بێت،

یان شتێک بکە، شیاوی لەسەر نووسین بێت.)

دەشێت لە زۆر بواردا سازش بکەین، ئەو تاقە بوارەی کە هەرگیز نابێت، سازشی تێدا بکەین، ئازادیی بیروڕا دەربڕینە. **نابێت هیچ شتێک بە جێگیر و نەگۆڕ بزانین**، با گابەردێک سەدانساڵیش بێت، چۆکی لەسەر سنگمان دادابێت، وەلێ مافی ئەوەمان هەیە، هەوڵی لەقاندن و تەنانەت لابردنیشی بدەین. ئەگەر بڕوامان بە شتگەلی جێگیر و نەگۆڕ هەبێت، داهاتوویشمان وەک ڕابردوومان تاریک دەبێت. **بۆ ئەوەی داهاتوومان ڕۆشن بێت، نابێت لەگەڵ یەکدا کۆک بین، دەبێت ناکۆک بین و بڕوامان بە جیاوازیی هەبێت.** (هیچ دەردێک هێندەی خڕبوونەوەی هەموومان لە دەوری هەمان شت، کوشندە نییە.)[١] پێویستە بە بێدارییەکی ڕەخنەگرانەوە، گوێ بۆ ناوی هەموو بیرمەندێک شل بکەین و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەشەوە سەرنجی نووسینی بدەین.

(نالی) شیعری (کلاسیک)ی گەیاندە لوتکە، (گۆران) ئەگەرچی لە بواری کلاسیکدا، شیعری باڵای وەک: (تاوێ نەگەڕا)یشی[٢] نووسی، وەلێ هیچ گومانی لەوە نەبوو، لە بواری کلاسیکدا هەرچی بکات، پێش نالی ناکەوێت، بۆیە ڕێیەکی دیکەی بەرەو لوتکە هەڵکشانی گرتە بەر. ئەو شاعیرانەشی شوێن پێی (گۆران)یان هەڵگرت، هیچیان لەویان تێ نەپەڕاند، بۆیە نەوەی دوای نەوەی گۆران ڕێیەکی جیاواز لە ڕێی گۆرانیان

هەڵبژارد، ئاخر **شاعیری داهێنەر پێویستە بەردەوام هەوڵی تێپەڕاندنی ئەوانی پێش خۆی و تەنانەت خودی خۆیشی بدات.**

ئەوی شیعر بە نەمریی دەهێڵێتەوە، شیعربوون، یان بەهای شیعریی دەقەکەیە، بە چاوپۆشین لەوەی بە شێوەی ستوونی، کێشی پەنجە، یان بە پەخشان نووسراوە. (ئەگەرچی بە گشتی، ئەو شیعرانەی بۆ بۆنەیەکی دیاریکراو دەنووسرێن، زوو دەمرن، کەچی شاعیری داهێنەر تەنانەت کە شیعر بە بۆنەیەکیشەوە دەنووسێت، هەر بە نەمریی دەمێنێتەوە.)[٣] **شیعری شاعیری داهێنەر، نە سنووری زمانێک دەناسێت و نە تایبەتە بە زەمانێک و نە لە شوێنێکدا گیر دەخوات.** شاعیری داهێنەر لە زێد و زەمانی خۆیدا، بە زمانی خۆی دەنووسێت، کەچی بە زمانگەلی دیکە و لە وڵاتانی تر و لە زەمانی دوای خۆیشیدا هەر پێشوازی لە شیعری دەکرێت. شاعیری داهێنەر لە نەوەی پێش خۆی تێ دەپەڕێنێت و نەوەی دوای خۆیشی تووشی سەرسووڕمان دەکات.

ئەوە ئاساییە کە ژیان و بەرهەمی شاعیری داهێنەر پڕ بێت لە ناکۆکی، ئاخر شاعیریش ئینسانە و ژیانی هەموو ئینسانێکی ڕاستەقینەیش لە ناکۆکی بەدەر نییە، (ئەوانەی بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە هەرگیز لەگەڵ خۆیاندا تووشی ناکۆکی نەهاتوون، ئینسانگەلی ساختەن، نەک ڕاستەقینە،)[٤] ئینسانگەلێکن نازانن داهێنان بەری چ درەختێکە، ئاخر ناکۆکی هەوێنی گەشەسەندن و مەرجی داهێنانە.

ئەوە منم نابینا سەرنجی شیعرم دەدات و
نابیست[٥]یش گوێی لە وشەم دەبێت.[٦]

شاعیری داهێنەر، لووتی بڵند نییە، وەلێ شکۆمەندیی خۆی دەپارێزێت، نە ستایشی دەستڕۆیشتووان دەکات و نە لە هەموو خوانێک دەخوات. موتەننەبی گەرچی شاعیرێک بووە، تا بڵێیت هونەرمەندانە



گەمەی بە وشە کردووە، وەلێ ناوبەناو ئاوڕووی شیعری بردووە، ئاخر هەر بەو ئاسانییەی ئەمڕۆ ستایشی فلان دەسەڵاتداری کردووە، سبەینێ بای داوەتەوە و چی قسەی زبری زانیوە، ئاڕاستەی کردووە! گا پەسنی (سەیفی دەولە)ی داوە و گا هەجووی کردووە، سەبارەت بە (کافوور)یش هەر هەمان هەڵوێستی هەبووە. **شاعیری داهێنەر کەم یان زۆر، ئینسانێکە عەبەسی، ئەوی گوێی پێ نەدات، سامان و دەسەڵاتە، بۆیە بەردەوام بێباکانە لە کەناری خەرەند پیاسە دەکات،** ئەوە بۆیە نەک هەر لاقی شیعری بە تەڵەی هیچ ڕەخنەیەکەوە نابێت، بەڵکو چونکە زمانی دیل کردووە، لە هیچ زەمان و شوێنێکدا گیر ناخوات.

٢٠٠٧/٦/٢

---

(١) المفكر التونسي عبدالوهاب المؤدب، انا مدين للعقل اليهودي بشكل كبير، الشرق الاوسط ٢٠٠٧/٥/٣٠ لندن.

(٢) تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بە حیسابم
بێ ناڵە نییە، سانییەیەک تاری ڕوبابم،

(٣) د. جابر عصفور، عن القيمة، الحياة ٢٠٠٧/٥/٣١ لندن.

(٤) شوقي عبدالأمير، متناقض لأنة حقيقي، الحياة ٢٠٠٧/٥/٢٨ لندن.

(٥) (نابیست)م لەبری (کەڕ) بەکارم هێناوە.

(٦) موتەننەبی.

# هونەری شیعر

بۆ ئەوەی بەرهەمت لەم نەوەوە، بگاتە دەستی ئەو نەوە، دەبێت خاوەنی شێوازێکی تایبەتی بیت. ئەگەر هەمیشە وێنەی بازنە بە پەرگاڵ و چوارگۆشە بە ڕاستە بکێشیت، تا ماویت هەر کۆیلە دەبیت. وەک پێشینان دەڵێن، ناتوانیت لە نێو خانوویەکدا، خانوویەکی دیکە بنیات بنێیت. سەروەختی نووسین، نابێت هیچ کلێشەیەک ڕەچاو بکەیت، ئەگەر پێبەندی کلێشە و بەرهەمە دێرینەکان بیت، قەت نابیتە شاعیرێکی ناودار. ئەگەر دوای شاعیرێکی ناودار بکەویت، هەمیشە لە دواوە دەمێنیتەوە، ئەگەر حەرام لە ئەدەبدا هەبێت، ئەوەیە دوای ئەم و ئەو بکەویت.

گەر بخوازیت لە ئەدەبی کلاسیکەوە، فێری نووسینی شیعر ببیت، وەک ئەوە وایە، بە هۆی دەسکەتەورێکەوە، وێنەی دەسکەتەورێک بکێشیت. شاعیر با بە چاوی ڕێزیشەوە سەرنجی ڕێسا دێرینەکان و یاساکانی نووسین بدات، وەلێ هەمیشە خەیاڵی لای نوێکردنەوەی شیعرە. شاعیر لە پێناوی داهێنانی دەنگدا، لە دەرگای بێدەنگی دەدات و لە پێناوی بنیاتناندا، هانا بۆ ڕووخاندن دەبات. شاعیر بە هۆی نووسینی بەردەوامەوە، دەرک بە هەڵە و خەوشی شیعری خۆی دەکات، چاوەڕێی ئەوە نابێت، ئەم و ئەو هەڵە و خەوشی دەستنیشان بکەن.

کە پەخشان دەنووسیت، وەک ئەوە وایە، خەریکی لێنانی برنج بیت، وەلێ کە شیعر دەنووسیت، وەک ئەوە وایە، لە برنج، شەراب چێ بکەیت. برنج بە لێنان شێوەکەی ناگۆڕێت، وەلێ کە دەکرێت بە شەراب، هەم شێوەکەی دەگۆڕێت و هەم خەسڵەتەکانیشی. چێشتی برنج ئینسان تێر



دەکات، وەلێ شەرابی برنج، ئینسان مەست دەکات، دڵشاد، خەمگین و خەمگینیش دڵشاد دەکات.

وێنەکێشی چاک، وێنەی ڕۆح دەکێشێت، نەک ڕوو، شاعیری چاکیش بیرێک پێشکەش دەکات، بێ ئەوەی ناوی بهێنێت. ئەگەر ئەو وێنەیەی کێشاوتە، تەواو لەو شتە دەچێت کە مەبەستتە، ئەوە لێکدانەوەت وەک هی منداڵ وایە بۆ وێنە. ئەوە ئاسانە وێنەی دوو چاوی ماندوو بکێشیت، ئەوە سەختە، ئازاری ناخ بخەیە ڕوو.

ئەگەر شاعیر ڕۆحی دەوڵەمەند بێت، زێڕیش لە کنی هیچ بەهایەکی نییە. شاعیر ئەگەر ڕوون و ئاشکرا بێت، باشترە لەوەی خۆی سەخت و ئاڵۆز نیشان بدات، ئاخر زۆر جار وشەی سووک، هەڵگری مانای قورسە. شاعیر ئەگەر سەیر و سەرسووڕهێن بێت، باشترە لەوەی ئاسایی و ڕووکەش بێت. ئەگەرچی هیچ هێزێک ناتوانێت، گوڵ لە وەرین، ڕزگار بکات، وەلێ شیعر کە تۆڕێکی ڕووناکە لە سۆز، دەتوانێت ڕژێم لە هەرەس، شۆڕش لە نسکۆ، لەشکر لە تێکشکان و ئینسان لە مردن قوتار بکات. لە هەموو ڕستەیەکی شیعریدا، وشەیەکی ئەفسووناوی هەیە کە جوانی بە ڕستەکە دەبەخشێت:

(دڵۆپەی باران، دەنووک لە گەڵای داران دەدات.)

ئەو وشەیەی دێرەشیعرەکەی جوان کردووە، دەنووکە، ئەگەر لەبری ئەو وشەیە، هەر وشەیەکی دیکە دابنێیت، تەواو وەک ئەوە وایە، زێڕت بە زبڵ گۆڕیبێتەوە.(*)

ڕەخنەگر ئازادە چۆن بیر دەکاتەوە و لەبەر ڕۆشنایی کام ڕێبازی ڕەخنەییدا دەنووسێت، بەڵام دەبێت سەرنجی خوێنەر بۆ لایەنە جوانەکان، پەیام و کرۆکی شیعرەکە ڕابکێشێت و ئەوە دەستنیشان بکات کە فڵان شاعیر چی تازەی داهێناوە. وەک چۆن ئەوە ئەرکی ڕۆشنبیرە، یارمەتیمان

بدات، باشتر له دنیا تێبگەین، هەر وایش ئەوە ئەرکی ڕەخنەگرە، کارێک بکات، جوانتر له شیعر تێبگەین.

٢٠٠٧/٥/١١

.............................................

(*) ئەم باسە لەبەر ڕۆشنایی ئەم کتێبەدا نووسراوە: فن الكتابة، تعاليم الشعراء الصينيين، توني بارنستون و تشاو بينغ، ترجمة: د. عابد إسماعيل، دار المدي الثقافة و النشر ٢٠٠٤ بغداد.



## ئەلفوبێی نووسین

چونکە ئەوە تەنیا خۆشەویستییە، وا دەکات بە ژیانەوە پێوەست بین، بۆیە بێجگە لە خۆشەویستی، هیچی دیکە شیاوی ئەوە نییە، خۆمانی لەسەر بە کوشت بدەین.

سەمۆێل بێکیت دەڵێت: **(بۆیە هێندە کەم دەپەیڤم، چونکە هەست دەکەم لە حەقیقەت نزیک دەبمەوە، هەر کە پێی گەییشتم، ئیدی بە تەواوی کڕ دەبم.)** مەرج نییە ئەوانەی کەم دەدوێن، شتی زۆریان پێ بێت، وەلێ نزیکەی هەمیشە، زۆر پەیڤین یەکێکە لە نیشانەکانی هیچ پێ نەبوون. وەک چۆن لە پەیڤیندا درێژدادڕی ڕەنگدانەوەی کورتبینییە و دەبێتە هۆی بێزاریی گوێگران، لە نووسینیشدا خوێنەر شەیدای بەرهەمی ئەو نووسەرانەیە کە بە چڕی دەنووسن و بە کەمترین وشە، زۆرترین مانا بە دەستەوە دەدەن. نووسەری لێزان گەرچی بە کورتی دەنووسێت، وەلێ بەرهەمی بۆ ماوەیەکی درێژ لە یادی خوێنەردا دەژی.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نووسەری دەقی کراوەیە ئەوەیە، ڕێز لە خەیاڵی خوێنەر دەگرێت، ئەوە بۆیە هەموو شتێک ناڵێت و هەندێک شت بۆ زیرەکیی خوێنەر جێ دەهێڵێت، نووسەری دەقی کراوە، لەوێوە دەست پێ دەکات کە خوێنەر نایزانێت و لەوێدا کۆتایی بە باسەکەی دەهێنێت کە ڕێی تێ دەچێت خوێنەر بیزانێت. نووسەری لێزان گەلێک جار، گەرچی هێشتا قسەی پێ ماوە، وەلێ چونکە ڕێز لە ئاوەزی خوێنەر دەگرێت، خۆی دەمکوت دەکات و جڵەویش بۆ کارەکتەرەکانی شل ناکات، بە ئارەزووی

خۆیان بپەیڤن، بەڵکوو ناوبەناو، پێش ئەوەی لە قسەکانیان ببنەوە، سەرکوتیان دەکات.

هایدگەر دەڵێت: (**ڕۆمان کە هاوزەمان لەگەڵ مۆدێرنێتەدا سەری هەڵدا، وای کرد لە جڤاتی ئەورووپاییدا تاک کە پێشتر وەک کۆمەڵ دەژیا، ئیدی وەک تاک بژی.**) هەموو تاکێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ڕۆمان، مێژوو نییە، تا باسی شتە گشتییەکان بکات، ڕۆمان باس لە لایەنە تایبەتییەکانی تاکەکان دەکات، نەک لایەنە گشتییەکانی کۆمەڵ، ئەمە بەو مانایە نییە کە هیچی هاوبەش لە نێوان تاک و کۆمەڵدا نییە، بەڵکوو ڕۆماننووسی لێزان، دەتوانێت لە ڕێی بەسەرکردنەوەی ژیانی تاکێکەوە، مێژووی شارێک، یان تەنانەت میللەتێکیش بگێڕێتەوە.

لێنین دەبێژێت: (**ئەگەر جارێ شۆڕشت دا، تا کۆتایی درێژەی پێ بدە! ئەوانەی لە نیوەی ڕێ، لە شۆڕش پاشگەز دەبنەوە، بە دەستی خۆیان گۆڕ بۆ خۆیان هەڵدەکەنن.**) ئەگەر دەستت بە نووسین کرد و هەستت کرد ئەوی دەینووسێت، بایەخێکی ئەوتۆی نییە، بەو گوتەیەی لێنین فریو مەخۆ! چی زووترە دەست لە نووسین هەڵبگرە و لە بوارێکی دیکەدا خۆت تاقی بکەوە! ئاخر نەبیت بە نووسەر، زۆر لەوە باشترە، ببیت بە نووسەرێکی بێبایەخ. ئەوە مایەی نیگەرانی نییە، نووسەر نەبین، ئەوە مایەی نیگەرانییە و تەنانەت شەرمیشە، خەریکی کارێک بین کە هیچی لێ نەزانین.

(**لە دەرگای وازی شیعرەوە هاتمە نێو دنیاوە، بە هۆی شیعرەوە فێری بیرکردنەوە بووم، ئاخر شیعر پێوەندییەکی پتەوی بە فەلسەفەوە هەیە.**) بەو گوتەیەش فریو مەخۆ! ئاخر شیعر با پێوەندییەکی دێرین و پتەویشی لەگەڵ فەلسەفەدا هەبێت، وەلێ دەشێت، ئەوی بە ناوی شیعرەوە پێشکەشی خوێنەری دەکەین، نەک هیچ لەگەڵ فەلسەفەدا کۆی نەکاتەوە، بەڵکوو فڕی بەسەر شیعریشەوە نەبێت. شیعر چونکە پێش ئەوەی هیچ



شتێکی دیکە بێت، زمانە، بۆیە ئەگەر شیعر وەک زمان هیچی تازە و گرنگی پێ نەبوو، با هەڵگری فەلسەفەیش بێت، هیچ بایەخێکی نییە. ئایا ئەوانەی کتێب ناخوێننەوە، تەنیا ناونیشانی هەندێک کتێب و چەند ڕستەیەکی ئەم یان ئەو بیرمەند لەبەر دەکەن، ئومێدی ئەوە هەیە، شیعرێک بنووسن، پێوەندیی بە فەلسەفەوە هەبێت؟ جەلال ئەمین دەڵێت: (**لە نێو هەموو گاشەبەردێکدا پەیکەرێکی جوانی شاراوە هەیە، ئەوە تەنیا هونەرمەندانن، پەیکەرە جوانە شاراوەکانی نێو حەشارگەی گاشەبەردەکان دەدۆزنەوە.**) ئەرکی سەرەکیی ڕەخنەگری ئەدەب، دەستنیشانکردنی ئەو لایەنە جوانانەیە کە لە هەناوی دەقەکاندا خۆیان حەشار داوە.

٢٠٠٧/٦/٨

# ڕەخنەی خەمناک

(لەسەر کاغەزی سپی پەکم نەکەوتووە،
وەلێ چونکە نە هیچ هەیە خەونی پێوە ببینم،
نە تروسکەیەکی ئومێد بەدی دەکەم،
بۆیە توانای دەربڕین بە هانامەوە نایەت.)

ئالتوسیر هەموو کۆششی بۆ ئەوە بوو، لێ نەگەڕێت، مارکسیزم ببێتە ئایدۆلۆگی، ئاخر پێی وابوو ئایدۆلۆگیش وەک ئایین نەگۆڕە و قابیلی گەشەسەندن نییە. دوژمنی سەرەکیی مارکسیزم ئەوانە بوون کە کردیانە ئایدۆلۆگییەکی جێگیری فەرمی، ئاخر کرۆکی مارکیسیزم کە لە (گۆڕان)دا خەست دەبێتەوە، دژی بە ئایدۆلۆگیکردنی خۆیەتی. کارەسات تەنیا هەر ئەوە نییە، بزووتنەوەیەکی ئایینی، ئێستایش وابەستەی ئەو تێزانە بێت، کە دەیان سەدە پێشتر باو بوون، کارەسات ئەوەشە، بزووتنەوەیەکی مۆدێرن، وەک ئایین سەرنجی بیروباوەڕی خۆی بدات.

یەکێک لەو کێشە ئالۆزانەی، ڕووناکبیری ئەم سەردەمەی وڵاتی دواکەوتوو، بە دەستییەوە دەناڵێنێت، ئەوەیە لە کاتێکدا، وەک زەمان دوا بەرهەم و تازەترین دەستکەوتی ئەم قۆناغەی لەبەر دەستدایە و کەڵکیان لێ دەبینێت، کەچی وەک شوێن، لە جێیەکدا دەژی، دەیان قۆناغ دوای دەستکەوت و داهێنانە تازەکان کەوتووە. پۆڵ ڕیکۆر گوتەنی: (ڕووناکبیری وڵاتی دواکەوتوو، لە بارودۆخێکی، یان وردتر لە زەمان و شوێنێکی پێکەوە نەگونجاودا دەژی، **لە وەختێکدا** ئاگاداری



پێشکەوتووترین فیکرە، **لە جێگەیەکدا** دەژی، هیچ لەگەڵ فیکری پێشکەوتوودا کۆی ناکاتەوە.)[1]

مەحەممەد ماغووت دەڵێت: (**زیندانییەک بووم، لە پێناوی ئازادیدا، ساڵانێکی زۆر، سەرقاڵی لێدانی تونێلێک بووم، کەچی ئەوسەری تونێلەکە، گەیاندمیە سەر زیندانێکی دیکە.**) خەباتی ڕووناکبیری وڵاتی دواکەوتوو، گەلێک جار وەک خەباتی ئەو زیندانییە نائومێدە وایە. ئەوە نییە، ڕۆژانە دەیان گوتار لە دژی تیرۆرکردنی ژن دەنووسرێت و کەچی ژمارەی ژنانی قوربانی، هەر لە هەڵکشاندایە! بە پێچەوانەی بزووتنەوە ئایینییە بەکاوەخۆ، میانڕۆ و توندڕۆکانەوە، کە لە هەوڵی سەپاندنی تاقە کولتوورێکی دێریندان، پۆستمۆدێرنیزم بایەخ بە کولتوورە جیاوازەکان دەدات و خۆی لە چەسپاندنی کولتوورێکی دیاریکراوی نوێ یان دێرین، بەدوور دەگرێت، ئاخر کولتووری داخراو، بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە، بە پێچەوانەشەوە، ئەو کولتوورەی دەرگای بە ڕووی کولتوورەکانی دیکەدا وازە، بەردەوام گەشە دەکات.

نووسەری لاورگە، کەسێکە لەسەر بەرهەم و ناوبانگی نووسەرانی دیکە دەژی. نووسەرێکی داهێنەر دەکات بە ئامانج، بێ سڵەمینەوە و دوودڵی بەرهەمەکانی تاڵان دەکات و دێت بە کەرەسە، ڕستە و دەربڕینی ئەم نووسەری داهێنەرەوە، پەلاماری ئەو نووسەری داهێنەری دیکە دەدات. ڕێ دەکەوێت نووسەری لاورگە، هەمان نووسەری داهێنەر، هەم تاڵان بکات و هەم پەلاماریشی بدات. وەک چۆن دەشێت نزیکترین کەسی خۆمان، گەورەترین زەبرمان لێ بدات، نووسەری لاورگەش دەشێت، بە کام نووسەری داهێنەر زۆر سەرسام بێت، سەرەتا دەست لەو بوەشێنێت. هەرگیز بە هیوای ئەوە مەبن، تووشی نووسەرێکی لاورگەی زارخاوێن ببن، ئاخر ئەوی زەوتکردنی بەری ڕەنجی کەسانی دیکەی، پێ کارێکی ئاسایی بێت،

بەخشینەوەی قسەی ناشیرینیشی، پێ ئیشێکی ڕەوایە.

حیزب هەیە، لەبری ئەوەی ئاسۆی نوێمان بە ڕوودا بکاتەوە و خەباتی بۆ جوانترکردنی ژیان بێت، کەچی لە هەوڵی ناشیرینترکردنی ژیاندایە، گۆرانی بەسەر بالآی ڕابردوودا هەڵدەدات و هەڵسوکەوتی دەکەوێتە خانەی خزمەتی چەسپاندنی گەندەڵییەوە! ڕێکخراوی (سیڤیلسالاری،)[2] هەیە، لەبری ئەوەی بە گژ گەندەڵیدا بچێتەوە، خۆی بەشێکە لە گەندەڵی! ڕۆژنامەنووس هەیە، لافی دژایەتیکردنی گەندەڵی لێ دەدات و داوای ڕیفۆرم دەکات، کەچی مەبەستی سەرەکیی ئەوەیە، بە شێوەیەکی ناڕەوا، بەشێک لە داهاتی نیشتمانی پێ ببڕێت!

٢٠٠٧/٦/١٤

---

(١) فهد الشقيران، ظلمات تطارد المثقف، ٢٠٠٧/٦/١٣ ايلاف.

(٢) (سیڤیلسالاری)م لەبری کۆمەڵگەی مەدەنی بەکار هێناوە.



## شاعیری خەمناک

(دەقی کراوە، زۆر لێکدانەوە هەڵدەگرێت، وەلێ نە خوێندنەوەی دەق، وەک گرتنەوەی قاوە یان خوێندنەوەی دەست وایە و نە ڕەخنەگر فاڵچییە.)

نووسین پێویستی بە مەرەکەبە و تیرۆریش بە خوێن، نووسەر پەیامی خۆی بە وشەدا دەنێرێت و تیرۆریستیش بە خوێندا، ئەوە بۆیە حەجحاج لە ساڵی ٧٥ی کۆچیدا، لە کووفە گوتی: (سەران دەبینم گەییوون و کاتی لێکردنەوەیان هاتووە .. سەیری خوێنی نێوانی مێزەر و ڕیش دەکەم.)[1] ئایین بە خواستی خۆی بێت یان بەدەر لە خواستی خۆی، جیاوازیی لێ پەیدا دەبێت و بەردەوام لەبەر جیاوازیی ئایین، کانیاوی خوێن خوڕەی دێت، وەلێ ئەدەب، هونەر و موزیک، خەڵکانی جیاواز دەکەنە دۆست و خۆشەویستی یەکدی. دەشێت موسڵمانێک، کریستیانێک و جوویەک بە زەبری جادووی هەمان ئاواز سەما بکەن و بە هەمان فیلم یان ڕۆمان سەرسام بن. پێر لاگەرکڤیست لە دەقی (جەللاد)دا کە ١٩٣٣ ئەو ساڵەی هیتلەر دەسەڵاتی گرتە دەست، نووسیویەتی، لەسەر زاری جەللادەوە، دەڵێت: (جێییەک نییە، ڕێی ئینسانی تێ کەوتبێت و من خەڵتانی خوێنم نەکردبێت.)[2] ئەوە قسەی جەللادە لەو تێکستەی (پێر لاگەرکڤیست)دا کە هەر لە قسەکەی حەجحاج دەچێت.

ئەوی نیازی خۆکوشتنی هەبێت، گوێ بە قسەی کۆمەڵ نادات، شاعیریش خۆکوژانە دەنووسێت. ئەوی دووچاری خەمۆکی هاتبێت، دوورەپەرێزی هەڵدەبژرێت، هەست بە هەبوونی دەوروبەر ناکات و بیر لە

داهاتوو ناکاتەوە. چونکە زۆر لایەنی هاوبەش لە نێوان شاعیر و ئەوانەدا کە تووشی خەمۆکی هاتوون، هەیە، ئەوە بۆیە زۆر جار شاعیریش وەک خەمۆک، بیر لە خۆکوژی دەکاتەوە، ئەوە بۆیە بە دەیان شاعیر خۆیان کوشتووە. کە شاعیر وەختێکی زۆر بۆ داڕشتنی ڕستەیەکی جوان تەرخان دەکات و کەسێک نییە بایەخ بە شیعری بدات، ناهەقی نییە، دووچاری نائومێدی و تەنانەت خەمۆکییش ببێت. پارادۆکس ئەوەیە، خۆ بە ڕۆژنامەنووس زان هەیە، توانای داڕشتنی ڕستەیەکی دروستی نییە، کەچی خەو بەوەوە دەبینێت، سەد هێندەی شاعیرێکی داهێنەر ڕووناکی تێ بگیرێت.

نیزار قەبانی دەڵێت؟ (نووسین هونەری خۆ تووشی سەرئێشەکردن و خۆ تێوە گلاندنە، نووسین نە مافوورێکی ئێرانییە، بۆ نووسەر ڕاخرا بێت تا بە سەریدا بڕوات، نە بالیفێکیشە لە پەڕی چۆلەکە، تا سەری تێدا نوقم بکات. نووسەر دەبێت وەک ئەسپێکی کێوی، ڕووت بێت و زین ڕەت بکاتەوە.) نووسەر هەر کە بوو بە بەشێک لە دەسەڵاتێکی نادیموکرات، هەر کە بوو بە کۆیلەی قازانجە تایبەتییەکانی خۆی، ئیدی ناپاکی لە نووسین دەکات و پێی ناکرێت ڕۆڵی نووسەر وازی بکات، ئیدی خەونەکانی پڕ دەبن لە مۆتەکە و ژیانی دەبێتە بیابانێک لە نائومێدی.

زمانی نووسەری داهێنەر لە چوارچێوە دێرینەکاندا گیر ناخوات، نابێتە کۆیلەی ڕەوانبێژی و دەربڕینە دێرینە مردارەوەبووەکان، تاڤگەئاسا دەڕژێتە نێو ژیانەوە. چونکە مولییر، شەکسپیر، گۆتە، گۆڕانکاریی بنەڕەتییان لە زماندا کردووە، بۆیە فەرەنسایی بە زمانی مولییر، ئینگلیزی بە زمانی شەکسپیر و ئەڵمانیایی بە زمانی گۆتە نێوزەد دەکرێت.[٣] بە ڕاست هەقی خۆی نییە زمانی کوردیش، بە زمانی (گۆران) نێوزەد بکرێت؟ ئەگەر زمانی نووسینی ئافرەتێک، بۆن و بەرامەی (مێ)ی لێ نەهات، ئەوا یان نووسەر نییە، یان ژن نییە.



ئەوە شیعری چاکە، ناوبانگ بۆ شاعیرەکەی دابین دەکات. حەسسانی کوڕی سابیت، شاعیرێکی باش نەبوو، ناوبانگی وی زادەی ئەوەبوو، شاعیری پەیامبەری ئیسلام بوو. شاعیری چاک ملکەچی هیچ دەقێکی دەرەوەی ناخی خۆی نییە، وابەستەی ئەو ئینجیلەیە کە لە سنگی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت، ئەوە بۆیە ئەو شیعرەی هەڵقولاوی ناخە، هەمیشە ژیانی لێ دەچۆڕێت و لەسەر زاران و لەبەر دڵانە، وەلێ ئەو شیعرەی گوێڕایەڵی دەسەڵاتێکی دەرەوەی ناخی شاعیرە، مەگەر ئەنتیکخانە داڵدەی بدات. شیعری چاک سەر بۆ هیچ ڕێسا و سانسۆرێک نەوی ناکات، ئاخر ئەگەر وای کرد، ئەوە ڕێسا و سانسۆرن شیعر دەڵێن، نەک شاعیر، ئاخر ئەوسا دیوانی شیعر دەبێتە کۆقەبری هەستی جوان و مانای باڵا.

٢٠٠٧/٦/٢٢

---

(١) أري رؤوسا قد أينعت وحان وقت قطافها .. وإني لأنظر الي الدماء بين العمائم و اللحي.

(2) Pär Lagerkvist, Bödlen, första utgåva 1933 Stockholm.

(٣) فابيولا بدوي، موليير أبو المسرح الكوميدي، دبي الثقافية، ص١٣٠ عدد ٢٥ يوليو ٢٠٠٧ دبي.

# شێوازی نووسین

(سوپاس بۆ ئەو نووسەرەی کارێک دەکات، ژیانم خۆش بوێت و لە مردن نەترسم.)

نووسەری بێتوانا بە سووکەڕەخنەیەک وەک پەڕی دەم بای بەسەر دێت، نووسەری ڕاستەقینە، دەڵێیت داربەڕووە، قەدی هێندە پتەوە، ڕەگی هێندە قووڵ ڕۆ چووە، گەردەلوولی هیچ هێرشێک نایهەژێنێت. **نووسەری گچکە، توانای داگیرساندنی مۆمێکی نییە، نووسەری گەورە، بە تاڤگەی ڕووناکی، لایەنە تاریکەکانی ژیان دەشوات.** نووسین زادەی بەهرە نییە، ئەوی تەنیا پشتی بە بەهرە قایم بێت، وەک ئەو ئینسانە وایە، تازەکی لە ئەشکەوتەوە بەرەو ئاوەدانی هاتبێت، نووسین زادەی خۆ ماندووکردن و ئاشنابوونی کولتووری گەلانی دیکەیە، ئەوی بەردەوام نەخوێنێتەوە و ئاشنای کولتووری گەلانی دیکە نەبێت، نە دەتوانێت شتێکی نەمر بنووسێت، نە دەتوانێت خزمەتێکی بچووکی کولتووری میللەتەکەی بکات. **زۆر بە دەگمەن ڕێ دەکەوێت، نووسەرێک تەنیا یەک زمان بزانێت و توانای گوتنی شتێکی نوێی هەبێت.**

خولیای نووسین، بەردەوام چۆکی لەسەر سنگی نووسەر داداوە، سێبەرێک نییە، نووسەر تاوێک لە سایەیدا بحەوێتەوە، نووسین ئەو تاقەماڵەیە، نووسەر هەموو ژیانی تێدا بەسەر دەبات. **نە کیسەڵ دەتوانێت قاوغی خۆی و نە نووسەریش پێی دەکرێت، ماڵی نووسین جێ بهێڵێت.** نووسینیش وەک باران وایە، بێ خواستنی مۆڵەت دادەکات، وەک با وایە،



دێت و نەک ڤیزە، پاسپۆرتیشی پێ نییە، وەک مەل وایە، نە چاوەڕێی چرای سەوزە و نە سڵ لە چرای سوور دەکاتەوە. نووسین لەو ئاوە ڕوونە دەچێت، کە لە ناخی بەردەوە هەڵدەقوڵێت.[١] **جنۆکەی نووسین دەست لە هەموو کەسێک ناوەشێنێت، کە دەستی لە کەسێک وەشاند، ماڵی هەستی نوقمی پشکۆی حەرف و ئاسمانی خەیاڵی پڕ لە ئەستێرەی وشە دەکات.** بە ڕاست کام دۆکتۆر دەتوانێت وەک دەستۆیفسکی بێ گیروگرفت باسی فێ لێ هاتن بکات؟ کام جەنەڕاڵ توانای ئەوەی هەیە، وەک تۆلستۆی لێزانانە لەمەڕ جەنگ بدوێت؟

لە بەرهەمی نووسەری داهێنەردا، ئەو کاتانەی ژن دەکەوێتە سەنتەرەوە، ژن تەنیا وەک جەستە نمایش ناکرێت، (**ژن هاوزەمان جەستە، ئاوەز و هەستە. لای نووسەری داهێنەر، شتێک نییە بە ناوی سێکس و چێژوەرگرتنی سێکسییەوە، ئەگەر خۆشەویستی هەوێنی نەبێت.**)[٢] لە ڕوانگەی نووسەری داهێنەرەوە، دیوارێک لە نێوان لایەنە ڕۆحییەکان و جەستەییەکانی ئافرەتدا نییە، بەڵکوو ئەو دوو لایەنە تەواوکەری یەکدین. ئەوە ئەرکی نووسەر نییە، بێت ژن ڕووت بکاتەوە و باسی جوگرافیای جەستەی بکات، ئیشی نووسەر ڕووتکردنەوەی کۆمەڵگە و گوتنی ئەو شتانەیە کە زۆربە لێی بێدەنگن.

بە هۆی شێوازی نووسینەوە، ئەدیبان دەناسینەوە. **لە ڕوانگەی چاڕلس بودلێرەوە، شاعیر جادووگەرە و شیعریش جۆرێکە لە جادوو، وەلێ واڵت وایتمان، پێی وایە شاعیر پەیامبەرە و شیعریش شتێکە وەک ئایین.** کۆمەڵەشیعری (گوڵە بەدەکان)ی بودلێر، بۆنی ژن، مەی و تلیاکی لێ دێت، وەلێ کۆشیعری (پەلکەگیا)ی وایتمان بۆنی کێڵگە، ڕووبار و دارستانە چڕەکانی ئەمریکای لێ دێت. ئەمیان شاعیرێکە نوقمی ڕەشبینی، ئەویان خەو بە دنیایەکی جوانترەوە دەبینێت، وەلێ هەردووکیان دوو لوتکەی بڵندی شیعری مۆدێرنن.[٣]

مارسیل پروست لە ڕۆمانی (گەڕان لە دووی کاتی بەفیڕۆچوو)دا، وەخت تێکوپێک دەشکێنێت و سنووری نێوان سەردەمەکان دەسڕێتەوە. وەخت لە ڕۆمانی (ئۆلیس)ی (جیمس جۆیس)دا، لە شەو و ڕۆژێک کەمترە. ئەو دوو نووسەرە ئەگەرچی تەواو جیاواز هەڵسوکەوتیان لەتەک وەختدا، کە ڕەگەزێکی گرنگی چیرۆکنووسینە، کردووە، وەلێ دوو ڕۆمانیان نووسیوە، کە بێ دوودڵی، دەتوانین بە دوو شاکاریان نێوزەد بکەین. **شاکار بەرهەمێکە، نە وابەستەی شوێنێکە نە زەمانێک، سنوورە جوگرافییەکان دەبەزێنێت و دەبێتە مێژوویەکی پرشنگدار.** مارکس دەیگوت: (کرێکار نیشتمانی نییە،) ئێ خۆ (سەرمایەش نیشتمانی نییە،) ئەوە نییە جیهان تەی دەکات و کوێ بخوازێت، ئەوێ دەکاتە نیشتمانی چالاکییەکانی؟ **شاکاری ئەدەبیش سەرمایەیەکە هێژا و دەگمەن، لە وڵاتێکی دیاریکراوادا گیر ناخوات و جیهان نیشتمانییەتی.**

٢٠٠٧/٦/١٧

(١) ناڕاستەوخۆ سوودم لە دوو سێ ڕستەی (غادە سەممان) وەرگرتووە. غادة السمان ، حب، ص٢٤ منشورات غادة السمان، الطبعة العاشرة ٢٠٠١ بيروت.

(٢) محمد برادة، المرأة و الصبي ٢٠٠٧/٦/١٦ الحياة.

(٣) عبدالقادر الجنابي، بودلير و وايتمن وما بينهما من بون ٢٠٠٧/٦/١٥ إيلاف.



## نووسەر و نووسین

عەرەب کۆمەڵێک دیالێکتی هەیە، وەلێ چونکە زمانی نووسینی هاوبەشیان هەیە، کێشەکەیان وەک هی کورد سەخت نییە کە کۆمەڵێک دیالێکتی هەیە و زمانێکی هاوبەشی نییە، هەر بۆیە نووسەری عەرەب زووتر لە هی کورد دەگاتە خوێنەرانی. زمانە هاوچەرخەکانی ئێستای ئەوروپا، کۆمەڵێک دیالێکتی زمانی لاتینی کۆنن. بۆ گەلانی ئەوروپا وا باشتربوو، وابەستەی زمانە لاتینییەکە ببوونایە، نەک زاراوە ناوچەییەکان، بۆ کوردیش باشتر وایە، چی زووترە لەسەر زمانێکی ستاندارد ڕێک بکەون و دەستبەرداری دیالێکتە جۆراوجۆرەکان بین. نووسەری ڕاستەقینە کە هەر زوو دەبێتە خاوەنی دەنگێکی جیاواز، لە زبندانی (زاراوە)ی ناوچەیەکدا گیر ناخوات، بە (زمان)ێکی بالا دەنووسێت.

ئەو گابەردە سەختەی بەرگەی زەبری قوڵنگ دەگرێت، بە زەبری دڵۆپەئاو کون دەبێت، وشەی جوانیش بە هەمان کاریگەریەتیی دڵۆپەی ئاو، ڕەقترین دڵ دەسمێت. وەک چۆن ئەوە تەنیا ماسیی مردووە کە وەک ڕێڕەوی ئاو ڕێ دەکات، ئاخر ماسیی زیندوو بە پێچەوانەی ڕێڕەوی ڕووبارەوە خەریکی مەلەیە، وشەی جوانیش هەمیشە بوێرە و بە پێچەوانەی بای چێژی گشتییەوە دەفڕێت. نووسەر و نووسین وەک مانگ و تریفە، یەکتری تەواو دەکەن، نووسەر و نووسین وەک دڵدار و دڵبەر وان، لە سەروەختی لە یەکتری توانەوەدا، وەک شەو و ڕۆژ وان، لە سەروەختی کازیوەدا، وەختێک شەو و ڕۆژ بە جۆرێک تێکەڵی یەکدی دەبن، لێک

جیاکردنەوەیان دەکەوێتە خانەی مەحاڵەوە و مەحیدینی عەرەبی بە (مارەبڕینی مەعنەویی گەردوون،) پێناسەی دەکات.

بەنرخترین سەرمایەی نووسەر وەختە، نووسەر زۆرترین وەختی خۆی بۆ خوێندنەوە، نەک نووسین، تەرخان دەکات، نووسەر زۆر دەخوێنێتەوە و کەم دەنووسێت، زۆر گوێ دەگرێت و کەم دەڵێت. نووسەر قەت بێکار نییە، هەمیشە سەرقاڵە، یان سەرقاڵی خوێندنەوەیە، یان خەریکی نووسینە. نووسەر دەستنوێژ دەگرێت، ئینجا دەست بە نووسین دەکات، بۆ ئەوانەش دەنووسێت کە دەستنوێژ دەگرن، ئینجا دەست بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دەکەن. نووسەر تا قووڵتر بە تایبەتمەندییەکانی نیشتمانەکەیدا شۆڕ ببێتەوە، زووتر سنووری وڵاتەکەی دەبەزێنێت و بە ئاسمانی جیهاندا لە شەققەی باڵ دەدات.

نووسەری ڕاستەقینە کەسێکە، سەروەختی نووسین، کڕنووش بۆ هێزی هێچ ڕێسایەک نابات، سڵ لە سەرکێشی ناکاتەوە و خۆی لە مەترسی نادزێتەوە، بەرەو ڕووی دەبێتەوە. نووسەر پێویستە بەردەوام شکۆمەندیی خۆی بپارێزێت، شکۆمەندیی نووسەر شتێکە زۆر جیاواز لە لووتبڵندیی دەسەڵاتدار. نووسەر کەسێکە وەک مێژوو، مێژووی ڕاستەقینە نەک ساختە، گوێ بۆ هەمووان ڕادەدێرێت، وەلێ تەنیا ئەوە دەڵێت کە بە دروستی دەزانێت. نووسەر پێویستە هەڵوێستی هەبێت، دەربڕینی هەڵوێست، پێویستی بە دەنگی بڵند نییە، ئاخر هەمیشە چرپە لە قیژە کاریگەرترە.

کەس گوێی لە هاواری نەجیب مەحفووز نەبووە، وەلێ تا ژیا خاوەنی جوانترین هەڵوێست بوو. ئەو هەڵوێستی خۆی بە شێوەیەکی هێمن دەردەبڕی. ئەو ڕۆمانانەی کە سەر بە ڕێبازی (شەپۆلی هۆش)ن، چونکە زادەی ڕازی دەروون و خۆدواندنن، بۆیە هێندە لە شیعرەوە نزیکن. نەجیب



مەحفووز شاعیرانە هەڵوێستی دەنواند، نەک سیاسەتکارانە، لە بری درێژدادڕی، وەک شاعیرێکی زاڵ، پشتی بە کورتبڕی، بە ڕستەی کورت و چڕ، بە ڕەمزێک کە چەند لێکدانەوەیەک هەڵبگرێت، دەبەست. کار گەییشتە ئەوەی دەسەڵات لە میسر داوایان لێ کرد، ڕەمزەکانی ڕۆمانی (منداڵانی گەڕەک) شی بکاتەوە. ئەرکی سەرەکیی نووسەر، نووسین نییە، بژارکردنی نووسینەکانیەتی، پڕکردنەوەی لاپەڕە نییە، سڕینەوەی ڕستە ناپێویستەکانە.(١)

نووسەر کە وەختی نووسینی هات، دەبێت بەژێر باری نیگەرانییەکەوە، تا ئەوی هەراسانی کردووە، نەینووسێت، ئارام ناگرێت. نووسین ئەوەیە: (بەهرە یان توانای ئەوەمان هەبێت، چیرۆکی ژیانی تایبەتیی خۆمان وا بگێڕینەوە، وەک چیرۆکەکە تایبەت بێت بە ژیانی کەسانی دیکە و چیرۆکی ژیانی کەسانی دیکەش وا بگێڕینەوە، وەک باس لە ژیانی تایبەتیی خۆمان بکەین.)(٢) ئەگەر پێت وابوو، ئەوی من دەینووسم، بەسەرکردنەوەی لاپەڕەیەکە لە ژیانت، یان باسکردنی بابەتێکە کە جێی بایەخی تۆیشە، ئەوسا بە گەرمی پێشوازی لە بەرهەمەکانم دەکەیت، ئەگەر خۆت لە نووسینەکانی مندا نەبینییەوە، زەحمەتە بایەخیان پێ بدەیت.

(١) العربي عدد ٥٧٧ ديسمبر ٢٠٠٦ وزارة الاعلام، الكويت.

(٢) ئۆرهان پامۆک.

## زەریای ئەوین

(ئەی کچی خۆم، ئەی کوڕی خۆم!
ئەگەر توانیت
ئەو کاتانەی کەس باوەڕی پێت نامێنێ،
باوەڕت بە خۆت قایم بێ،
ئەگەر توانیت چاوەڕێ بی،
بێ ئەوەی قەت چاوەڕوانی بێزارت کا،
ئەگەر توانیت ئەو کاتانەی ئەوانی دی ڕاستی نالێن،
ڕاستی بلێیی،
ئەگەر توانیت خۆت وا نیشان بدەی وەک هەی،
ئەگەر توانیت بەردەوام خەون ببینی،
بێ ئەوەی ڕێ بدەی خەون داگیرت کا،
ئەگەر توانیت هەمیشە بیر بکەیەوە،
بەبێ ئەوەی بیرکردنەوە، بکەی بە دوا ئامانجی خۆت،
ئەگەر توانیت تەواو وەک یەک
پێشوازی لە سەرکەوتن و شکست بکەی،
ئەگەر توانیت لە دوای دۆڕاندنی هەر چی شکی دەبەی،
دیسان دەست پێ بکەیەوە،
ئەگەر توانیت لە ئەوپەڕی دەسەڵاتا،



لایەنە باشەکانی خۆت لە کیس نەدەی،
ئەگەر خزم، دۆست یان دوژمن، ئازاریان دای و هەڵنەچوویت،
بێ خەم بە! سەرکەوتوو دەبی لە ژیانا،
بێ خەم بە! دەبی بە ئینسان،
ئەی کوڕی خۆم، ئەی کچی خۆم!)[١]

**شاعیری مەزن، وشە بە مانای نوێ ئاوس دەکات، شاعیرۆکە وشە ئەتک دەکات.** ڕووی دەمی شیعر لە هەڵبژاردەیە، نەک زۆربە، شیعری ڕاستەقینە نە ئەم یان ئەو نەوەی شیعری دەناسێت، نە لەژێر ئاسمانی هیچ ڕێبازێکی ئەدەبیدا جێ بە خۆی دەگرێت. لە شیعری باڵادا فیکر بە جۆرێک تێکەڵی سۆز دەبێت، لێک جوداکردنەوەیان کارێکە مەحاڵ، لە شیعری جواندا، نەک ڕستەیەک، تەنانەت ناتوانین وشەکیش فەرامۆش بکەین.

نە هیچ ڕۆژێک خۆی دووبارە دەکاتەوە،
نە دوو شەو لە یەکدی دەچن،
نە دوو ڕامووسان وەک یەک وان،
نە دوو نیگا.[٢]
وەخت، گەرچی دەست لە هەموو شت وەر دەدا،
بەڵام لەگەڵ دوو دڵداری ڕووت و قووتا
کە ئاوێزانی یەکدی بوون،
هیچ شتێکی پێ ناکرێ.[٣]
کە وشەی (ئاینده) دەڵێم،
دەستبەجێ برگەی یەکەمی
دەبێت بە بەشێک لە مێژوو.

ئەو کاتەی وشەی (هیچ) دەڵێم
خەریکم شتێک چێ دەکەم،
ئاخر شتێک ناناسم ناوی عەدەم بێت.[٤]

**دەڵێن زەریا گەلێ قووڵە،**
**نا، هێندەی ئەوین قووڵ نیە،**
**ئاخر زەریا**
**هیچ نەبێ کەناری هەیە،**
**بەڵام ئەوین، بێ سنوورە.**[٥]

٢٠٠٧/٥/٢٦

.............................................

(١) شیعری ڕۆیارد کیبلینگ، حیکمەت ئەلحاج کردوویە بە عەرەبی، ئیلاف ٢٠٠٧/٥/٢٣

(٢) فیسوافا شیمبورسکا، البدایة و النهایة، هاتف الجنابي، ص١٣ دار المدي ٢٠٠٢ دمشق.

(٣) فیسوافا شیمبورسکا، الشاعر و العالم، ترجمة: هاتف الجنابي، ص٢٢ دار المدي ١٩٩٧ دمشق.

(٤) فیسوافا شیمبورسکا، الشاعر و العالم، ترجمة: هاتف الجنابي، ص١٤٦ دار المدي ١٩٩٧ دمشق.

(٥) الأنامل النحیلة، مختارات من الشعر النساء في الصین، ترجمة: صلاح صلاح، ص٥١ مؤسسة الانتشار العربي. ساڵ و شوێنی چاپی لەسەر نییە.)



## شیعر گوڵێکە خۆڕسک

ئەوی توانای کەویکردنی زمانی هەبێت، بکارێت گەمە بە وشە بکات، بەسەر کێشدا زاڵ بێت، ڕیتمی نوێ دابهێنێت و پاشخانێکی ڕۆشنبیریی فراوانی هەبێت، ئەوە خاوەنی بەهرەی شیعرگوتنیشە. لە هەموو سەردەمێکدا شیعرنووسی بێبەهرە و شاعیری بەهرەدار هەبوون و دەبن. شاعیر هەبووە و هەیە، خاوەنی چەندان بەهرە، شیعرنووسیش هەبووە و هەیە، لە هەموو بوارێکدا بێبەهرە.

تەنیا ئەوی خاوەنی گوێچکەی موزیکایی بێت، بە قووڵی هەست بە جیاوازیی نێوان ڕیتم و ئاوازە جیاوازەکان دەکات. زۆربەی ئەوانەی شیعر بە پەخشان دەنووسن، خاوەنی گوێچکەی موزیکایی نین، پاساوی ئەوانە ئەوەیە، دنیای پەخشان بەرینە و کێش و ڕیتم نابنە سنوور و کۆسپ لەبەردەم شاعیری بە پەخشان نووسدا. ئەوی خاوەنی گوێچکەی موزیکایی نەبێت، ئەو کێشەیەی هەیە، چونکە نە ڕیتمێکی بۆ دەبینرێتەوە، نە کێشێکی بۆ پەیدا دەکرێت، بۆیە زۆر لەوانەی پەخشانەشیعر دەنووسن، دەشێت لە بێبەهرەییەوە بێت، ئەگەر نا شاعیری بەهرەدار، هەست بە هەبوونی ئەو بەربەستانە ناکات. (شەکسپیر) هەموو ئەو شاکارە نەمرانەی بە شیعر نووسیوە. نووسەر دەتوانێت جوانترین تێکست بە پەخشانێک بنووسێت کە شیعری لێ بچۆڕێت، وەلێ ئەو دەقەی بە پەخشان بنووسرێت، چەند باڵاش بێت، دەستی ناگاتە داوێنی بووکی شیعر.

ئەو شیعرە نوێیانەی (گۆران) دەینووسین، ئازاد نەبوون، ئاخر شیعری ئازاد، کێش و سەروا فەرامۆش دەکات و ئەویش هیچ شیعرێکی بێ کێش

و بێ سەروای نەنووسیوە. شیعری ئازاد نە کێشی دێرین ڕەچاو دەکات و نە پاشبەند، بەڵکوو پشت بە ڕیتم و موزیکی ناوەکی دەبەستێت، یان (ت. س. ئەلیەت) گوتەنی: سێبەری کێش ڕەچاو دەکات.

مەرج نییە هەموو زمانێک بۆ نووسینی ئەو شیعرانە بگونجێت کە پشت بە موزیکی ناوەکی دەبەستن، چونکە هەر زمانە و تایبەتمەندییەتیی خۆی هەیە. تازەکردنەوە لە شیعردا کاتێک دەکەوێتە خانەی داهێنانەوە کە زادەی ڕۆشنبیرییەکی قووڵ بێت، ئەگەر نا ئەوانەی نابینایانە لاسایی ئەزموونی شاعیرێکی بێگانە دەکەنەوە، ئەوی دەینووسن، بە داهێنان نێوزەد ناکرێت، چونکە مەرجی یەکەمی داهێنان، ئەفراندنی شێوازی نوێیە، نەک لاساییکردنەوەی شاعیرێکی داهێنەری نوێخواز. وەک چۆن لاساییکردنەوەی (گۆران) نە داهێنانە، نە نوێکردنەوە، هەڵگرتنی شوێنپێی (بودلێر) یان (پاوەند)یش، نە ئەفراندنە، نە تازەگەری.

ئەگەر چی کێش شتێکی نەگۆڕ نییە، وەلێ شیعر هەمیشە کێشی هەیە، ئەوە پەخشانەشیعرە کە کێشی تێدا ڕەچاو ناکرێت. تەنانەت (بۆدلێر) و (ڕامبۆ)یش زێتر شیعریان نووسیوە، نەک پەخشانەشیعر. ئێستایش خوێنەری شیعر لە خوێنەری پەخشانەشیعر زێترە، ئێستایش ڕەخنەگران هێندەی شیعر بەسەر دەکەنەوە، نیو هێندە ئاوڕ لە پەخشانەشیعر نادەنەوە. پەخشانەشیعر تاکتیکە، شیعر ستراتیژ. پەخشانەشیعر گوڵێکە لە پلاستیک، شیعر گوڵێکە خۆڕسک.(*)

---

(*) فوزي كريم، قصيدة النثر، هل من موسيقي خفية عن الأذن؟ المدى عدد (٤٠) ص (١٢٨) دمشق ٢٠٠٣



## سەرەتا وشە هەبوو

تۆماس ستیرنس ئەلیەت (١٨٨٨ - ١٩٦٥) کە ١٩٤٨ خەڵاتی نۆبێڵی وەرگرت، یەکێکە لە شاعیرە هەرە کاریگەرەکانی سەدەی بیستەم. کۆشکی (وێرانەخاک)ی وی، کە لەسەر کەلاوەی ئەفسانە و شیعری دێرین ڕۆنراوە، تا هەنووکەش یەکێکە لە شیعرە زێدە بایەخدارەکان. ئەلیەت لەو هۆنراوە درێژەدا، (کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا ترسناک نیشان دەدات و وەک جڤاتێکی شێواو و نائینسانی کە ڕوو لە نغرۆبوونە، وێنە دەکێشێت.)(١)

ئەپریل دژوارترین مانگە،
لە خاکێکی مردوودا گوڵاڵەسوورە دەڕوێنێت،
دەستی یاد دەکاتە گەردنی ئارەزوو،
کارێ دەکا ڕەگە خەواڵووەکان بە بارانی بەهار پل بدەن،
زستان گەرمی کردینەوە و زەمینی بە بەفری فەرامۆشی پۆشتە کردەوە.
نە درەختی وشکهەڵاتوو سێبەر دەبەخشێ،
نە (کوللە،) ئۆخژن، نە بەردی ڕەقوتەق، خوڕەی ئاو.
(هەرگیز پێم وا نەبوو، مردن ئەو هەموو خەڵکە درووێنە بکا.)(٢)
لە ناخماندا ڕووبار هەیە،
زەریا چواردەوری تەنیوین،
داهاتوو گۆرانییەکە سیسهەڵگەڕاو.
ئەووین، لە دوای ئەو دەستانەوەیە
کە پۆشاکی گریان چنیوە.

تازەکی تێدەگەیت،

مێژوو تژییە لە ڕێگەی فریودەر!

ئەلیەت کێشی دێرینی تێک شکاند، کۆپلەی فەرامۆش کرد و گوتە و وێنەی نوێی هێنایە نێو شیعرەوە. ئەو هەر شاعیر نەبوو، ڕەخنەگر و درامانووسیش بوو، ئۆدن دەڵێت: (ئەلیەت تاکە کەسێک نییە، ماڵێکە سێ کەسی تێدا دەژی، قەشەیەک،[٣] جووتیارێک و منداڵێک.) بۆ ئەوەی ببیتە شۆڕشگێڕێکی مەزن، پێویستە تەمەنت بۆ ئەوە دەست بدات، سەروەختی ڕاپەڕین، بەشدارییەکی گرنگ بکەیت، ئاخر ئەوانەی سەروەختی ڕابوون منداڵن، یان دوای شۆڕش دێنە دنیاوە، چانسی ئەوەیان نییە، ببنە شۆڕشگێڕ. بۆ ئەوەی ببیتە شاعیرێکی پلەی یەکەمیش، تەنیا هێندە بەس نییە خاوەنی بەهرەیەکی مەزن بیت، دەبێت لە سەردەم و شوێنی گونجاویشدا لە دایک ببیت.

مەخابن، ئێمەی پیاوانی پووت،

هەمیشە داکۆکی لە یەکدی دەکەین،

ئێمەی سەر تژی لە پووش،

بە دەنگێکی وشک، وشەی بێمانا بە گوێی یەکدیدا دەچرپێنین،

بە دەنگێک کە لە دەنگی با دەچێت،

کاتێ بەسەر کادا تێدەپەڕێت،

یان لە ترپەی پێی مشک دەچێت،

کە بەسەر شووشەی شکاودا ڕێ دەکا.

لە ڕوانگەی (ڕۆبەرت گرێڤز)ەوە، (پیاوانی پووت،) دوا شیعری باڵای ئەلیەتە و هەق بوو، دوای ئەو کارە جوانە، ئیدی شیعر نەنووسێت. ڕۆمانتیکەکان پێیان بوو، کاری هونەری، ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی



هونەرمەندە و شاعیر بێجگە لە دەنگی ناخی خۆی، گوێ بۆ دەنگی هیچ دەسەڵاتێکی دیکە ڕانادێرێت، وردزۆرس دەیگوت: شیعر زایەڵەی ڕۆحێکی مەزن و خوڕەی خۆڕسکی هەستی بەهێزی شاعیرە. ئەلیەت (کە پێی وابوو، ورووژاندن نە ئامانجی شاعیرە و نە پێوانەیە بۆ سەرکەوتنی،) ئەو تێزەی ڕەت دەکردەوە و دەیگوت: شیعری ڕۆمانتیک، بۆ ئەوانە دەگونجێت، کە پێیان وایە، شیعر زیندەخەوە و زادەی ئارەزووە تایبەتییەکانیانە.[٤]

لای ئەلیەت، ژێدەری سەرەکیی هەموو شاعیرێک، هەڵچوونە تایبەتییەکانیەتی، بەڵام شاعیری گەورە هەر خودی خۆی نا، بەڵکوو سەردەمەکەی خۆیشی دەنووسێتەوە، ئەوە بۆیە (دانتی) دەنگی سەدەی سێزدەیەم و شەکسپیریش دەنگی کۆتاییەکانی سەدەی شازدەیەم بوو. شەکسپیر چونکە دەربڕی ویژدانی سەردەمەکەی خۆی بوو، بۆیە بوو بە ئەو شاعیرە گەورەیە، نەک لە سۆنگەی ئەوەوە کە خاوەنی فەلسەفەیەکی دیاریکراو بوو، ئاخر شیعر ئەڵتەرناتیڤی فەلسەفە نییە.

ئەلیەت دەیگوت: جیاوازیی نێوان شیعری کلاسیک و شیعری ڕۆمانتیک، وەک جیاوازیی نێوان تەواو و ناتەواو، پێگەیشتوو و کرچوکاڵ، ڕێکوپێکی و ئاژاوە وایە. **ئەوە شێوازی بەگەڕخستنی زمانە، گەورە شاعیر لە شاعیرۆکە جوێ دەکاتەوە.** کەس بە نووسینی کۆمەڵێک لیریکی جوان، نابێتە شاعیرێکی مەزن، شاعیری گەورە هەست بە پێوەندیی نێوان دەنگ و مانای پەیڤەکان دەکات، ڕیتم و فەرهەنگی تایبەت بە خۆی دادەهێنێت و نەوەکانی داهاتوو پێڕەوی شێوازی نووسینی دەکەن.

بە لای ئەلیەتەوە، خوێنەری پێگەیشتوو، ئەوە بە لایەوە گرنگ نییە، یەکەم خوێندنەوە لە شیعر تێدەگات یان نا، تەنانەت دەیگوت: (هەندێک

لەو شیعرانەی پێیان سەرسامم، ئەو شیعرانەن کە یەکەمین خوێندنەوە تێیان نەگەییشتووم.) لای (بۆرخیس)یش، شیعری بالآ، (شیعرێکە بە شێوەیەکی جوان، لە مانا خاڵییە، ئەگەر چی ناخوازێت شتێک بڵێت، وەلێ دەروون دەگەشێنێتەوە.) خوێنەری پێگەییشتوو، با بیروباوەڕی شاعیریش پەسەند نەکات، وەلێ هەر چێژ لە شیعرەکەی دەبینێت، ئاخر بەرهەمهێنانی فیکر، ئیشی شیعر نییە، ئاخر شاعیر تەنیا بە مەبەستی گەشەدان بە توانای دەربڕینی (هەست،) هانا بۆ (فیکر) دەبات.

بە زەردەخەنەوە دەچمە ناو باسەکەوە و

گەردوون وەها دەگوشم

هێندەی تۆپێکی بمێنێتەوە،

ئەوسا تۆپی گەردوون

بەرەو پرسیارێک خلۆر دەکەمەوە

لە سەروەختی گیانەڵڵادا بێت.

٢٠٠٧/٢/٢٢

---

(1) Lars Johansson och Anders Melchior, Litteratur historia, s. 182 Akademi förlaget 1982 Nacka.

(٢) دانتی.

(٢) پیاوانی ئایین لە ڕوانگەی ئەلیەتەوە، چاوچنۆک و چووکچڵێسن، نە لە قازانجی ماددی تێر دەبن و نە ماری ئارەزوویان بۆ جەستەی ژن، تاوێک پەپکە دەخوات.

(٤) ت. س. الیوت شاعرا و ناقدا و کاتبا مسرحیا، مجموعة من الدراسات بأقلام طائفة من النقاد البریطانیین و الأمریکیین، إختیار و ترجمة و تقدیم: ماهر شفیق فرید ٢٠٠١ بیروت.



# منداڵانی گەڕەک

ڕۆمانەکانم گۆزەن، کورتەچیرۆکەکانم ئەو پارچە قوڕانەن
که لە کاتی دروستکردنی گۆزەکاندا، لە دەستم بەر دەبنەوە.

١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٤ ئیسلامییەکی توندڕۆ، لە شەقامی (نیل) لە قاهیرە، نووسەری هەرە گەورەی عەرەب، نەجیب مەحفووزی هەشتا و سێ ساڵەی (١٩١١ ـ ٢٠٠٦) کە ١٩٨٨ خەڵاتی نۆبێلی وەرگرتبوو، بە سەختی بریندار کرد. لە دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (منداڵانی گەڕەک)ەوە، کە لە ١٩٥٩دا، بۆ یەکەمین جار چاپ کرا، نووسەری ناوبراو بۆ تیری فەتوای ئیسلامییە توندڕۆکان بوو بە نیشانە. پەلاماردانی نەجیب مەحفووز، سەرئەنجامی هەوڵ و هاندانی ئەو ئیسلامییە تیرۆریستانەی لە بابەتی شێخ عومەر عەبدولڕەحمان بوو کە لەمێژبوو لە ڕێی چەندان کتێب و گوتارەوە خوێنی نووسەریان حەڵاڵ کردبوو.

ئەو شێخە چەندان جار گوتبووی: (ئەگەر سەروەختی بڵاوبوونەوەی منداڵانی گەڕەک، نەجیب مەحفووز کوژرابا، سەلمان ڕوشدی زاتی نەدەکرد، ئایەتە شەیتانییەکان بنووسێت.) ئەگەرچی محەمەد ناجی، ئەو گەنجە توندڕۆیەی، هەوڵی تیرۆرکردنی نەجیب مەحفووزی دا، ڕۆمانی منداڵانی گەڕەکی نەخوێندبووەوە، کەچی لە بەردەمی دادگادا گوتبووی: (هیچ پەشیمان نیم لەوەی کردم و ئەگەر ئازاد بکرێم، هەمدیسان بە هەمان کار هەڵدەسمەوە.)

نەجیب مەحفووز دوای ئەوەی هەشت لیتر خوێنیان تێ کرد، چاک

بووەوە، وەلێ محەممەد ناجی کە یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەو تاقمەی (فەرەج فۆدە)یان تیرۆر کردبوو، لەسەر ئەو تاوانەی لە سێدارە درا. نەجیب مەحفووز کە هۆشی هاتەوە بەر خۆی گوتی: (با هەموو ڕووناکبیران لە دەوری یەک پرەنسیپ کۆ ببنەوە کە ئەویش ئازادییە، ئاخر ڕۆشنبیریی زادەی ئازادییە، با ئاڵای ئازادی بە ڕووی زەبروزەنگدا بڵند بکەینەوە!) هەر زوو جەمال غیتانی گوتی: (ئەو گرووپە تیرۆریستەی دەستی بە خوێنی نەجیب مەحفووز سوور بوو، لقێکە لە درەختی ئیخوان.) ڕۆژنامەی (ئەهالی)یش بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆر، جارێکی دیکە منداڵانی گەڕەکی بڵاو کردەوە.[١]

سەرەتا منداڵانی گەڕەک بە زنجیرە لە (ئەهرام)دا چەند ئەڵقەیەکی لێ بڵاو کرایەوە، وەلێ ئەو ڕۆژنامەیە لەژێر گوشاری (ئەزهەر)دا، بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکەی ڕاگرت. کە دەسەڵات داوای لە نەجیب مەحفووز کرد، مەبەستی کتێبەکەی ڕوون بکاتەوە و نهێنیی کارەکتەرەکانی بدرکێنێت، نووسەر بەو ئەرگومێنتەی لێکدانەوەی کاری ئەدەبی، ئیشی ڕەخنەگرە نەک داهێنەرەکەی، خۆی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی دەسەڵات قوتار کرد.

(گورگ لە براکانم دلۆڤانترە باوکە،

مافی کەسم پێشێل کرد کە گوتم:

یازدە ئەستێرە و خۆر و مانگم بینی کوڕنووشیان بۆ بردم.)[٢] ئایا مەحموود دەروێش کە لەو شیعرەیدا، شاعیرانە مامەڵەی لەتەک ئایەتی چواری سوورەتی یوسفدا: ‹إذ قال یوسف لأبیه یا أبت إنی رأیت احدعشر کوکبا و الشمس و القمر، رأیتهم لی ساجدین.› بۆ باسکردنی پێوەندیی نێوان فەلەستین و وڵاتە عەرەبییەکان کردووە، هیچ سووکایەتییەکی بە کتێبی پیرۆز کردووە؟



لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کڵێسە ڕێی نەدەدا، خوێندنەوەی نوێ بۆ بیروباوەڕی مەسیح بکرێت، ئایا مامەڵەکردنێکی هونەری لەگەڵ ئەو چیرۆکانەدا کە لە کتێبێکی پیرۆزدا هاتوون، دەکەوێتە خانەی کوفرەوە؟ بە گوێرەی دەقی پیرۆز، کە خودا داوا لە فریشتەکان دەکات، کڕنووش بۆ ئادەم ببەن، (ئیبلیس!) بە پاساوی ئەوەی لە ڕووناکی خوڵقاوە، سوجدە بۆ ئادەم کە لە خۆڵ چێ کراوە، نابات. خودا بەو مەرجە بەهەشت بە ئادەم ڕەوا دەبینێت کە لە بەری فلان درەخت نەخوات، وەلێ کە (ئیبلیس) فریوی دەدات و لێی دەخوات، ڕەوانەی زەوینی دەکات.

هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە، کە ٥٥٢ ڕووپەلی قەوارە گەورەیە و هێندە کارەکتەری تێدایە، بە زەحمەت دێنە ژماردن، ئیدریس بە (جەبەلاوی) کە باوکیەتی، دەڵێت: (من کوڕی خاتوونێکم کە یەکێکە لە ژنە هەرە باشەکان، وەلێ (ئەدهەم)ی برام، کوڕی کەنیزەکێکی پێسترەشە، بۆیە دەبێت من بریکاری تۆ بم.)[٣] لەسەر ئەم پەیڤانە جەبەلاوی، ئیدریسی کوڕی لە ماڵی خۆی دەر دەکات. هەر لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا، ئیدریس ئەدهەمی برای فریو دەدات و دەینێرێت بۆ ژوورە تایبەتییەکەی جەبەلاوی، تا سەیری کتێبە سیحراوییەکە بکات، ئەوی نهێنیی هێز و دەسەڵاتی جەبەلاوی تێدا تۆمار کراوە، لەسەر ئەو هەڵەیە، جەبەلاوی ئەدهەمیش دەر دەکات.

لە ڕوانگەی ئیسلامییەکانەوە، جەبەلاوی خودایە، ماڵی جەبەلاوی کە پڕە لە درەخت و گوڵ، بەهەشتە، ئیدریس ئیبلیسە و ئەدهەمیش ئادەم. وەک چۆن ئیبلیس بە خودای گوتبوو: منت لە ئاگر خوڵقاندووە و ئادەم لە خۆڵ، ئیدریسیش بە باوکی دەڵێت: من کوڕی خانمێکی زێدەباشم و ئەدهەم کوڕی کەنیزەکێکی ڕەشە، وەک چۆن ئیبلیس ئادەمی دەستخەڕۆ کرد و لە بەهەشت بە دەرکردنی دا، ئیدریسیش ئەدهەمی برای بە هەمان دەرد دەبات و لە ماڵی باوکی بە دەرکردنی دەدات. (ڕەفاعە)یش کە (باریکەلەیەکی

بالآبەرزی ڕووخسـار نوورانییـە و دلۆڤـانی و نیـانیی لێ دەچۆڕێت،)(٤) کارەکتەرێکی گرنگی ڕۆمانەکەیە و (بە چاکە بە گژ خراپەدا دەچێتەوە)(٥) و جەبەلاوی تەرمەکەی هەڵدەکێشێت و لە باخەکەی خۆیدا بە خاکی دەسپێرێت. بەو پاساوەی خودایش عیسای بۆ لای خۆی بڵند کردووەتەوە، لە کن ئیسلامییەکان، ئەو ڕەفاعەیە، حەزرەتی مەسیحە.

ڕۆمانەکە زێتر ڕیالیستە وەک لەوەی ڕەمزی بێت، ئاخر جەبەلاوی کە ژن و منداڵی هەیە و دەشمرێت، هیچ مەرج نییە، ڕەمز بێت بۆ خودا. منداڵانی گەڕەکیش وەک ڕۆمانەکانی دیکەی نەجیب مەحفووز، ئەوەندە میسرییە تا ئاستی ناوچەگەریەتی، هەر ئەم وابەستەبوونەی نووسەر بە میسرەوە، کارێکی کرد ببێتە نووسەرێکی جیهانی. ئەوەش بۆ خۆی پارادۆکسێکی دیکەیە، سەیید قوتب ئەو ئیسلامییە توندڕۆیەی ١٩٦٦ لە سێدارە درا، لە سێپتێمبەری ١٩٤٤دا، لە گوتارێکدا دەربارەی ڕۆمانی (کفاح طیبە)ی نەجیب مەحفووز دەڵێت: (گەر توانیبام کارێکم دەکرد، ئەو ڕۆمانەی تۆ، بە خۆڕایی بە دەستی هەموو کوڕ و کیژێکی میسر گەییشتبا.) نەجیب مەحفووزیش زۆر بە کتێبی (وێناکردنی هونەری لە قورئاندا)ی سەیید قوتب سەرسام بووە.

نەجیب مەحفووز هەمیشە خاوەنی هەڵوێستی بوێرانە بوو، وەلێ بە هێمنی و بێ ئەوەی کەس بریندار بکات، هەڵوێستی دەنواند. ئەو دەیگوت: (وەک مێژوو بە کە گوێ بۆ هەموو بگۆیەک ڕادەدێرێت وەلێ لایەنی هیچیان ناگرێت و دواتر حەقیقەت بەوانە دەبەخشێت کە توانای ڕامانیان هەیە.) ئەوە تەکنیکگەلی خۆدواندن، چڕکردنەوەی زمان، وێنە و ئاماژەی شاعیرانە، میتافۆر، کورتکردنەوەی ڕستە و خۆپاراستن لە ڕاستەوخۆیی بوون، ڕۆمانەکانی ئەویان لە ڕۆمانی ڕەمزی نزیک دەکردەوە.(٦)

(لەناو کوختەکەدا مۆمێک کزکز دەسووتا، هەر لە هەناسەی نێو سینگی



کەسێک دەچوو لە سەروەختی گیانەڵڵادا بێت.(٧) مەترسە! ترس لە دەست مردن قوتارت ناکات، ژیانت لە کیس دەدات.(٨) هەموو دەستێک چڕنووکاوی، هەموو زمانێک ژاراوی و هەموو دڵێک قیناوییە.(٩) ئەو سەرنجە تووڕانەی لە چاویانەوە، وەک بروسکە چەخماخەیان دا، خێرا لەژێر هەوری پیشخواردنەوەدا بزر بوون.)(١٠)

**چونکە دەقی ڕەمزی لە لێکدانەوەیەک زێتر هەڵدەگرێت، نابێت هیچ لێکدانەوەیەکی ئەو جۆرە تێکستانە وەک حەقیقەت وەربگیرێت، ئەگەر ئەم ڕێسایە ڕەچاو کرابا، ئیسلامییە توندڕۆکان غەزەبیان لە نەجیب مەحفووز نەدەگرت و لەسەر ڕۆمانی منداڵانی گەڕەک، هەوڵی کوشتنی نەدەدرا.**

٢٠٠٧/٣/٢٧

---

(١) د. جابر عصفور، وقائع الجريمة، الحياة ٢٠٠٦/١٢/٣٠

(٢) محمود درويش، ورد أقل، ص٧٧ دار توبقال للنشر ط٢ ١٩٩٠ الدار البيضاء.

(٢) نجيب محفوظ، أولاد حارتنا، ص ١٣ دار الأداب، الطبعة السادسة، بيروت. (ساڵی چاپکردنی لەسەر نییە.)

(٤) نجيب محفوظ، أولاد حارتنا، ص ٢١٨ دار الأداب، الطبعة السادسة، بيروت.

(٥) نجيب محفوظ، أولاد حارتنا، ص ٢٣٤ دار الأداب، الطبعة السادسة، بيروت.

(٦) د. محمود الربيعي، الحلقة الذهبية بي إبداعة، ص ٧٤ العربي عدد ٥٧٧ ديسمبر ٢٠٠٦ الكويت.

(٧، ٨، ٩ و ١٠) نجيب محفوظ، أولاد حارتنا، ص٥٨، ص ٥٤٦، ص٢٢٨، ص١٩١

# زۆربای هەولێری

خوێندنەوەیەکە بۆ کۆشیعری

(پەست وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان)ی ئیسماعیل بەرزنجی.

هەیە پێی وایە، باڵاترین کەرەسەی شیعری، ئەگەر لە ڕاژەی فیکرێکی باشدا نەبێت، شیعرەکە بایەخێکی ئەوتۆی نییە، وەلێ ئەوی شیعرناس بێت، وای بۆ دەچێت، ئەوە زمانی شیعری، وێنەی شیعری و دەربڕینی شیعرین، کرۆکی شیعر پێک دەهێنن، نەک فیکر. دیلان تۆماس دەڵێت: (لە شیعردا دەنگی وشەکان، گرنگترە لە ماناکانیان.) لە (گۆرانی)یشدا، ئاواز لە شیعر و لە (گوتن)یش گرنگترە. شیعر لە پێوەندیی نێوان وشەکان پەیدا دەبێت نەک لە فیکر. لە شیعری نوێدا، کێشی دێرین ڕەچاو ناکرێت، شاعیر لێ دەگەڕێت، کێش و دەربڕین، هاوزەمان پێکەوە هەڵبقوڵێن.

شیعری جوان ئەگەر لێزانێک تەرجومەی بکات، تەواو وەک ئۆرگیناڵ خۆی دەنوێنێت، وەلێ ئەگەر وەرگێڕ، کرۆکی شیعرەکە، لە قاڵبی فۆرمێک بدات کە بە لای خۆیەوە پەسەندە، وەرگێڕانەکەی لە ئۆرگیناڵە دوور دەکەوێتەوە. لە ڕوانگەی (ئۆکتاڤیۆ پاس)ەوە، (هەموو دەقێکی جوان، تەرجومەکردنی دەقێکی دیکەیە.) دەشێت زێدەگۆیییەک بەو بۆچوونەوە دیار بێت، گەر گوتبای، هەموو دەقێکی جوان، گێڕانەوەیەکی دیکەی دەقێکی پێشووترە، بۆچوونەکەی زێتر جێگەی بڕوا بوو.

ئەو سەردەمە بەسەر چوو کە وەک سرووش سەرنجی شیعر دەدرا، وەلێ ئەمە بەو واتایە نییە کە ئەوە خودی شاعیر خۆیەتی، بڕیاری نووسینی شیعر دەدات و جڵەوی کارەکە لە دەستی خۆیدایە، ئاخر زۆر جار لە بەردەم



هەژموونی نووسیندا، شاعیر وەک پەڕی بەر ڕەشەبای لێ دێت. پێم وایە شاعیر کەسێکی هێندە هەستناکە، هەر کە توانای نووسینی شیعری لە دەست دا، هێندە نابات، تووشی خەمۆکی دەبێت، سوپاس بۆ شیعر کە لێ ناگەڕێت، شاعیر بەو دەردە کوشندەیەوە بتلێتەوە. **لەم دنیا قوفڵدراوەدا کە ژیان بە پەرژینی یاسا، ڕێسا، پرۆگرام و پێڕەو تەنراوە، ئەوە تەنیا شیعرە، دەرگا بە ڕووی شاعیردا دەکاتەوە و لێ ناگەڕێت، ببێتە ئینسانێکی قورمیشکراو.**

تۆ کە ئێستا لە باوەشی ژنێکی دیکەدای،
بۆ لێم ناگەڕێی بە ئاسوودەیی بژیم؟
بۆ لێم ناگەڕێی چێژ لە مردن ببینم؟ ل**٣٨**(*)

لە کاتێکدا، هەموو ڕێساکان بە واقیعی ئێستاوە سەرقاڵن، ئەوە هەر شیعرە چاوی بڕیوەتە ئایندە و نەمریی و ئەبەد. ئەوە واقیعە تاڵەکەیە وا لە شاعیر دەکات، جارێک هانا بۆ گاڵتەجاریی بریندارکەر ببات و جارێکی دیکە بە ناسکترین شێوە بێتە گۆ، جارێک خۆی وەک باڵاترین ئینسان بناسێنێت و جارێکی دیکە بکەوێتە سەرکۆنەکردنی خۆی و چیرۆکی ئەو ئازارە دژوارە بگێڕێتەوە کە ویژدانی هەراسان کردووە.

دوو جار کراسی سپیی لەبەر کرد،
جارێکیان بۆ من و ئەویتریش بۆ قەبر. ل**٣٢**

میلان کوندێرا دەبێژێت: (ئەوی وەڵامی هەموو پرسیارێکی لە کن بێت، گێلە.) شاعیر چونکە کەسێکە هۆشیار، قەت بانگەشە بۆ ئەوە ناکات کە خەریکی وەڵامدانەوەی پرسیارە وجوودییەکانە، شاعیر هێشتا لە ورووژاندنی پرسیارێک نەبووەتەوە، پرسیارێکی دیکە قوت دەکاتەوە. **شاعیر بۆ ئەوە نانووسێت وڵاتی فیکری خوێنەر داگیر بکات، بۆ ئەوە دەنووسێت، بیری خوێنەر بە ئازادیی بهێنێتەوە.** سیاسەتمەدار بۆ ئەوە

دەخـوێنێـتـەوە کـە بیـر نەکـاتەوە و بۆ ئەوە دەنووسـێت، کـە ئازادیی بیرکـردنەوەمان لێ زەوت بـکات، وەلێ شاعـیر بۆ ئەوە دەخوێنێتـەوە، کە ئاسـۆی بیـرکـردنەوەی فـراوانتـر بێت و بۆ ئەوەش دەنووسـێت، خـوێنەر بۆ بیرکردنەوە هان بدات.

لە گوڵستانی مندا،
زارۆک، ئەستێرە دەکەن بە کەلاشووشە،
بووک و زاوا، شەوبا دەکەن بە کوللەپەردە. ل٩٨

تەنیا ئەو وەختانە شاعیرین کە تەمەنەمان لە دەوروبەری حەڤدە و هەژدە ساڵیدایە، ئاخر لەو عـومرەدا، رامبـۆ گوتەنی، بیر لە هیچ ناکـەینەوە لە شیعر و لە ئەوین نەبێت. ئەگەر توانیمان پارێزگاری لەو هەستە بکەین کە لەو تەمەنەدا هەمانە، دەتوانین درێژە بە شاعیربوونمان بدەین. شـیـعر نە ڕەگدانەوەی واقیـعە و نە ملکەچی سیـاسـەت و عـەقڵ و لۆگـیک، ئاخـر شیعر شتێکە وەک ئەفسانە و جادوو، قەت خوای شیعر لەوانە نابوورێت کە کانیـاوی ڕوونی شیـعریان بە سیـاسـەت شلوێ کـرد. **شیـعریش وەک ئامێزی ژن، پێش ئەوەی هەوارێک بێت بۆ جەستە، ماڵێکە بۆ گیان.**

نازانم، نە ئێوارەیەکی ساردی کانوونی یەکەم بوو،
نە عەسرێکی درەنگی حوزەیران،
پێی وتم:
چەند بە (مێرسۆ)یە (غەریب)ەکەی (کامۆ) دەچی! ل٣٢

غـەریبی هیـگڵ گـوتەنی، لەو کـاتەوە دەسـتـپێ دەکـات، کە هەست بە دەسـتـەوسـانی دەکـەین، کـە هەست دەکـەین ئەوە خـۆمـان نین، چارەنووسی خۆمـان دیاری دەکـەین، کە هەست دەکـەین، هیـچ ڕۆڵێکی ئەکـتـیـڤـمـان لە دەستنیشانکردنی چۆنییەتیی ژیانی خۆماندا نییە. یان هایدگەر گوتەنی، ئەو کـاتە غـەریبین کـە توانای بڕیاردان و هەڵـبـژاردنی ئایندەی خـۆمـان لە



دەست دەدەین. چی لەوە ئەستەمترە، لەژێر گوشاری ئەو غـەریبییەدا کە لە وڵاتی خۆماندا هەستی پێ دەکەین، بۆ غەریبیی تاراوگە هەڵبێین؟(**)

تۆ بڵێی ئەوەندە (پۆشتە) بم،
یەکەم (پینە)م بیر چووبێتەوە؟ ل٤١

پارادۆکس یەکێکە لە ڕەگەزە دێرینەکانی شیعر، تێیدا کارەسات تێکەڵ بە گاڵتەجاڕی، قین بە ئەوین و کەویبوون بە سەرکێشی دەکرێت. جارێک شاکەسی شیعر، یاخیبوویەکە لە بابەتی گیڤارا و جارێکی دیکە، کەسێکی هێمنە لە چەشنی گـاندی. **کـامـەرانی ئەگـەر هەبێت بە تاڵی قـژی ژنەوە بەندە، شاعیر ئەگەر هەبێت، کەسایەتییەکە وەک زۆربا.** هەوێنی شیعر ئەو گەرموگوڕییەی سەردەمی گەنجییەتی شاعیرە، هەر کە ئاو ئاگرە خامۆش بوو، چرای شیعریش دەکوژێتەوە. **شیعر ژیننامەی شاعیرە، شاعێرێک ڕێز لە خۆی و خوێنەری بگرێت، دەستپاکانە، بە زمانێک کە هاوزەمان پاکژە و ڕۆژانەیی، بیۆگرافیای خۆی دەنووسێتەوە.**

دەبووایە من قەرەج بام،
ژانەسەرم بە بۆنی بەیبوون،
ژانەسکم بە ئاوی ڕێواس چاک ببووناییەوە،
کە نیگەرانییش دایدەگرتم،
زۆربایانە سەمام کردبا. ل٨٩

٢٠٠٧/٨/١١

..........................................

(*) پەست وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان، ئیسماعیل بەرزنجی، دەزگای ئاراس ٢٠٠٧ هەولێر.

(**) د. سلیـمـان العـسکری، نزیف الاغـتـراب، العربی عـدد ٥٨٤ یولیـو ٢٠٠٧ الکویت.

# زمانی ئاوریشم

(ئاوریشم) ڕۆمانێکی نووسەری ئیتالیایی (ئەلیساندرۆ باریکۆ)یە، (ئازاد بەرزنجی) لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی و (بەختیار عەلی)یش پێشەکی بۆ نووسیوە.[1] لە پێشەکییەکەدا کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی ئەلیساندرۆ باریکۆ هەیە، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ سەرچاوەی یان سەرچاوەکانی ئەو زانیارییانە کرابێت، بەمەش خوێنەر لە دەستپاکیی پێشەکینووس دەکەوێتە گومانەوە. ئەوە ئەلفوبێی نووسینە کە نووسەر سەرپشک نییە لەوەی سەرچاوەی زانیارییەکانی دەستنیشان دەکات یان نا، بەڵکوو پێویستە هەمیشە بەوپەڕی دەستپاکییەوە، ناوی هەموو ئەو ژێدەرانە تۆمار بکات کە سوودیان لێ دەبینێت، با کەڵک لێ وەرگرتنەکە لە ڕستەیەک، تەنانەت لە دەربڕینێکیش تێپەڕی نەکردبێت.

هیچ نووسەرێک مافی ئەوەی نییە، بەرهەمی ماندووبوونی نووسەرانی دیکە زەوت بکات و وەک بەری ڕەنجی خۆی بڵاوی بکاتەوە. لە ڕوانگەی خوێنەرەوە ئەو نووسەرانە جێی متمانەن کە سەرچاوەکانی زانیارییەکانیان دەستنیشان دەکەن، ئەو نووسینانە شیاوی بایەخ پێ دانن، کە پشتیان بە چەندان سەرچاوەی جێی باوەڕ، قایمە. لە دیدی خوێنەرەوە، نووسەر بە ناوهێنانی سەرچاوە، گەورە دەبێت، نەک بە پێچەوانەوە. جێی سەرنجە، پێشەکینووس یان خۆی لە دەستنیشانکردنی سەرچاوە نەبان دەکات، یان کە ئاماژەی بۆ دەکات، خوێنەر نازانێت، دێرێک، پەرەگرافێک، لاپەڕەیەک یان زێتری لەو سەرچاوەیەوە وەرگرتووە.

تایبەتمەندییەکەی دیکەی بەرهەمی پێشەکینووس، بە هەند نەگرتنی



زمانی نووسینە، وا ڕاهاتووە بە زمانێکی هێندە هەژار بنووسێت، زێدەگۆیی[2] نییە، ئەگەر خوێنەر بڵێت، دەرۆزەی پێ دەشێت. هەر وەک نموونە، پێشەکینووس وای بۆ چووە، (چەشە) بە مانای (زەوق) دێت، (ل٦ و ل٢٦) ئەگەر چی ئەوە (چێژ)ە کە بە مانای زەوق دێت، وەلێ (چەشە) ئەو پارچە خۆراکەیە کە بۆ گرتنی نێچیر بە تەڵەوە دەکرێت.[3] پێشەکینووس، وا ڕاهاتووە بە(فیلم film) بڵێت (فلیم) و ببوورن! ناچارم بڵێم: پێ دەچێت هێشتا پێی نەزانیبێت، ئەگەر بکەر (کۆ)بوو، دەبێت کرداریش (کۆ)بێت، ئاخر ئەوەتا نووسیویەتی: (ڕووداوەکان ڕوو دەدات. ل١٠)

چونکە زمانی وەرگێڕ لە زمانی پێشەکینووس دەوڵەمەندترە، بۆیە ئەگەر نەختێک زێتر خۆی ماندوو کردبا، یان پێش چاپ، دەقەکەی پیشانی کەسێکی لە خۆی کوردیزانتر دابا، باخی ڕەنجی بە بەرهەمتر دەبوو. لێرە بە دواوە هەندێک سەرنج لەسەر زمانی وەرگێڕ دەر دەبڕم.

(ئەگەر کەسێک لێی بپرسیبایە. ل٣٥) بپرسیبایە دروست نییە، پرسیبا یان بپرسیایە، ڕاستن. (ئەوپەڕی دەریاکان و ئەفریقا. ل٣٥) دەریا فارسییە و ئەفریقایش عەرەبی، زەریا و ئەفریکا، دروستن. زۆر جاری دیکە، خوێنەر بەرەو ڕووی زاراوە و دەربڕینی فارسی و عەرەبی دەبێتەوە، لە بابەتی (جۆرەها، ل٦٨ چەندەها، ل١١٨ ئەرزیەتەکەی، ل٦٨ خەیاڵاتی مەنتیقی، ل٨٨ فەحسی تەبەقەکان، ل١٠١)

(مەکینەیەکی هێنا لە چەرخ و هاندل دروست کرابوو. ل٣٧) (دروست کرابوو) هەڵەیە، پێک هاتبوو، ڕاستە. (بۆ شت فرۆشتن نەهاتبوو، بەڵکوو بۆ شت کڕین هاتبوو. ل٦٩) کورتبڕی لە کاتی وەرگێڕانیشدا گەلێک گرنگە، بۆیە دەبوو بڵێت: (بۆ شت کڕین، نەک فرۆشتن هاتبوو.) (دەموچاویشی گوزارشتی لە هیچ نەدەکرد. ل٦٩) وێڕای ئەوەی گوزارشت

هەڵەیە، گوزارش ڕاستە، دەربڕینەکەش عەرەبییە، دروستتر وابوو بڵێت: (لە دەموچاویشیدا هیچ نەدەخوێنرایەوە.)

(زانایەکی بایەلۆجی. ل٨٧) زانای بایەلۆجی دروست نییە، بە کوردی زیندەوەرناس و بە ئینگلیزیش بایۆلەجیست (biologist)ی پێ دەگوترێت. (شتێک لەسەر ملی چەقێنرا. ل١٢٨) ئەو ڕستەیە پێویستی بە (سەر) نییە. (شتێک لە ملی چەقێنرا،) ڕاستە. (قەراغی دێکە، بەرەو دێکە. ل٩١) دەبوو بنووسێت: دێیەکە یان گوندەکە.

وەرگێڕ بە درێژایی ڕۆمانەکە، خۆی ساغ نەکردووەتەوە، کرداری ڕانەبردوو، بە (ئە) یان بە (دە) بنووسێت، نەک هەر لە هەمان لاپەڕەدا، جارێک بەمیان و جارێک بەوی تریان دەینووسێت، بەڵکوو ڕێ دەکەوێت، لە هەمان ڕستەدا، جارێ بە (دە) و جارێ بە (ئە) دەینووسێت. ل٣٧ لە نووسینی (گوتی) یان (وتی)یشدا، خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە.

(لە تاڵێکی زێڕین دەچوو لە تانوپۆی فەرشێکدا. ل٩٥) مەحاڵە تاقە تاڵێک هەم لە (تان) و هەم لە (پۆ)یشدا بێت. (سێ کچی هەبوو، دووانیان ناویان فلۆرانس و سیلڤی و سێیەمیش ناوی ئاگنس بوو. ل١٥٩) خوێنەر سەرەتا وای بۆ دەچێت، دووانیان هەمان ناویان هەبووە! دەبوو بنووسێت: (سێ کچی هەبوو، ناویان فلۆرانس، سیلڤی و ئاگنس بوو.)

٢٠٠٥/٥/٣١

---

(١) ئەلیساندرۆ باریکۆ، ئاوریشم، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی ٢٠٠٤ چاپی دووەم.

(٢) موبالەغە.

(٣)شێخ محەممەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی دووەم، ل٣٦



## پەنجەرەی باڵدار

کەلێکی قۆچشکاوم دی
لەسەر ڕەوەزێ وەستابوو
بەرانبەر مێژووی دووکەرتم
بانگی ئەدا،
ئەیوت هیچ شوێنێ مەگەڕێن
بۆ پارچەی قۆچی شکاوم
جگە لە ماڵی براکەم.(١)

ئەوە شیعرە، خودی خۆمانی تێدا دەبینینەوە و ڕۆحی هەژارمان دەوڵەمەند دەکات، ئەوە شیعرە لە بازنەی واقیع دەربازمان دەکات و دەرگای دنیای بەرینی خەیاڵمان بە ڕوودا دەکاتەوە، بە هۆی شیعرەوە خۆمان دەناسینەوە، خۆمان نوێ دەکەینەوە و سەرلەنوێ خۆمان بنیات دەنێینەوە. کە جێیەک نییە، ئۆقرەی تێدا بگرین، ئەوە شیعرە دالدەمان دەدات، کە هەست بە تەنیایی دەکەین، ئەو شیعرە، تەمی خەمی تەنیاییمان دەڕەوێنێتەوە، کە هەست بە غەریبی دەکەین، نیشتمانی شیعر بە پیرمانەوە دێت.

شیعر جۆری زۆرە، هەیە کلاسیکە، هەیە ڕۆمانتیک، هەیە ڕیالیستە، هەیە زەینی، هەیە شیوەننامەیە، هەیە لیریک، هەیە ئاڵۆزە، هەیە ئاسان، هەیە ڕەمزییە، هەیە سوریالی، هەیە بەرەنگاری، هەیە گاڵتەجاڕی، هەیە ستایش دەکات، هەیە هەجوو، هەیە سۆفییانە، هەیە سالووکانە، هەیە کۆت و پێوەندکراو، هەیە ئازاد، شیعر هەیە لە ئامێزێکمان دەگرێت تژی لە

سۆز، هەیە هێندە شەڕفرۆشە، دەست دەداتە یەخەمان:

گێژەڵووکەش شیعر ئەنووسێ
بەڵام کە ئەیخوێنیتەوە
تەپوتۆز چاوت کوێر ئەکا و
پووشوپەڵاش داتئەپۆشێ. ل٢٠

شیعر هەیە غەزەلە، هەیە سۆناتا، هەیە هایکۆیە، هەیە دوورودرێژ، هەیە ئایینییە، هەیە سیاسی، هەیە بە شێوەزاری ناوچەیەک دەنووسرێت، هەیە بە زمانێکی ستاندارد، هەیە کورتە وەک چوارینەیەکی خەیام، هەیە درێژە مینا ڕۆمانەشیعرێکی شێرکۆ بێکەس.

شیعر چییە؟ بۆرخیس دەبێژێت: شیعر بریتییە لە موزیک و هەست. هەق وابوو، بڵێت: شیعر بریتییە لە مۆزیک و هەست و خەیاڵ. جیاوازیی لە نێوان خەیاڵی کەسێکی ئاسایی و خەیاڵی شاعیردا، وەک جیاوازیی نێوان ڕۆییشتنی کیسەڵ و فڕینی نەورەس وایە. خەیاڵ گرنگترین ڕەگەزی شیعرە و پێوەندییەکی پتەوی بە سەروەختی منداڵیی شاعیرەوە هەیە. وەک چۆن منداڵ هەر کە پەردە لەسەر شتێکی نوێ هەڵدەماڵێت، هەست بە سەرسامی دەکات، شاعیریش کاتێک بە هۆی خەیاڵی بەرینەوە، شتێکی نوێ دەڵێت، خوێنەر تووشی سەرسامی دەکات. (هەر وەختێک ئەو منداڵەی ناخی شاعیر کە ڕۆڵی چاوگی خەیاڵ وازی دەکات، بمرێت، ئیدی دڵی خەیاڵیشی لە لێدان دەکەوێت و شاعیریش هەستیاریی خۆی لە دەست دەدات و وەک هەر ڕێبوارێکی ئاسایی شتەکان دەبینێت.)[٢]

(حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک) کە دوا بەرهەمی شێرکۆ بێکەسە، بریتییە لە حەفتا شیعری کورت، کە بە زەبری هێزی خەیاڵ، لە پۆلێک باڵدار دەچن لە سەروەختی فڕیندا، نەک وەک کۆمەڵێک پەنجەرەی جێگیر، یان تەنانەت گەڕۆکیش.



لە ڕۆژدا بوو، (شین)ی ساماڵیم کردە بەر،
کە بوویش بە شەو، مانگیش شیعری (شین)ی دامێ. ل٢٦
شیعرێکی گەنجی قژ کەسکم
هەندێ شنەی (شین)ی برد و .. ل٤٥
گیتارەکە خەو بە ئاوازێکی (شین)ی عاشقەوە ئەبینێ. ل٧١
لەناو مۆسیقای (شین)باودا
یان پەلکەگیام، یاخود ماسی. ل٨٣
پەڕەسێلکە یان قومرییە (شین)پۆشەکان. ل١١٤

ئەوە بۆ من جێی سەرنج بوو، کە لە (حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک)دا، بایەخێکی زۆر بە ڕەنگی (شین) دراوە، ڕەنگی شین، کە ڕەنگی ئاسمان و زەریایە، یەکێکە لەو ڕەنگانەی کەسانێکی زۆر حەزی لێ دەکەن و دەشێت سیمبۆل بێت بۆ جوانی و ئەوین، هەر بۆیە زۆرن ئەوانەی ژووری خەوتنیان شین دەچێتەوە. شین ڕەمزیشە بۆ ئاشتی، پشتگیری و هاوکاری، ئەوە نییە، (کە وەڤدێ دەچێتە شوێنێ،) زۆربەیان شینپۆشن. شین چونکە ڕەنگێکی ساردە، هەندێک جار، نیشانەیە بۆ خەمناکی.[٣]

من بڕوام بەو باڵندانە نییە
کە ئامانجیان بە تەنها فڕینە لە پێناوی فڕیندا،
ئەو شەوەی مانگەشەو سوور دیارە
لە شوێنێک عاشقێ کوژراوە. ل٩٢

لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، دەشێت هەر بەیتێک سەربەخۆ بێت، وەلێ لە شیعری نوێدا یەکیەتیی بابەت هەیە، لەو شیعرەدا، یەکیەتیی بابەت ڕەچاو نەکراوە.

ئەگەر مۆسیقا نەبووایە
شیعر هەرگیز باڵی لێ نەئەڕوا. ل٩٣

له (حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک)دا، ئاسمانی خەیاڵ بەرینه، وێنه شیعرییەکان سەرنجڕاکێشن، وەلێ ئەستێرەی موزیک کزکز دەسووتێت.

له پەنجەرەی سی و دووەمدا، ل٥٢ شاعیرێک شیعر بۆ پێشمەرگه دەنووسێت و خۆی سەربازه، شێرکۆ بێکەس لەو هەڵوێستە ناکۆکه، شیعرێکی کۆکی بەرهەم هێناوه.

کۆڕێکیان بوو،
(قزم) دەرچوو. ل ٩٩

یان:

کوڕیش وەک خۆی (بستەباڵا.)ل١٠٠

ئەگەر چی بۆ ڕێزلێنان له کورتەباڵایان ئەو شیعرەی نووسیوه، وەلێ دوو ئاوەڵناوی نێگەتیڤی وەپاڵیان داوه. ئاوەڵناوەکان، هەیانه پۆزەتیڤ، هەیان نێگەتیڤ و هەیانه بێلایەن. قزم و بستەباڵا، نێگەتیڤن، کورتەباڵا، بێلایەنه. ئەگەر به کەسێکی باڵاکورت، بڵێین: قزم یان بستەباڵا، پێی بریندار دەبێت.

هەتاکوو لەناو هەناوما

(یەکەم) نۆبەرەیشیان ئەبێ. ل٢٥ ئەو(یەکەم)ە، زیادەیه، ئاخر نۆبەره هەمیشه یەکەمه.

ئەو وێنانەی من کێشاومن
هەتا ئێستا نەکێشراون،
من هاژەم کێشا نەک (شەپۆل)
سامی چیا، نەک چیا خۆی،
بزەی منداڵ، نەک منداڵ خۆی،
گریانی نان، نەک نانەکه. ل٥١



لەم شیعرەدا، (شەپۆل) بۆ ئەو شوێنه ناشێت، (ڕووبار) دەگونجێت.

له باتی هەور، ئەو ڕۆژه شیعری (هانی) ل٦٠ هانی، وشەی سەر زاری خەڵکی ساکاره، نەک شاعیر، هێنا، گونجاوتره.

پڕوپاگەندەی (میحرار)ی ژێر زمانه. ل٦٥ بریا گەرمیپێو، یان تەرمۆمەتری گوتبا.

ئەو بەچکه باڵدارەی
که ئێستا لەبەردەم (باپووسکەی سەرما)دا، ئەلەرزێ. ل١٠٣

چونکه (باپووسکه،) کڕێوەی بەفره به باوه، وشەی (سەرما) لەو ڕسته شیعرییەدا زیادەیه، ئاخر باپووسکه زۆر له سەرما دژوارتره.

٢٠٠٧/٣/١

..........................................

(١) شێرکۆ بێکەس، حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک، ل١١٧ چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٧ سلێمانی.

(٢) یوسف عبدالعزیز، الخیال المریض، الحیاة ٢٠٠٧/٣/١

(3) David Johnson, Color psychology.

## شاهیدێکی لایەنگر

* ئەستێرەکان دەتگوت گوڵی درەوشاوەن بەسەر کراسە بەرین و تاریکەکەی ئاسمانەوە. ل١٩٤

* ئینسان تەنیا جارێک عاشق دەبێت، خۆ عەشق دۆمینە نییە کە دۆڕاندت، تێ هەڵبچیتەوە. ل٣٦١

* خەون وەکوو عەشق وایە، تۆ دەتوانی تەنیا عاشق ببیت، بەڵام نازانیت ئەو عەشقە چیت بەسەر دێنێت. ل٨٣

* زوڵمی ئینسان، ئینسانێکی تر دەکاتە بەدکار و پیاوکوژ. ل١٥٢

* جەنگ مرۆڤ دەکاتە شەڕەنگێزترین دڕندە و پیسترین مەخلووق. ل٤٢

حەکایەتەکانی باوکم[١] کە دوا کتێبی فەرهاد پیربالە، ڕۆمانێکی چوارسەد و پەنجا لاپەڕەییە، تێیدا وەک ڕۆماننووسێک نەک مێژوونووسێک، ئاخر ڕۆمان بایەخ بەو لایەنانە دەدات کە مێژوو فەرامۆشیان دەکات، دیرۆکی بیست ساڵێکی شاری هەولێر دەگێڕێتەوە. چیرۆکنووسین، هونەری گێڕانەوەیە، نووسەر چونکە هونەرمەندانە چیرۆکی ژیانی هەولێر دەگێڕێتەوە، خوێنەر نەک هەر لە خوێندنەوەی ڕۆمانە درێژەکە بێزار نابێت، بەڵکوو هێندە چێژی لێ دەبینێت، پێی خۆشە تا لە خوێندنەوەی نەبێتەوە، دەستی لێ هەڵنەگرێت.

پێش فەرهاد پیربال، دوو نووسەری دیکە، چیرۆکی دوو شاری تری باشووری کوردستانیان نووسیوەتەوە، حسێن عارف، لە ڕۆمانی (شار)دا، مێژووی پێش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی سلێمانیی بەسەر کردووەتەوە و (سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم)یش، لە ڕۆمانی (ئەڵوەن، ئەمبەر ئەوبەر)دا، مێژووی ساڵانێکی دواتری (خانەقین)ی نووسیوەتەوە. ئەوە ئیشی ڕۆماننووس نییە، بێ لایەنانە، بێ زیاد وکەم، مێژوو وەک خۆی بنووسێتەوە، ڕۆماننووس دیرۆک نانووسێتەوە، دایەلۆگ و تەنانەت شەڕیشی لەگەڵدا دەکات و بە زەبری خەیاڵی زەنگین و فراوان، ژیانێکی نوێی پێ دەبەخشێت، وەلێ بەگەڕخستنی خەیاڵیش، سنووری هەیە، ڕۆماننووس مافی ئەوەی نییە، کۆلکەخوێندەوارێکمان وەک مننەووەر و ترسنۆکیکمان وەک بوێر پێشکەش بکات.

یەکێک لە جۆرەکانی چیرۆک، بە چیرۆکی قارەمان، ناوی دەرکردووە، لەو جۆرە چیرۆکانەدا، نووسەر سەرجەمی توانای خۆی، بۆ خولقاندنی قارەمانێک دەخاتە گەڕ، قارەمانێک کە هێندە لە کەسێکی ڕاستەقینە بچێت، بە نەمریی بمێنێتەوە. فەرهاد پیربال کارەکتەری(شەهابە)ی هێندە لێزانانە بەرجەستە کردووە، نەمریی بۆ مسۆگەر کردووە.

هەندێک ڕۆماننووس بایەخ بە ناخی یان دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان دەدەن، دەشێت نووسین بەو شێوازە، دژوارترین جۆری نووسین بێت، ئەگەر (حاجی پووشۆ) وەک نموونە وەربگرین، دەتوانین بەوپەڕی دڵنیاییەوە، فەرهاد پیربال، لەو بوارەیشدا، بە نووسەرێکی داهێنەر نێوزەد بکەین. لایەنێکی گەشی دیکەی ڕۆمانەکە بایەخدانی نووسەرە بە خەون و تێکەڵکردنییەتی بە واقیع. فەرهاد پیربال ئەگەر چی چارەنووسی بەشێک لە کارەکتەرەکانی داوەتە دەست خەونەکانیان و گەلێک جاریش، داوی بۆ کۆلارەی خەیاڵ شل کردووە، وەلێ هێندە شارەزایانە خەون و خەیاڵی بەگەر خستووە، خوێنەر هیچ گومان لە ڕاستگۆیی وی ناکات.

(تەیموری لەنگ: ئەگەر خۆم بفرۆشم، بە چەند دەمکڕیت؟

کرمانیی شاعیر: به بیست و پێنج دینار.

تەیموری لەنگ: جا خۆ هەر پشتوێنەکەم بایی ئەو پارەیەیە!

کرمانیی شاعیر: ئاخر منیش خەیاڵم لای پشتوێنەکەت بوو، ئەگەر نا، خۆت فلسێک ناهێنێت.)

نووسەر پێویستە بوێر بێت، ئەگەر نا، باشتر وایە، دەست لە نووسین هەڵبگرێت، فەرهاد پیربالّ ئازایانە ڕەوتاری لەگەڵ مێژووی ئەو سەردەمەی کورددا کردووە و بێ سڵەمینەوە، لە ڕوانگەی خۆیەوە، شێخ مەحموودی حەفید و مەلا فندیی بەسەر کردووەتەوە. کرۆکی خەباتی شێخ مەحموود بریتییە لە دژایەتیی ئینگلیز، نووسەر ئەو هەڵوێستەی ئەوی پێ ڕاست نییە. لە کێشەی نێوان مەلا فندیی گەورەپیاوی هەولێر و شەهابەی دەنگبێژیشدا، لایەنی دووەمیان دەگرێت.

ڕۆمانێک با لەسەر ئاستی دنیایش یەکێک بێت لە شاکارەکان، وەلێ هەر نابێتە مۆدێلێک کە نووسەرانی دیکە ناچار بن، لاسایی بکەنەوە، ئاخر هەر ڕۆمانە و هاوزەمان لەگەڵ لەدایکبوونیدا، شێوەی خۆی لە ناخی خۆیەوە هەڵدەقولێت. نوێکردنەوە، تەنیا لە فۆرمی تازەدا ڕەنگ ناداتەوە، بەڵکوو دەبێت هاوزەمان نێوەڕۆک، جیهانبینی و زمانیش بگرێتەوە، نووسەری داهێنەر بە پلەی یەکەم، لە هەوڵی نوێکردنەوەی زماندایە و گیانێکی تازە بە بەر زمانی دێریندا دەکات. لە حیکایەتەکانی باوکمدا، نێوەڕۆک تازەیە، جیهانبینیش هەروەها، وەلێ نووسەر ئەو بایەخەی بەو دوو لایەنەی داوە، بە زمانی نەداوە . هەموو ڕۆمانێک پەیامێکی پێیە، (ئینسان دەبێت خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، خۆی (وەلیئەمر)ی خۆی بێت، دوور لە پۆل بخوێنێت و بە پێچەوانەی ڕێڕەوەی ڕووبارەوە مەلە بکات.) دەشێت پەیامی ڕۆمانەکە لەو ڕستانەدا، چڕ بکەینەوە.

ڕۆماننووس لەسەر زاری (شەهابە)وە دەڵێت: (ئەمان عەردیان هەیە، ئێمە ئاسمان. ئەمان ترومبێلیان هەیە، ئێمە تەنیا قاچەکانمان. ئەمان دەمانچەیان هەیە، ئێمە حەرفەکانمان. ئەمان عەشیرەت لە پشتیانە، ئمێە خودا. ل٣٤٢)



(محەممەد ماغووت)یش دەڵێت:

(ئەوان سێدارەیان هەیە، ئێمە گەردن.
ئەوان مرواریيان هەیە، ئێمە برین.
ئەوان پەنجەرەیان هەیە، ئێمە شەماڵ.
ئەوان خاوەنی پاپۆڕن، ئێمە شەماڵ.)[٢]

ڕۆماننووس هەندێک جار ئەو زانیارییانە پاتە دەکاتەوە، کە پێشتر باسی کردوون، دووبارەکردنەوەیەک کە زیانی بە هونەری گێڕانەوە، چڕی، کورتبڕی و هەڵکشانی گیانی درامای ڕۆمانەکە گەیاندووە و تێکستە تورکمانییەکانی نێو ڕۆمانەکەشی تەرجومەی کوردی نەکردووە. ئەگەر مافی ئەوەم هەبێت پێناسەی فەرهاد پیربالّ بکەم، دەڵێم: (نووسەرێکی فرە چالاکییە، بە خێرایی دەژی و بەردەوام پەلە و هەڵپەیەتی، پەلەی داهێنانی دەقی تازە، هەڵپەی نووسینی ژانری جیاواز.)[٣]

٢٠٠٧/٥/٢٣

................................................

(١) فەرهاد پیربالّ، حیکایەتەکانی باوکم، دەزگای بەدرخان، چ. شڤان ٢٠٠٧ هەولێر.

(٢) أعمال محمد الماغوط، محمد الماغوط، ص ٢٠٧ دار المدي ١٩٩٨ دمشق.

(٣) تزفيتان تودوروف، كثيرون ينتظرون توبتي عن ذنوب لم أقترفها، ٢٠٠٧/٥/٩ الشرق الأوسط.

# ئەو شاعیرەی تخووبی خۆی دەبەزێنێت

منێک کە بە دەست خوێندنەوەی شیعری (دڵشاد عەبدوڵڵا)وە ماندوو دەبم، خوێندنەوەی کتێبی (بەفرەلۆک)(*) کە تێیدا بیرەوەری و ئەزموونی خۆی دەگێڕێتەوە، نەک هەر شەکەتی نەکردم، بەڵکوو چێژێکی زۆریشی پێ بەخشیم. ئەو وەک چۆن لە بواری نووسینی شیعردا، هەوڵ دەدات سنووری خۆی ببەزێنێت، لەم ئەزموونەشیدا، کۆششی بۆ ئەوە کردووە، بە شێوازێکی نوێ، بیرەوەری بنووسێنتەوە.

ڕێ دەکەوێت، دوای خوێندنەوەی کتێبێک، تەنیا یەک دوو ڕستەی جوانیم لە بیر دەمێنێت. ڕستەی جوان، لای من، ڕستەیەکە پێشتر نەمدیبێت، جۆرە پێوەندییەکی نوێ لە نێوان وشەکانیدا هەبێت، تووشی سەرسووڕمانم بکات و بۆ ڕامان هانم بدات. سەرنجی ئەم ڕستە جوانانەی دڵشاد عەبدوڵڵا بدەن!

شاعیر بە ڕەچەڵەک ناچنەوە سەر ئادەم و حەوا، بەڵکوو دەچنەوە سەر هۆمێر و ڤەرجیل. ل١١

شیعر یەکەم هەوڵی تاکە بۆ دەرچوون لە سیحری کۆ. ل١٢

پیشە، نان دروست دەکات، بەڵام خوڵقاندن نان لە بیر دەباتەوە. ل٢٥

زۆربە دەڵێن: (پێویستە سوود لە لایەنە گەشەکانی ڕابردوو وەربگیرێت.) وەلێ دڵشاد عەبدوڵڵا شتێکی جوانتر دەڵێت: (سوود لە ڕابردوو وەربگیرێت بۆ تێپەڕاندنی.) ل٤٢

وەکی تاڤگەیەکی کافوور بەسەر بەردەکانی تەمەنی مندا هاتە خوارێ. ل٤٤



(تاڤگەی کافوور و بەردی تەمەن،) ئەوە زمانێکە شیعری، تۆ بڵێیت شیعر بێ مێتافۆر، لە دایک ببێت؟

درەختێک ئەگەر لە نێوەڕۆیەکدا سێبەری خۆی بۆت ڕاخست، هەتا ماوی دەبێ دوعای بۆ بکەی. ل٣٦

(درەخت سێبەری خۆی ڕا دەخات.) ئەوە ئەو وێنە شیعرییە جوانەیە، لە کن خوێنەر دەمێنێتەوە.،

پێویستمان بە کەمێک بێدەنگییە بۆ قسەفێربوون. ل٤٨

(جاحیز)یش دەڵێت: (ئەوی نەزانێت بێدەنگ بێت، نازانێت گوێ ڕادێرێت، ئەوی نەزانێت گوێ بگرێت، نازانێت بدوێت.)

ئەوەی لە دایک نەسڵەمێتەوە، لە خوداش ناسڵەمێتەوە. ل٦٠

ئاخر چونکە (بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە.)

دڵشاد عەبدوڵڵا هەندێک جار هانای بۆ وشە و دەربڕینی وا بردووە کە تایبەتن بە هەولێر و پێم وایە ئەو وشە و دەربڕینە ناوچەییانە، زیانیان بە کتێبەکەی گەیاندووە.

(کێهان) کۆشک بڵندە، ل٤٩

(کام) بۆ ئەوێ لەبارترە.

(کا) خەڵکی پارەی میوەی هەبوو؟ ل٢٧

(کوا) جوانترە.

(وەکی کو) تابلۆ بێ ڕەنگ و ئەندێشە، بوونی نەبوونە. ل٣٠

(وەک چۆن) زمانی نووسینە.

شاعیر شاران بە دەرزی دەنەخشێنێ نەک بە (دەو)ی شۆڤڵ. ل٣١

بریا (دەم)ی نووسیبا.

سەد حەیف (لۆ) ئەو شوێنانە. ل٥٥

(لۆ) بۆ گوتن دەشێت جوان بێت، لێ بۆ نووسین، نا.

لاشـەی بۆره. ل٥٠ و ٥١ لاشـه، بۆ تەرمی ئینسـان دەست دەدات، بۆ (بۆره) که سەگه، (لاک) دروسته.

من لەبەر دارقەیسییه بریندارەکان ئاگام له هیچ نەمابوو، (شاگەشکه) ببووم. ل٨٧

شاگەشکه، بۆ خۆشییه نەک بۆ خەم. شاگەشکەبوون، بوورانەوه، یان تەنانەت مردنیشه، بەڵام لەوپەڕی (خۆشی)دا.

هەستم به جۆره لاوازییەکی قوتابییه کوردەکان کرد، له بەرانبەر بەعسییەکی لەڕ و لاوازی کەس نازانێ کوڕی کێدا! ل٦٩

بەعسی هەر بەعسییه، لەڕ و لاواز بێت، یان چوارشانه و کەته، بەعسی هەر بەعسییه، ئەگەر کوڕی پیاوێکی خانەدان و ناسراویش بێت.

(دەنووک)ی پاندانەکەم. ل٧٩ پێم وایه، (نووک) ڕاسته.

له ڕێی گێڕانەوەی هەندێک جومگەی ژیانی (خۆمدا). ل٥

وای بۆ دەچم، (خۆمەوه) ڕاسته.

(لەبەر خۆمدا) دەموت. ل٨٩

(لەبەرخۆمەوه)م، پێ ڕاسته.

(گەدەی) بچووکی منداڵیی پێ (تام )خۆش کەم. ل١٤

به هۆی زمان و لووتەوه، هەست به تام و بۆنی خۆراک دەکەین، نەک به هۆی (گەده)وه.

٢٠٠٧/١/٢٦

.............................................

(*)دڵشاد عەبدوڵڵا، بەفرەلۆک، دەزگای ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس ٢٠٠٦ هەولێر.



# نامەیەکی ئەدەبی
# بۆ
# ڕزگار شێخانی

(هەر که گوننار ئێکێلۆف دیوانێکی نوێ چاپ دەکات،
شیعری سوێدی ڕەوتی خۆی دەگۆڕێت.)
یۆرا ئێریکسۆن

(ڕێنیشاندەر بۆ ناخی زەوی)م به وردی خوێندەوه، دەستخۆشیت لێ دەکەم، کارێکی باشت کردووه و دیاره زۆری پێوه ماندوو بوویت. خۆت له قەرەی ئیشێک داوه، به دەگمەن نووسەرێکی کورد زاتی ئەوه دەکات، خۆی لێ بدات، ئاخر وەرگێڕانی شیعر سەختترین جۆری وەرگێڕانه، به تایبەتی شیعری شاعیرێکی وەک گوننار ئێکێلۆف که ڕۆشنبیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووه، که شیعری قووڵی نووسیوه و شیعری چەندان لێکدانەوه هەڵدەگرێت، نەک شیعری ڕووکەشی تاکڕەهەندی. ئەو بوێریی و سووربوونەت لەسەر درێژەدان به وەرگێڕانی کاره شیعرییەکانی ئەو شاعیره بلیمەته، ناڵێم تووشی شۆکی کردم، وەلێ تەواو سەرسامی کردم. دەست خۆش که شاعیرێکی سوێدیت هەڵبژاردووه، نزیک له گیان و کولتووری ڕۆژهەڵاتەوه، شاعیرێک که شاکەسی یەکێک له قەسیده ناودارەکانی، میرێکی کورده، شاعیرێک کارێکی کردووه، زمان شتێک بڵێت که پێشتر نەیگوتووه و به زمانێک بپەیڤێت جیا لەو زمانەی له ئەنجامی زۆر بەکارهێنانەوه، ژەنگاوی بووه، زمانێک که دەڵێیت یەکەمین

جاره تاقی دەکرێتەوە و زمانێک کە لە گوڵێکی کێویی تازە گەشاوە دەچێت، نەک لە گوڵێکی نێو ئینجانەی سیسهەڵگەڕاو

خوێنەر بە هۆی ئەو پێشەکییەوە کە بۆ دیوانەکەت نووسیوە، شارەزای هەموو وێستگە گرنگەکانی ژیانی ئەو شاعیرە دەبێت. پێشەکییەکە ئەگەر چی درێژە وەلێ تا بڵێیت چڕ و پڕە و هیچ درێژدادڕییەکی پێوە دیار نییە. نەهاتوویت وەک لای نووسەری کورد باوە، درێژدادڕی بکەیت، بەڵکوو ئەوپەڕی کورتبڕیت ڕەچاو کردووە و لە هەموو پەرەگرافەکانی پێشەکییەکەدا، زانیاریی پێویست و بەبایەخت بە خوێنەر داوە و نەهاتوویت لە پێناوی گەورە نیشاندانی قەوارەی کتێبەکەدا، زانیارییەکان دووبارە بکەیتەوە، ئەوی بە دێرێک دەگوترێت بە دێرێک گوتووتە نەک بە پەرەگرافێک. ئەوەم زۆر پێ جوان بوو کە لە پێشەکییەکدا گوننار ئێکێلۆفت وەک ئینسانێکی ئاسایی نیشان داوە، نەک وەک سوپەرمانێک.

لایەنێکی گەشی دیکەی کارەکەت ئەوەیە، هاتوویت لە کۆتایی دیوانەکەدا، کۆمەڵێک لایەنی سەختی شیعرەکانت شی کردووەتەوە، ئەگەر وات نەکردبا ئیشەکەت کەلێنی تێ دەکەوت، ئاخر بۆ خوێنەری کورد زۆر ئەستەم دەبوو، ئەگەر نەڵێم مەحاڵ دەبوو، بێ ئەو پەراوێزانە لە مانای شیعرەکانی گوننار ئێکێلۆف نزیک ببێتەوە. گوننار ئێکێلۆف گەلێک جار مامەڵەی لەگەڵ میسیۆلۆژیادا کردووە، دەست خۆش کە هاتوویت ڕەمز و هێما ئەفسانەییەکانت ڕوون کردووەتەوە.

کە لە خوێندنەوەی (ڕێنیشاندەر بۆ ناخی زەوی) بوومەوە، هەستم کرد، لە سینەی گوننار ئێکێلۆفدا دڵێک هەبووە، هەمیشە بە زامداری لێی داوە، هەستم کرد ئەوین خەوبینینە بە جوانییەوە و شیعر پەیامێکە (پەری)یان دەیهێنن. هەستم کرد شاعیر تەنیا بە زمانی گوڵ ناپەیڤێت،



بەڵکوو زۆر جار بە زمانی شەپۆلی زەریا، بە زمانی هاژەی ڕووبار و تەنانەت بە زمانی هەورەبروسکەیش دەنووسێت. هەستم کرد گوننار ئێکێلۆف عاشقێکە سۆفی، عاشقێک لە نێو چاویدا دڵبەرەکەی دەشوات، بە بینایی پۆشتەی دەکاتەوە و بە مژۆڵ قژی شانە دەکات. هەستم کرد گوننار ئێکێلۆف عاشقێکە ڕاستەقینە، لەگەڵ دڵبەرەکەیدا، یەکەم دیدار نیگا دەگۆڕێتەوە، دووەم بینین، پەیڤ و سێیەم دیتن، دڵ.

٢٠٠٧/٨/٣

## جنێو لە ڕێی شیعری درێژ و ڕۆمانی ئەستوورەوە

ئەوە بە ئاسایی دەزانم، گەلێک لە وێبسایتە دێرینە کوردییەکان، هانا بۆ چەکی ئێکسپایەربووی جنێو ببەن، ئەوەشم هەر لە کن ئاساییە، بەرپرسی ماڵپەڕێکی تازە هەڵتۆقیو، پێوەندیی بە دەزگایەکی سەرکوتگەرەوە هەبێت و بۆ زڕاندنی ناو و ناوبانگی ئەم و ئەو، هەمان مێتۆدی دەزگا سیخوڕییەکانی بەعس ڕەچاو بکات، تەنانەت ئەوەشم پێ هەرس دەکرێت، هەفتەنامەی کوردی وایش هەبێت، ساڵانێکی دوور و درێژ، توند توند دەست بە داوێنی جنێوەوە بگرێت و توانای ئەوەی نەبێت، دەستبەرداری ببێت. **ئەوەش بە عاجباتی نازانم، کەسی وا هەبێت، پێی ئاسایی بێت، خۆی ناو بنێت (بەدگۆ) و لە مانگنامەکەیەوە،(١) بەو (نازناو)ەوە کە بە خۆی ڕەوا بینیوە، سەرقاڵی بەخشینەوەی جنێو بێت.** ئەوەم پێ سەیرە، نووسەرێک خۆی بە سەرچاوەی مەعریفە و هەڵگری چراوگی ڕۆشنگەری بزانێت، بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە، سڵ لە بەخشینەوەی جنێو نەکاتەوە!

ئەوەم پێ ئاساییە، کەسانێکی جنێودەری ڕووقایم، لە کەناڵێکی ئەلیکترۆنی یان کاغەزینەوە، بە ناوی خۆیانەوە، بێ دڵەڕاوکێ، بە (گوتار)ی کورت و هی درێژ، جنێو دابەش بکەن، ئەوەیانم هەر زۆر پێ ئاساییە، (پیاوان)ێکی جنێونووسی زراوتۆقیو، بە ناوگەلێکی وەهمییەوە کە هەندێکیان ناوی ژنانەن، لە وێبسایتە دەمشڕەکانەوە، سەرومڕ، بێ ئەوەی پشوویەک بە خۆیان بدەن، ڕۆژانە بە چەکی جنێو، هێرش و پەلاماریان بەردەوام بێت، ئەوەم پێ عاجباتییە، (ئەدیب)ێکی کورد کە خۆی پێ داهێنەرێکی گەورە بێت، لە ڕێی (دەق)ی (ئەدەبی)یەوە، کێشە تایبەتییەکانی بە چەکی جنێو یەکلایی بکاتەوە. **ئایا ئەوە لوتکەی (داهێنان) نییە، هاوزەمان خەریکی نووسینی ڕۆمانێکی ئەستوور، یان دەقێکی شیعریی کراوە بیت کە زادەی (خەیاڵ)ن و ڕقت لە هەر کەسێکی (ڕاستەقینە)یش بێت، تێرجنێوی بکەیت!**

بەختیار عەلی لە (شیعر)ی (ئەی ئەوەی من گوناهبار دەکەیت)دا، ئەم جنێوە زێدەمزرانە، بە هەموو ئەوانە دەدات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، سووکەڕەخنەیەکی ئەدەبییان لێ گرتووە:

(ئەی **گەمژە** لووتی تۆ لەوە **زەلیل**ترە، بۆنی باغی من بکات.
تۆ لە **جنسی مێروولەی خووساوی**، من لە جنسی خودام،
تۆ **پاسەوانی کەلاوەی**، من ئەندازیاری (یۆتۆپیا)م،
تۆ **کڕیاری زبڵخانەی**، من نوور و گڕ و ڕەشەبام.)(٢)

جوێن و مەرایی، دوو ڕووخساری یەک دراون، ئەوە بۆیە جنێوفرۆشان وا ڕاهاتوون، لە کاتێکدا جنێو بە کەسێک دەدەن، مەرایی بۆ یەکێکی دیکە دەکەن. بەختیار عەلی (تەجاوز)ی ئەو ڕێسا دێرینەی کردووە، ئاخر ئەو لە کاتێکدا جنێو بەم و بەو دەدات، ستایشی خۆی دەکات. ئەو لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)یشدا، بە هەموو ئەو نووسەرانەی پێیان وایە، ئەویش وەک هەر ئەدیبێکی دیکە، لەسەروو ڕەخنەوە نییە، دەڵێت:

(هەموو تێکستێکی گەورە، هەمیشە کۆمەڵێک دوژمنی **گەمژەی** هەیە، منیش ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو نووسەرانە نەبووم خەڵکی **گەمژە** بمترسێنن، بە پێچەوانەوە، هێزی خۆم لەوەدا دەبینی کە توانەیەکی سەرسووڕهێنەرم تێدایە، بە پیاوانی **بێدەماغ** پێبکەنم.)(٣) سەرنج بدەن! ئەوانەی ڕەخنەی لێ دەگرن، گەمژە و بێدەماغن، وەلێ خۆی خاوەنی توانایەکی سەرسوڕهێنەرە!

له هەمان ڕۆماندا دەڵێت: (گەر ڕۆژێک ئەو کتێبە دەرچێت، خەڵک ڕەخنە لە من دەگرن، سەد کەس هەن لەسەر ئەم (**کاسبی**)یە دەژین، کە کاسبیی نووسەرە **بێبەهرە**کانە.)[٤] وەک خۆی لە هەمان جێدا ڕوونی کردووەتەوە، مەبەستی لەو (کاسبی)یە، ڕەخنەگرتنە لە زمانی نووسین، کەواتە لە ڕوانگەی وییەوە، هەر نووسەرێک هەڵەیەکی زمانی بۆ ڕاست کردبێتەوە، نووسەرێکی بێبەهرەیە و کاسبی بە نووسینەوە دەکات. یان دەڵێت: (سیاسییەکی **لووت قولاپی** دەناسم، باریکێکی قژڕەشە، کە قسە دەکات، دەنگی لە دەنگی **قەحبە** دەچێت.)[٥]

خوێنەری ئاسایی دەزانێت، مەبەستی لەو سیاسییە، (مەلا بەختیار)ە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، (کوفر)ی کردووە و ڕەخنەی لێ گرتووە. لەو ڕۆماننووسە دەپرسم، ئایا هیچ جیاوازییەک لە نێوان دەنگی ژنانی سێکسفرۆش و ئافرەتانی دیکەدا هەیە؟ ئایا ئەوە سووکایەتیکردن بە ئینسان نییە، بە ژنێک کە هەلومەرجی دژواری ژیان، ناچاری ئەوەی دەکات سێکس بفرۆشێت، بڵێیت: **قەحبە**؟ ئایا گوتنی قەحبە لەبری سێکسفرۆش، لە قسەی ڕۆماننووس دەچێت؟ ئایا خوێنەر بەو پاساوە قایل دەبێت، سبەی ڕۆماننووس بڵێت، ئەو جنێوانە قسەی خۆم نین، هی کەسانی نێو ڕۆمانەکەمن؟ سێکسفرۆشی لە ئەڵمانیا کە نووسەری لێ دەژی، پیشەیەکی یاساییە و سێکفرۆشیش وەک هەر کارمەندێکی دیکە باجی داهات دەدات و ئەوانەی لەو وڵاتە بە کۆمەکی سۆشیال دەژین، بڕێک لەو پارەیەی بژێوییان بۆ دابین دەکات، ئەو باجەیە کە سێکسفرۆشان دەیدەن.[*]

٢٠٠٧/٨/١٨

............................................

(١) (کە بە داخەوە ناوی بنەماڵەیەکی لێ ناوە، ڕۆڵی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا، بەرچاوە، ئاخر ئەوە وێڕای بازرگانیکردن بە ناو و ناوبانگی ئەو بنەماڵە هێژایەوە، سووکایەتیکردنیشە بەو ماڵباتە.)

(٢) بەختیار عەلی، تا ماتەمی گوڵ، تا خوێنی فریشتە، کۆی بەرهەمە شیعرییەکان ١٩٨٣ ـ ٢٠٠٤ ل٤١٣ چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٦ سلێمانی.

(٣) بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل١١ چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٥ سلێمانی.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٢١١

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٤

(*) بۆ شارەزایی زێتر دەربارەی ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، کتێبی (شاری دەستە و تاقمەکان)ی (شارام قەوامی) بخوێنەوە!

## لوتکەی کۆمیدیای ڕەش

ڕۆشنبیری پراگماتیک، کەسێکە تەنیا بیر لە قازانجی خۆی دەکاتەوە، پێی خۆشە ڕووناکی تەنیا لەسەر خۆی بێت، ددان بە توانای کەسی دیکەدا نانێت، پێی وایە هەرگیز بە هەڵەدا ناچێت و دەخوازێت خوێنەر و ڕەخنەگر وەک دەقی پیرۆز بۆ بەرهەمی بڕوانن. پرۆژەی ڕۆشنبیری، بریتی نییە لە عەرەبییەوە، بەکوردیکردنێکی لاواز و مۆنتاژکردنێکی ناهونەرییانەی بەرهەمی بیری نیچە، فۆکۆ، بارت، دریدا، کامۆ، سارتەر، پۆپەر، جیل دولۆز و بۆدریار. پرۆژەی ڕۆشنبیری نە لاساییکردنەوەی (جابری)یە، نە هەڵگرتنی شوێنپێی کەمال ئەبودیب. لە (ئیمیل زۆلا)وە تا هادی عەلەوی، ڕۆشنبیرێک هەڵنەکەوتووە، خۆی لە سەروو ڕەخنەوە دیتبێت و سووک سەرنجی ئەوانەی دابێت، خۆیان وەک دەروێش لە کنی ناونووس نەکردووە.

(پیاوە گەندەڵەکانی ناو دەسەڵات بە ملیۆنەها دۆلاریان بۆ هاندانی قەڵەمە زرەکان لە دژی ئێمە تەرخان کردووە.)[1] ئایا ئەو قسەیە دوورونزیک پێوەندیی بە ڕاستییەوە هەیە؟ ئایا تەرخانکردنی (ملیۆنەها دۆلار!) بۆ دژایەتیکردنی بەختیار عەلی، بێجگە لە خۆ بە زلزانین و زێدەگۆیی،[2] چی دیکەیە؟ لە ئەو کە خۆیان وەک قارەمانی شەڕی دژەگەندەڵی پێ دەناسێنێت و پێی وایە هەموو گەندەڵکارانی کوردستان لە دژی یەکیان گرتووە، دەپرسم: ئایا ئەوە لوتکەی گەندەڵکاری نییە، لە ئەورووپا بژیت و لە ئاسیا زەوی وەربگریت؟

بەختیار عەلی دەنووسێت: (زوڕناژەن، دەبەنگ، داردەست، خزمەتکار،



قەڵەمی کڕدراو، فسفسپاڵەوان، موزایەدەکاری بەدڕەوشت، نەخوێندەوار، گەندەقەڵەم، قەڵەمی کرێگرتەی پیاوە گەندەڵەکان، درۆ و دەلەسەنووس، چەواشەکار، قسەی پڕوپووچ ، بێنرخ و بازاڕی نووس، پیاوانی دەسەڵات، نۆکەری دەسەڵات، بەکرێگیراو، ڕۆشنبیری زڕ و بێ بەرهەم، قەڵەمی زڕنووس، درۆزن، **بێویژدان**، بوختانچی، ڕەخنەگری سەقەتنووس، قەڵەمی زۆر بچووک،) ئەگەر پێمان وابێت، هەر قەڵەمێک ستایشی کردین، قەڵەمێکی جیددی و بەبڕشتە و هەر قەڵەمێکیش سووکەڕەخنەیەکی لێ گرتین، قەڵەمێکی گەندەنووسە، ئەوا لای کەم شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەین. ئەگەر بەختیار عەلی هەڵوێستی بەهێز بووایە هانای بۆ ئەو زمانە شەڕئانگێز و زێدەزبرە نەدەبرد و ئەو هەموو قسە سووکانەی بەرەو ڕووی ئەوانە نەدەکردەوە کە ڕەخنەیان لێ گرتووە. ئایا کەسێکی لە ڕووی دەروونییەوە هێمن و خاوەن پرۆژەی ڕۆشنبیری، لە هیچ حاڵەتێکدا ناچار دەبێت، هەموو ئەو جنێوانە بەوانە بدات کە لە وەهمەوە بە نەیاریان دەزانێت؟ ئایا لە مێژوودا ڕووی داوە، کەسێک بە زمانێکی هێندە دزێو، پەیڤیبێت و بانگەشەی بۆ ئەوەش کردبێت، خاوەنی پرۆژەی ڕەخنەیی و فیکرییە؟ کۆمیدیای هەرە ڕەش ئەوەیە، دوای ئەو شەڕەجنێوە، دەنووسێت: (ئێمە ئیشمان بۆ ئەوە کردووە، ڕەخنە لە موهاتەرات و شەڕەجنێو و پەلاماری شەخسی دەربچێت.)

لە نووسینەکانی پێشووی بەختیار عەلیدا، زۆر جار بەرەو ڕووی (جاهیل و زبڵنووس) دەبووینەوە، پێ دەچێت بە زەبری کورتەباسێکی بنووسی ئەم دێرانە، وازی لە بەکارهێنانی ئەو دوو زاراوەیە هێنابێت. چاو لە هەموو قسە زبرەکانی دەپۆشم و تەنیا لەسەر وشەی (بێویژدان) دەیهێنمە ژێر گوشاری پرسیارەوە. ئایا ئەوە بێویژدانی نییە، وەک نموونە، شارام قەوامی، تەها ئەحمەد ڕەسووڵ، سەلام عەبدوڵڵا و نووسەری ئەم دێرانە، کە نووسینی ئەویان بەسەر کردووەتەوە، وەک قەڵەمگەلی

بەکرێگیراو، نێوزەد بکرێن؟ ئایا ئەوە بێویژدانی نییە، لە (کۆڵن) بژیت و لە سلێمانی زەوی وەربگریت؟ ئایا ئەوە بێویژدانی نییە، بەختیار عەلی بڵێت، دەسەڵاتی کوردی دژایەتیی منی کردووە؟ بە مەرجێک هەردوو حیزبە گەورەکە، هێندەی خزمەتی ئەویان کردووە، هێندەی ئەویان داوەتە بەر ڕووناکی، نیو هێندەیان بۆ هیچ نووسەرێکی دیکە نەکردووە. نووسەر هەیە، (بە شێرکۆ بێکەسیشەوە،) لە سلێمانی هێندەی ئەو بایەخی پێ درابێت؟ نووسەر هەیە لە هەولێر، (بە مام هەژاریشەوە،) وەک ئەو هەردوو گۆڤاری ڕامان و کاروان، فایلیان بۆ کردبێتەوە؟ نووسەر هەیە بە هەق و بە ناهەق، هێندەی ئەو باش، لەسەری نووسرابێت؟ نووسەر هەیە وەک ئەو، لە ئەڵمانیا بژی و دەسەڵات لە کوردستان زەویی بۆ دابین کردبێت؟

بەختیار عەلی دەنووسێت: (مەگەر کەسێک زەڕەیەک ڕەوشت و ویژدان لە خوێنیدا نەبێت.) پرسیاری من ئەمەیە: ئایا ڕەوشت و ویژدانیش وەک هیمۆگلۆبین لەنێو خوێندان؟ یان دەنووسیت: (لە پێناوی کێشەی میللەتەکەماندا، لە گیرانەوە تا زیندانیمان چەشتووە.) لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ خەباتی خۆی و هاوڕێیەکانی، دەپرسم: ئایا جیاوازیی لە نێوان (گیران و زیندانی)بووندا چییە؟ ئایا ئەوە تراژیدیا نییە، کەسێک توانای ئەوەی نەبێت بە زمانی دایکی، قسەی دڵی بکات و پێی وابێت لەسەروو ڕەخنەوەیە.

ئەوە چییە وای لە بەختیار عەلی کردووە، ئەوە بە مافی ڕەوای خۆی بزانێت، تابوو بشکێنێت، هێڵی سوور ببەزێنێت، سەختترین حەرام وردوخاش بکات و پۆلێک نووسەر بە دەبەنگ لە قەڵەم بدات، کەچی بە کەسی ڕەوا نەبینێت، بۆ نموونە، پێی بڵێت: جوانتر وایە، لەبری (وەرەقەی فشار،)[3] بنووسیت: (کارتی گوشار؟) ئایا نهێنی لەوەدا چییە، بەختیار عەلی لە هەمان نووسیندا، بە زمانێکی نەرم و نیان، بەرپەرچی حاکم



قادری دەسەڵاتداری زەوییەخش دەداتەوە، وەلێ بە زبرترین زمان بە گژ ئەو نووسەرە بێدەسەڵاتانەدا دەچێتەوە، کە ڕەخنەیەکی ئەدەبییان لە شیعرێکی یان ڕۆمانێکی گرتووە؟ ئەگەر وەک دەڵێت، بە ڕۆژی ڕووناک زەویی وەرگرتووە، ئەگەر وەرگرتنی زەوی لە ئاسیا بۆ نووسەرێکی ئەورووپانشین، کارێکە ئاسایی! ئەدی بۆچی کە ئەو نهێنییە ئاشکرا دەبێت، تا ئەوپەڕی هەڵچوون، هەڵدەچێت، جڵەو بۆ سۆز شل دەکات و سڵ لە نووسینی دزێوترین وشە، ناکاتەوە؟[4]

٢٠٠٧/٧/٢

.........................................

(١) ڕوونکردنەوەیەک لە (مەریوان وریا قانیع، بەختیار عەلی و ئاراس فەتاح)ەوە، هاوڵاتی، چاپی هەولێر، ل١٨ ژمارە ٣٣٣ یەکشەممە ٢٠٠٧/٧/١

(٢) موبالەغە.

(٣) ڕوونکردنەوەیەک لە (مەریوان وریا قانیع، بەختیار عەلی و ئاراس فەتاح)ەوە، هاوڵاتی، چاپی هەولێر، ل١٨ ژمارە ٣٣٣ یەکشەممە ٢٠٠٧/٧/١

(٤) بۆیە ڕووی قسەم تەنیا لە (بەختیار عەلی)یە، چونکە ڕوونکردنەوەکە جێپەنجەی (مەریوان وریا قانیع و ئاراس فەتاح)ی پێوە دیار نییە.

# شیری گورگ

سالانێکە بەختیار عەلی، ڕێبین هەردی و مەریوان وریا قانیع، وەک سێ نووسەری عەلمانی، خۆیان بە خوێنەر دەناسێنن، کەچی گۆڤاری (لڤین) کە سەکۆیەکی ئیسلامی سیاسییە، نەک هەر دیمانەی درێژخایەنیان لەگەڵدا ساز دەکات و نووسینیان بڵاو دەکاتەوە، بەڵکوو هێندە متمانەی پێیانە، تەنانەت لاپەڕەی هەمیشەیی و تایبەتیشیان پێ دەبەخشێت! ئایا ئەم هاوکارییەی نێوان ئەو سێ نووسەرە عەلمانییە و ئەو گۆڤارە ئیسلامییە، ناڵێم جێی گومان، وەلێ جێی پرسیار نییە؟ ئایا پێشتر لە هیچ شوێنێکی ئەم سەر زەوینە ڕووی داوە، سەکۆیەکی ئیسلامی، بڵندگۆی خۆی بۆ نووسەرانی عەلمانی تەرخان کردبێت؟

ئەگەر چی دزینی سامان، دزێوترین سیمای گەندەڵگارییە، وەلێ گەندەڵکاری، تەنیا لە دزینی ساماندا ڕەنگ ناداتەوە، وەلێ دزی، هەر ئەوە نییە بە ناڕەوا بەشێک لە داهاتی نیشتمان بۆ خۆمان گل بدەینەوە، زەوتکردنی بەرهەمی بیر و خەیاڵی کەسانی دیکەش هەر دزییە. پێم وایە دزینی سامانی ڕوحی، زۆر لە دزینی سامانی مادیی سامناکترە و ئەگەر دزینی سامان ناپاکی بێت، ئەوا دزینی ڕۆمان، ناپاکیی مەزنە. هێنانی زانیاری لە هەر جێیەکەوە، بێ ئەوەی سەرچاوەکەی دەستنیشان بکرێت، دزێوترین شێوەی گەندەڵکارییە. لەمێژە پۆلێک نووسەر باس لەوە دەکەن کە بۆ نموونە، (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی لە (ساڵی ئاشووب)ی (عەباس مەعرووفی)یەوە وەرگیراوە، (ئیمپراتۆریای وەهم)ەکەی لە (شیعریبوونی عەرەبی)ی (ئەدۆنیس)ەوە هێنراوە، (شاری مۆسیقارە



سپییەکان)ی لە (کەمانچە ڕەشەکە)ی (ماکسین فیرمان)ەوە، خواستراوە، (دواهەمین هەناری دنیا)کەی لە (یاریزانی شەترەنج)ی (ستیڤان شڤایگ)ەوە قەرز کراوە[١] و هێشتا نووسەری بە تۆمەتی بردنی بەرهەمی بیر و خەیاڵی نووسەرانی دیکە گومانلێکراو، تەمی لە دەوری ئەو گومانانە نەڕەواندووەتەوە.

(نووسەر کە سوودی لە ژێدەرێک وەرگرت، دەبێت یان بە ڕاشکاوی ئاماژە بۆ سەرچاوەکە بکات، یان وەک چۆن گورگ دەیان مەڕی خواردووە و لە مەڕ ناچێت، ئەویش ئەو زانیارییانەی کەڵکیان لێ دەبینێت، بە جۆرێک هەرسیان بکات، کەس نەیانناسێتەوە.) ئەمەی گوتم، قسەی خۆم نییە، لە دەیان باس و کتێبی ئەدەبیدا بە شێوازی جیا جیا گوتراوە و دەبێت بێ دوودڵی لە ئاستیدا مل کەچ بکەین. میخائیل باختین وای بۆ دەچێت، (هەموو تێکستێک دەنگدانەوەی هاواری دەقێکی پێش خۆیەتی.) کەواتە ئەوە دەستپاکی و ڕێزگرتنە لە ئاوەزی خوێنەر، ناچارمان دەکەن، دەستنیشانکردنی ژێدەر فەرامۆش نەکەین. ئاماژە نەکردن بۆ سەرچاوە، بێجگە لەوەی گەندەڵکارییە، بە گەوج زانینی خوێنەریشە.

بەختیار عەلی دەڵێت: (هەوڵی گەندەنووس، فێڵێکە بۆ ڕاکێشانی ئێمەی جیدی، بۆ ناو ڕووبەری نزم و بچووک و ڕیوەڵە.)[٢]

نووسەری ناوبراو سڵی لە بەخشینەوەی قسەی سووک نەکردووەتەوە و هەر چی قسەی زبری دوور لە دنیای فیکر و ئەدەب دەزانێت، ڕیزی کردوون، کەچی هێشتا پێی وایە، (ئەو ڕووبەرەی ئیشی تێدا دەکات، نە نزمە، نە بچووکە و نە ڕیوەڵە!) ڕووبەر لەوە نزمتریش هەیە، تۆ بێیت بەو نووسەرانەی ڕەخنەی ئەدەبییان لە بەرهەمەکانت گرتووە، بڵێیت: (دەبەنگ، نەخوێندەوار، گەندەقەڵەم و ڕەخنەگری سەقەتنووس؟)[٣] وێڕای ئەمە، هاندانی نووسەرانی پایەبڵند بۆ خۆپاراستن لە ڕووبەری نزم، یەکێکە لە مۆچیارییەکانی حەزرەتی فیردۆسی بۆ ئەهلی قەڵەم و دەبوو بەختیار

عەلی کە دژی (سەقەتنووسانە،) هەقی ئەو شاکارنووسەی نەخواردبا. ئەو ڕوونکردنەوە درێژەی بەختیار عەلی نووسیویەتی، بریتییە لە ستایش و هێرش، ستایش بۆ خۆی و هێرش بۆ سەر ئەوانەی ستایشیان نەکردووە. ئایا ڕۆشنبیرێک ئاڵای چەسپاندنی دیموکراتی و ڕێزگرتن لە بیروڕای جیاوازی بڵند کردبێتەوە، قەت بیر لەوە دەکاتەوە، لە ڕێی وشەی دزێوەوە، نەیارانی دەمکوت بکات؟ ئایا ئەو وشە دزێوانە، ئەو مەرەکەبە دەهێنن کە لە چاپکردنیاندا سەرف کراوە؟ ئەم هەموو سووکایەتیی بە نووسەری کورد کردنە، ئەو ڕەوتارەی بەعسمان وەبیر دێنێتەوە کە لە ئۆرگانەکەیەوە، بە زنجیرەیەک گوتار، سووکایەتیی بە بەشێکی گرنگ لە خەڵکی باشووری عێراق دەکرد.

ڕێبین هەردی کە بە ناونیشانی: (ئەم هەموو دەبەنگییە چییە؟ وەڵامێک بۆ فسفسپاڵەوانەکەی دەرهێنەری ئاریا،)[٤] بەرسڤی هادی مەهدی داوەتەوە، کۆمەڵێک جنێوی پێ داوە، وەک (کوێر، کەڕ، نەخوێندەوار، بازرگانی وشە، ترسنۆک، فاشیل و بێشەرم!) ئەوەی جێی سەرسوڕمانە لە هەمان نووسینیدا دەبێژێت: (لەو کەسانەم کە حەزم لە شەڕەجنێو نییە! لە کوێ فیکر نەبوو، قەڵەمی منیش لەوێ نییە!) بە مەرجێک تەنیا لە ناونیشانی وەڵامەکەیدا دوو جنێو هەیە: دەبەنگ و فسفسپاڵەوان! (ڕێبوار سیوەیلی)یش داوا لە سەرۆکی حوکوومەت دەکات: گوێچکەی هەندێک سەرۆک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ڕابکێشێت، چونکە (جاهیل) و (چەورە)ن!)[٥] ئایا برەودان بە کولتووری قین بەخشینەوە و تۆڵەسەندنەوە، هەڵگرتنی شوێنپێی ئیسلامی سیاسیی تۆندڕۆ نییە؟ پێم وایە لەمێژە وەختی ئەوە هاتووە، نووسەرانی ڕاستەقینە، جاڕی دابڕان لەگەڵ ئەو زمانە دزێوەدا بدەن.

شۆڕش لە ناو شۆڕشدا، دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا و چیرۆک لە ناوچیرۆکدا، ئەمانە کۆنن، شتی تازە گەندەڵییە لەناو گەندەڵیدا. بە



قسەی بەختیار عەلی، (قوتبە گەورەکانی دەسەڵات بە ملیۆنەها دۆلاریان بۆ ئەو قەڵەمانە سەرف کردووە، کە ئیشیان دژایەتیکردنی وییە.)[٦] منێک کە ئەمە چەند جارێکە ڕەخنەی لێ دەگرم و هێشتا هیچم لەو ملیۆنەهایە پێ نەگەییشتووە، هەقی خۆمە، ئەو ڕەوتارەی قوتبە گەورەکانی دەسەڵات، بە گەندەڵی لەناو گەندەڵیدا نێوزەد بکەم.

بە ختیار عەلی دەڵێت: (ئەوانەی بە پلان پەلامارمان دەدەن، لە هەموو ژیانیاندا، ناتوانن لە ‹وتار›ێکی ئێمە تێبگەن.)[٧]

ئەوەی کە دەسەڵات پلان و پرۆژەی بۆ دژایەتیکردنی ئەو و هاوڕێیەکانی هەبێت، هەر قسەی ڕووتە و گوتنەوەی ئەو پاساوە دێرینەیە کە بەردەوام حیزب و دەسەڵاتی نادیموکرات لە جیهانی سێیەمدا هانای بۆ دەبەن و بە تیۆریی پیلانگێڕیی نێوزەد کراوە، وەلێ ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، کەسانێک هەبن، خەریکی نووسین بن و هیچ ئومێدی ئەوەیان نەبێت بە هەموو ژیانیان لە تاقە وتارێکی بەختیار عەلی تێبگەن، پێویستە سوپاسی دەسەڵات بکات کە هێندە دلۆڤانە، کەسانی وا بێتوانای لە دژی هان داوە. دەقی ئەدەبی چونکە زێتر لە خوێندنەوەیەک هەڵدەگرێت، دەشێت بەد لێی حاڵی ببین، وەلێ کە خوێنەر لە وتارێکی من، حاڵیی نەبوو، ئەوە هەڵەی خۆمە کە نەمتوانیوە، بە زمانێکی دروست، چی دەخوازم، بیڵێم. کە خوێنەر لە هیگڵ و فۆکۆ، لە کافکا و ئێکۆ، لە جۆیس و ڕامبۆ تێبگات و لە من یان لە تۆ، حاڵیی نەبێت، ئەوە زادەی هەڵەی من و تۆیە کە نەمانتوانیوە هەست و بیری خۆمان دەربڕین، زادەی نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەر نییە. پێم وایە، نووسەری مەزن ئەگەر نیوەی مانایش بە دەستەوە بدات، خوێنەری وریا هەر لێی تێدەگات. (تۆ بەد لە مەبەستم حاڵیی بوویت، تۆ لە من تێناگەیت، تۆ خوێنەرێکی دواکەتوویت.) ئەوانە پاساوگەلی ئەو نووسەرانەن کە توانای ئەوەیان نییە، پردێک لە نێوان بەرهەمیان و وەرگریاندا ڕۆ بنێن.

بەختیار و دوو هاوڕێیەکەی دەڵێن: (بە وەرگرتنی ئەو کۆمەکە، ئێمەش دەکەوینە ناو سنووری ئەو دۆخە ناڕاست و بێ سەروبەرەوە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا باڵادەستە، دۆخێک کە ئێمە بەردەوام ڕەخنەی دەکەین، بۆیە ناتوانین ‹مووچەی ڕێزلێنان› وەر بگرین.)(٨)

پرسیاری من لێرەدا ئەمەیە: ئەدی بۆچی لەبەر هەمان هۆکار، (زەوی)یشیان ڕەت نەکردەوە؟ دۆخ هەر هەمان دۆخە، خۆ ناکرێت سەروەختی دابەشکردنی ڕێزلێنان، بڵێین: دۆخەکە ناڕاست و بێ سەروبەرەیە، وەلێ کە نۆرەی بەخشینی زەوی هات، بڵێین: دۆخەکە دروست و بێ خەوشە! ئایا پێیان وابوو، وەرگرتنی زەوی هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە؟ **ئایا نەیاندەزانی دەسەڵاتی نادیموکرات، دێڵەگورگێکە، دەشێت ئەمڕۆ شیرمان بداتێ و سبەینێ بمانگەزێت؟**

٢٠٠٧/٧/١١

..............................................

(١) دزیی ئەدەبی لە نێوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا، تەها ئەحمەد ڕەسووڵ و غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا، ئا: هەڵۆ ئەبوبەکر، ڕۆژنامە، ل١٤ ژمارە (٨) ٢٠٠٧/٧/٤

(٢) ڕوونکردنەوەیەک لە (مەریوان وریا قانیع، بەختیار عەلی و ئاراس فەتاح)ەوە، هاوڵاتی، چاپی هەولێر، ل١٨ ژمارە ٣٣٣ یەکشەممە ٢٠٠٧/٧/١

(٣) سەرچاوەی پێشوو. (٤) ڕۆژنامە ژ: (١١) ل١٠ و ١١ دووشەممە ٢٠٠٧/٧/٩

(٥) ڕێبوار سیوەیلی، سەری حکومەت لە نێوان گۆڕین و نەشتەرگەریدا، هاوڵاتی ژمارە ٣٣٥ ل١٢ یەکشەممە ٢٠٠٧/٧/٨

(٦) ڕوونکردنەوەیەک لە (مەریوان وریا قانیع، بەختیار عەلی و ئاراس فەتاح)ەوە، هاوڵاتی، چاپی هەولێر، ل١٨ ژمارە ٣٣٣ یەکشەممە ٢٠٠٧/٧/١ (٧) سەرچاوەی پێشوو.

(٨) دەقی نامەی ئاراس فەتاح، وەڵامێک بۆ جێگری وتەبێژی سەرۆکی حکومەت، هەورامان وریا قانع، ڕۆژنامە ژمارە (٧) ل١١ سێشەممە ٢٠٠٧/٧/٣





## ڕستەیەکی خەبەری

بەوەدا کە گۆڤاری لڤین، شانازی بەوەوە دەکات کە (خاوەنی یەکەمین بەڵێننامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانیی کوردییە،) دەبوو خۆی لە (جنێوبەخشینەوە) و (تۆمەتهەڵبەستنەوە) دوور گرتبا، کەچی بە پێچەوانەوە، لەو دوو بوارەدا بە جۆرێک ڕیکۆردی شکاندووە، بێ متمانەترین بڵاوکراوە بە تۆزی پێیدا ناگات. ئەوە نییە، تەنیا لەبەر ئەوەی گوتوومە: (لڤین سەکۆیەکی ئیسلامییە،) هۆزی لڤین، چی جنێو دەزانن، پێیان داوم و کام تۆمەت سەختە بۆیان هەڵبەستووم! گومانم لە هەموو شتێک هەبێت، لەوە دڵنیام، ئەوی هانا بۆ جنێو ببات و دەست بە داوێنی هەڵبەستنی تۆمەتەوە بگرێت، خاوەنی هەر چییەک بێت، خاوەنی پەیامێکی جوان نییە.

(لڤین سەکۆیەکی ئیسلامی سیاسییە.)(*) ئایا ئەو ڕستە خەبەرییە، کە لە سەدا سەد ڕاست و دروستە، ئەوە دەهێنێت، ئەنساری لڤین کە خۆیان بە (نوخبە) دەزانن، بە جۆرێک هاوسەنگی لە دەست بدەن، هانا بۆ زمانێکی نزم ببەن، زمانێک کە هیچ (عەوام)ێکیش پێی ناپەیڤێت؟ بەوەدا کە لڤین بەو ڕاستییە مشتومڕ هەڵنەگرە، سەغڵەت بووە، خوێنەر هەقی خۆیەتی گومان لە جۆری پێوەندیی نێوان لڤین و بزووتنەوە ئیسلامییەکان بکات. ئاخر (لڤین) ئەگەر تەنیا پێوەندیی بە **کۆمەڵی ئیسلامی**، **یەکگرتوو** یان **بزووتنەوە**وە هەبووایە، بەو ڕستە خەبەرییە ڕاستە، ڕەوتی وەها تێک نەدەچوو.

لڤین ئەوە بۆ خۆی بە ڕەوا دەبینێت، بە سواڵ و سەدەقەی وڵاتانی دراوسێ و دووری ئیسلامی بەڕێوە بچێت و ئەوە بۆ (هەولێرپۆست) بە

خەوش تۆمار دەکات، کە بە کۆمەکی ڕاگەیاندنی حیزبێکی کوردستانی دەربچێت! لڤین ئەوە بۆ خۆی بە ڕەوا دەزانێت، (بە نهێنی!) کۆمەک بکرێت، کەچی ئەوەی پێ قووت ناچێت، کە بڵاوکراوەیەک بە ئاشکرا لە لایەن حیزبێکی کوردستانییەوە، یارمەتی بدرێت. **ئایا هیچ مزگەوتێکی عەرەبستانی سعوودی، کۆمەکی گۆڤارێک دەکات، ئەگەر گۆڤارەکە کەم یان زۆر، خزمەت بە وەهابیزم نەکات؟ ئایا هیچ کڵێسایەکی ئەوروپایی کۆمەک بە بڵاوکراوەیەک دەکات، ئەگەر ئەو بڵاوکراوەیە، نیازی ئەوەی هەبێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان، باس لە ڕۆڵی دڕندانەی کڵێسە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بکات؟**

ئەز ئەوە بۆ بەرۆکم بە مەدالیای زێڕ دەزانم کە لە لایەن کەناڵە ئیسلامییە تۆندڕۆ، میانڕۆ و نیانڕۆکانەوە هێرشم لەسەرە، ئەوە کارەسات بوو، لەو کەناڵانەوە ستایش بکرێم. لڤین وێڕای جوێنبەخشینەوە و تۆمەتهەڵبەستن، هیچ سڵ لە درۆکردنیش ناکاتەوە. بە گوێرەی درۆی لڤین، کاتێک **پەشێو** لە کۆڕێکدا، ڕەخنەی لە هەڵوێستێکی دەسەڵات گرتووە، من لاوازیم نیشان داوە. ساڵێک بەر لە ئێستا باندی لڤین، بێ بەڵگە و بناغە ئەو درۆیەیان بۆ هەڵبەستم، گوایە من شیعرێکم بۆ خۆشکردنی شەڕی نێوخۆ نووسیوە، ئەوەبوو داوام لێ کردن، ئەگەر ڕاست دەکەن، با دەقی ئەو شیعرەم بڵاو بکەنەوە، وەلێ چونکە تەنیا درۆی ڕووت بوو، خۆیان کڕ کرد. وا دیسان تەحەددای لڤین دەکەمەوە و دەڵێم، ئەگەر ڕاست دەکەن، من لەو کۆڕەدا، هەڵوێستم لاواز بووە، فەرموو هیچ مننەتتان نەبێت، چی زووترە، کاسێتی کۆڕەکە، کە وەک دەڵێن لە کنتانە، لە وێبسایتەکەتانەوە نمایش بکەن. ئەگەر ئەمجارەیش ئەوی گوتووتانە تەنیا درۆیەکی دیکەبوو، کە دڵنیام وایە، تکایە ئیدی شانازیی بەوەوە مەکەن کە خاوەنی بەڵێننامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانیی کوردین! ئاخر ڕۆژنامەنووسی گوێڕایەڵی بەڵێننامەی شەرەف، نە جوێن دەدات، نە تۆمەت



دەهۆنێتەوە و نە هانا بۆ چەکی ژەنگنی دەرزیشکاوی درۆ دەبات.

لڤین دەنووسێت: (بۆ جاری دووەمە، ڕاگەیاندنی حیزبێک، لە ڕێی حەمەسەعید حەسەنەوە، هەڕەشەی هەڵمەتی ئیعلامیمان لێ دەکات.)(**)

(لڤین سەکۆیەکی ئیسلامی سیاسییە.) من تەنیا هێندەم گوتووە، ئایا ئەوە هەڕەشەی هەڵمەتی ئیعلامییە؟ یان بە ناڕەوا گەرەکتانە زل خۆتان نیشان بدەن؟ وێڕای ئەوە، من نە لە ڕاگەیاندنی هیچ حیزبێکدا کار دەکەم، نە ئەندامی هیچ پارتییەکم، نە کارمەندی هیچ دەزگایەکم، بۆیە پێم وایە ئەگەر خاوەنی گەردێک لە وێژدان و گرامێک لە بێلایەنی پێشەیی بوونایە، گومانتان نەدەخستە سەر من، کە هیچ لاپەڕەیەکی نهێنی لە ژیانمدا نییە و بە پادداشتی نووسینە ئەدەبییەکانم و ئەو پارەیە دەژیم کە لە ماوەی شازدە ساڵی کارکردنمدا لە سوێد پاشەکەوتم کردووە.

تیمی لڤین دەڵێن: (حەمەسەعید حەسەن خاوەنی سومعە نییە.)

ئەگەر لڤین زارپاک بووایە، ئەگەر بە تەنگ ناو و ناوبانگی خۆیەوە بووایە، هەوڵی زڕاندنی سومعەی کەسی نەدەدا. بە گرووپی لڤین دەڵێم، هەموو تاکێک خاوەنی سومعەیە، ئیدی دەشێت ئەو سومعەیە باش بێت یان خراپ. ئەگەر ئەز خاوەنی ناوبانگێکی باش نیم، ئەدی بۆچی ئەوانەی گوایە خاوەن بەڵێننامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانیی کوردین، ئەوە سێیەم جارە، وەختی گرانبەهای خۆیان، بۆ خراپکردنی ناوبانگم تەرخان دەکەن؟ سومعە شتێکی ڕەها نییە، ڕێژەییە، دەشێت ئەوی لە کن من خاوەنی سومعەیەکی باشە، لە کن کەسێکی دیکە، خاوەنی سومعەیەکی خراپ بێت. گیڤارا کە لای من خاوەنی سومعەیەکی باشە، دەشێت لای برایانی لڤین، خاوەنی سومعەیەکی بەد بێت، یان ئوسامەی لادنزادە کە لە کن من خاوەنی سومعەیەکی بەربادە، دەشێت لە کن وان، خاوەنی باشترین سومعە بێت.

لڤین دەنووسێت: (بۆچی حەمە بە لڤین ناسەعیدە؟ لەوانەیە ئەمە سەعیکردن بێت، بە شوێن نانداﹰ.)

بەو ڕستەیەدا کە گەمەکردنێکی لاواز و بێتامە بە ناوەکەم، خوێنەر گومانی لەوە نامێنێت کە تیرەی لڤین، کۆمەڵێکن لە شاگردە لێنەهاتووەکانی خۆم، ئاخر گەمەکردن لەگەڵ وشەدا و بەگەڕخستنی لە پێناوی ئەفراندنی ئەدەبی گاڵتەجاڕیدا، حوجرەیەکە، ئەوە من بووم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا دەرگاکەیم واز کرد. (هونەری ڕاوەژن) کە یەکەمین کۆمەڵە ساتیرەچیرۆکی چاپکراوی کوردییە و تێیدا بایەخێکی زۆر بە تەکنیکی گەمەکردن لەگەڵ وشەدا، دراوە، بەرهەمی منە. ئەوی گرووپی لڤین هێشتا فێری نەبوون و پێ ناچێت لە داهاتوویشدا فێری بن ئەوەیە: **نووسەرێک ڕێز لە وشە بگرێت، گەمەی پێ ناکات، گەمەی لەتەکدا دەکات.**

ئەوە من بووم حەڤدە ساڵێک لەمەو بەر گوتم: (حەکیمی برای حیکمەت، وەک حاکمی حوکوومەت بێ مەحکەمە حوکمی داوم،) کەچی تازەکی برادەرانی لڤین، بەو تفەنگە تەقەم لێ دەکەن کە لە خۆمیان قەرز کردووە. لڤین ئەگەر بڕوای بەو قسە نەستەقە هەبووایە کە دەڵێت، (بەرد مەخە ئەو زنەیەوە کە فرمێسکەئاوێکت لێ نۆشیوە،) نە قەت قسەی قوتی بەرانبەرم دەکرد و نە قەت هیچ قوتەیەکی لێ دەگرتم. بڕوام بە وەعز نییە، وەلێ لە ڕێی خوادا تاقە مۆچیارییەکی لڤین دەکەم. (گەمەکردن بە وشە، هونەرێکی سەختە، ئەوی شارەزای ئەو تەکنیکە نەبێت، لە کاتێکدا بە (خەیاڵ)ی خۆی، پێی وایە گەمەی بە وشە کردووە، لە (ڕاستی)دا گاڵتەی بە ئاوەزی خۆی کردووە.)

تاقمی لڤین چونکە (بە نهێنی!) وابەستەی بزووتنەوەیەکی سیاسیین و خۆیان دەکەن بە پێوانە، چونکە خۆیان بە ستاندارد دەزانن، بۆیە قەت بڕوا



ناکەن، نووسەرێکی ئازاد هەبێت، نووسەرێک کە لە ژیانیدا لە سەنگەری حیزبێکەوە وشەیەکی نەتەقاندبێت، نووسەرێک نەک بە نووسین، سەرزارەکییش، ڕستەیەکی لە ستایشی دەسەڵاتدا نەگوتبێت. بە خێڵی لڤین دەڵێم: ئەگەر دوای خوێندنەوەی ئەم نووسینە بەزەییتان بە خۆتاندا هاتەوە، سەرکۆنەی من مەکەن، سەرزەنشتی خۆتان بکەن! ئاخر ئێوە، شەڕتان هەڵگیرساند، شەڕێک کە دەبوو نەتانکردبا، چونکە نسکۆتان مسۆگەر بوو. شەڕەنووسینیش وەک بۆکسانێ وایە، ئەوە زادەی زیرەکی نییە، ئەگەر بۆکسەوانێکی کێشی سووک، یەخەی بۆکسەوانێکی کێشی قورس بگرێت.

چونکە لڤین نیازی وایە دامکێشێتە ئاستی خۆی، چونکە لە هەوڵی سڕینەوەی ئەوانەدایە، ملکەچی نابن، چونکە نیازی نییە دەستبەرداری جنێونووسین ببێت، چونکە بڕیاری داوە، فێری دایەلۆگ نەبێت، ئەمە دوا بەرسڤی من دەبێت بۆی، ئاخر وەختی خۆم، زۆر پێ (گران)ترە لەوەی، بۆ تاقمێکی تەرخان بکەم کە بە هۆشیارییەوە نەک لە غەفڵەتەوە، سوورە لەسەر ئەوەی (سووک) سەرنجی ئینسان دەدات.

٢٠٠٧/٨/١٨

..........................................

(*) بڕوانە پەرەگرافی یەکەمی شیری گورگ.

(**) بۆچی حەمە، سەعید نییە؟ لڤین، ژ: ٥٥ ل٤٧ ئابی ٢٠٠٧ چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

# داگیرکارێکی خوێنشیرین

هەموو دەسەڵاتدارێکی دیکتاتۆر پێویستی بە سێ (شین) هەیە، (ش)ێخ و (ش)یر و (ش)اعیر، شێخەکە بۆ بە کافر ناودێرکردنی نەیارانی، شیرەکە بۆ پەڕاندنی ملی ناحەزانی و شاعیرەکەش بۆ ستایشکردنی سەروەرییەکانی! **بۆ ئەوەی گەل ببێتە مێگەل، شێخی دەربار، خەڵک فێری ملکەچی دەکات و شاعیری دیوەخانیش، میللەت فێری هونەری ستایشکردنی دیکتاتۆر دەکات.** ئەگەر چی زوو یان درەنگ، ڕاپەڕین کۆتایی بە ژیانی ئەو جۆرە دەسەڵاتە دەهێنێت، وەلێ کارەسات ئەوەیە، دەسەڵاتی تازەیش هەمان مێتۆدی فەرمانڕەوایی دووبارە بکاتەوە.(١)

چونکە تەنیا بە ڕووکەش ئازادین و ڕاستییەکەی لە زینداندا دەژین، لە زیندانێکدا کە هەر یەکێک لە ئێمە بە ویستی خۆی بنیاتی ناوە، زیندانێک کە هەر ئێمە لەودا ناژین، ئەویش لە ئێمەدا دەژی. زیندانێک ڕوو لە هەر کوێ بکەین، لێمان جیا نابێتەوە، لە زێدی خۆمان بین یان لە تاراوگە، هەر لەگەڵماندایە، ئاخر ئەو زیندانە، ناخی کردووین بە هێلانە. ئێمە کە خۆمان بە ئازادیخواز دەناسێنین، ڕاستییەکەی (وەردیان)ین،(*) وەردیانی زیندانی نێو خودی خۆمانین. ئێمە کە خۆمان بە قوربانی دەزانین، ڕاستییەکەی جەللادین، میرغەزەبی خودی خۆمانین، ئەوە ئێمە خۆمانین باڵی کۆتری وشە بوێرەکانی خۆمان دەکەین، ئێمە هاوزەمان شمشێر و جەللاد و قوربانین. **ئەوە ئێمە خۆمانین، لە ترسی ئەوەی فەرامۆش نەکرێین، لە ترسی ئەوەی بەر نەفرەتی دەسەڵاتدار نەکەوین، هەمیشە باسی توێکڵ دەکەین، قەت توخنی کرۆک ناکەوین.**



کە سەرچاوەی داهێنانی شاعیر وشک دەکات، تووشی خەمۆکی دەبێت و هەمان هەستی ئەو ژنەی هەیە کە دەگاتە ساڵی نائومێدی. چی لەوە ناخۆشترە، شاعیرێک هەست بکات، پلووسکی بەهرەی چۆڕبڕ بووە. هەمەنگوای کە هەستی کرد، توانای نووسینی نەماوە، خۆی کوشت. **ئەی نووسەر، ئەگەر لە دەسەڵاتی سیاسی یان ئایینی دەترسیت، دەستبەجێ واز لە نووسین بهێنە!** ئەی نووسەر هەر کە هەستت کرد، ترس خەریکە داگیرت بکات، ورە بەر مەدە! بە نووسین بە گژ ترسدا بچۆوە!

ماڵی نووسین هەمیشە ئاوەدانە، هەر کە لە ئەنجامی ترسەوە، دەستبەرداری نووسین بوویت، ماڵی دڵت، وەک ئەو ماڵە چۆڵەی لێ دێت کە ئەگەری ئەوە هەیە، جنۆکەی لێ بێت. **لە چەکدار مەترسە! لە زۆردار مەترسە! لە زیندان مەترسە! تەنیا لەوە بترسە، گوڵی نووسینی ئەمڕۆت، لەوی دوێنێت، گەشتر نەبێت.** هەموو شتێک بکە، تەنیا خوێنەرە ڕاستەقینەکانت نائومێد مەکە! **هەمیشە لە سەنگەری ژندا بە! هەموو دنیا دژت بێت و تەنیا یەک ژنت لە پشت بێت، هەست بە نائومێدی ناکەیت.** ئەی نووسەر، خۆت لە کۆڵانە تەسک و تاریک و دەرنەچووەکانی تیۆریدا بزر مەکە! ئاخر ئەوە نیشانەی هەڵاتنە لە واقیع. ئەی نووسەر! بە گوێی دانتی بکە! بەشێک لە توانای خۆت، بۆ جوێکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، بەگەڕ بخە! ئەی نووسەر لە (والتەر بینیامین)ەوە فێر ببە، حەقیقەت ئەگەر هەبێت، تەنیا یەک ماڵی هەیە، ئەویش ماڵی زمانە.

ئەی نووسەر، هیچ گوێ مەدە ئەوەی، ڕەحمەتت بۆ دەنێرن، یان نەفرەتت لێ دەکەن، زۆربەی نووسەرە نەمرەکانی دنیا، لەسەر وەختی ژیانیاندا، کەم و زۆر سووکایەتییان پێ کراوە. بێجگە لە گوشاری ناخی خۆت، سەر بۆ هیچ گوشارێکی دیکە نەوی مەکە! با نووسینت زایەڵەی هاواری ناخی خۆت بێت! دۆزەخییەکی هەمیشەیی بە، نەک بەهەشتییەکی ڕەوتەنی.

خۆت لەگەڵ نیمچە داددا ڕامەهێنە، تا دوا وشە، چاو لە دادی تەواو ببڕە! جاران ئەفریکاییەکان بە تۆپزی، بە کۆت و پێوەندکراوی، بۆ خۆرئاوا دەبران، بۆ ئەوەی لەوێ کاریان پێ بکەن، هەنووکە خۆبەخشانە، بە مەبەستی کارکردن، ڕوو لەوێ دەکەن، ئەوسا قەساب بەرەو سەربڕینی دەبردن، ئێستا خۆویستانە دەچنە بەردەمی چەقۆی قەساب، ئەی نووسەر، نە ڕۆڵی قەساب ببینە، نە هی مەڕ، بە گژ هەڵوێستی هەردووکیاندا بچۆوە، واز لە هەموو شتێک بهێنە، لە ئازادیی خودی خۆت نەبێت. **سازشێکی دادپەروەرانە، نە بووە و نە دەبێت، هەمیشە سازش بە زیانی لایەک تەواو دەبێت، ئەی نووسەر، لە هەموو سازشێکدا، هەمیشە لایەنی دۆڕاو تۆیت.**

ئەی شاعیر، هەر کە خودی خۆت ناسی، ئیدی هەست بە نامۆیی دەکەیت، ئەمە چارەنووسی تۆیە، ناتوانیت لێی هەڵبێیت، ئەگەر خودی خۆت ناسی، ئیدی بۆ هەر کوێ بڕۆیت، نامۆیی هەرگیز لێت جیا نابێتەوە. **ئەی شاعیر، بەردەوام لەگەڵ ساختەدا ناکۆک بە! بە گژ ساختەدا بچۆوە! دژی دەمامک بە! خۆت وا نیشان بدە کە هەیت، نەک وەک ئەوەی زۆربە دەخوازێت.** باسی ژیانی ڕۆژانە مەکە، یان کە کردت، ژیانێکی نوێی پێ ببەخشە. ئامۆژگاری مەبەخشەوە، ئەگەر نا لە شاعیرەوە دەبیت بە واعیز. ئەی شاعیر، نە بۆ نەخوێندەوار بنووسە و نە بۆ ئەوانەی دەخوێننەوە و تێناگەن. ئەی شاعیر، خەم مەخۆ، چ قەیدی لە واقیعدا بە هیواکانت شاد نابیت، خۆ هیچ نەبێت لە شیعردا پێیان دەگەیت. ئەی شاعیر تۆ داگیرکارێکی خوێنشیرینیت، هەر وڵاتێک داگیر بکەیت، خەڵکەکەی بیر لە ئازادی ناکەنەوە. ئەی شاعیر بە چڕیی بنووسە! لە کورتی بیبڕەوە! با ناوقەدی بووکی شیعرت باریک بێت، نەک ئەستوور، با شیعری کورتت بە زۆرترین مانا ئاوس بێت، نەک شیعری درێژت، هەڵگری کەمترین مانا



بێت. با لاپەڕەی دیوانت سپی نەچێتەوە، ئاخر ڕەنگی سپی، کفن، بیری خوێنەر دێنێتەوە.

٢٠٠٧/٨/١١

............................................

(١) محسن عبدالعزيز، الاستبداد من الخلافه الى الرئاسه.

(*) پاسەوانی زیندان.

## زمانی کتێب

(پیاو لە پێناوی سێکسدا بە دوای خۆشەویستیدا دەگەڕێت،
سێکس لای ژن لە پێناوی خۆشەویستیدایە.)

ڕۆژێک پێش ئەوەی لە ترسی هەڕەشەی ئیسلامییەکان، کوردستان جێ بهێڵێت، لەگەڵ (د. فەرهاد پیربال)دا، سەردانێکی (مەریوان هەڵەبجەیی)مان، کە لە هۆتێلی تاوەری هەولێر دابەزیبوو، کرد. لەو دیدارەدا سەر و دانەی لە کتێبەکەی: (سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا)(*) پێشکەش کردین، من تازەکی بواری ئەوەم بۆ ڕەخسا، ئەو کتێبە بخوێنمەوە.

وەک چەندان جاری دیکە باسم کردووە، نووسین بە پلەی یەکەم بریتییە لە زمان، لە کتێبەکەی مەریوان هەڵەبجەییشدا، ئەوی زێتر سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، زمان بوو. ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم، ئەمە یەکەمین جارمە، کتێبێک بخوێنمەوە، بە زمانێک نووسرابێت، هێندە لە زمانی کتێبەوە دووربێت، زمانێک کە بۆ کتێبنووسین دەست نادات، زمانێکی ڕووهەڵماڵراو کە بێباکانە هەستی خەڵکێکی زۆر بریندار دەکات، زمانێک کە هیچ مەبەستی نییە، جیاوازی لە نێوان ئیسلامییەکی توندڕۆ و موسڵمانێکی ئاساییدا بکات.

لەبری (خوێن لەبەرچوونی ژن) کە بە عەرەبی (عادەی شەهری) پێ دەڵێن، (مانگانە)ی نووسیوە کە بە مانای (مووچە) دێت، کورد لەبری ئەو شەپۆلی خوێنە، (بێنوێژی) دەڵێت. نووسەر بە درێژایی کتێبەکەی لەبری



جەستە یان لەشی ژن، (لاشیپان)ی نووسیوە، (ل٥٨، ٦٥، ١٢٣، ٢٠٣ و گەلێک شوێنی دیکەش،) گەرچی لاشیپان دوو لا درێژەکەی ئەو چوارچێوەیەیە کە دەرگای تێدایە. (سێکس پێشگرە نەک پاشگر. ل٢٠٣) مەبەستی نووسەر لە پێشگر، سەرەکییە و لە پاشگریش، لاوەکی! بە مەرجێک پێشگر و پاشگر prefix و suffix دوو زاراوەی ڕێزمانین.

کتێبەکە چونکە باسێکی فیکرییە، دەبوو بە زمانێک بنووسرێت، سەر لە هەوری زمانی شیعری باڵا بسوێت. هەر لە سەرەتای کتێبەکەوە، بەرەو ڕووی ئەم ڕستە سەیرانە دەبیتەوە: (لە پێناوی نیشتنەوەی عەورەتی ڕەپیاندا، ئینسان دەکوژن. ل٥) یان: (جارێکیان فلان پەیامبەر عەورەتی ڕەق دەبێت. ل٥) عەورەت، (زێ)یە و تەنیا بۆ مێ دەست دەدات، بۆ ئەندامی نێرینە، چووک یان زەکەر دەگوترێت. بە دەربڕینی (سەری چووکی عەورەت. ل١٢١)یشدا دیارە کە نووسەر بەد لە وشەی عەورەت حاڵیی بووە..

(کێر لە قوزدا. ل٤٥) ئایا جوانتر نەبوو بنووسرێت: خەنجەر لە کالاندا؟ شیاوی گوتنە slida کە وشەیەکی سوێدییە، هاوزەمان بە مانای کالان و (زێ)یش دێت. کابرای عەرەب شاعیرانە گوتوویەتی: (أبری النبل وأريشها،) واتا: (تیر چێ دەکەم و پەڕی تێ دەگرم. (لەو ڕستەیەدا، تیر، دەعبایە و (پەڕ)یش، زێ،) کەچی نووسەر کردوویە بە: (سەری کێرم ڕەق و تیژ دەکرد و دەمکرد بە قوزدا! ل٥٠) وەک نووسەر خۆی دەڵێت، مەبەستی گەورەی کتێبەکەی ئەوەیە، خوێنەر لەوە ئاگادار بکاتەوە (کە بەشی زۆری کۆمەڵی کوردی، لە سۆزانییەکی تەواو پڕ لە بەدڕەوشتی و بە دیدی ئایین حەڵاڵ،) پێک هاتووە. ل٢٦ ئایا بەرچاوی خوێنەر بەو زمانە زبر و هێرشبەرە ڕووناک دەکرێتەوە؟

(فەرمان دەدەم موو لە قوزیان نەڕوێت. ل٤٢ (قوزی تەسک و تروسک.

ل١١١) (گاندان لە کونی دواوە. ل ٦٨) (لە خزمەتکردن و گاندان. ل٧١) (قوزیان بەردەوام لە تەسکبوونەوەدایە. ل٧٢) ئایا ئەو زمانە، زمانی لێکۆڵینەوەی فیکرییە؟ (حەفتا جار دایکی خۆی گابێت. ل١٠٧) باشە نەدەکرا بنووسرێت: زینای لەگەڵ دایکی خۆی کردبێت؟ یان لەگەڵ دایکی خۆی جووت بووبێت؟ نووسەر دەڵێت: (قیتکەی قوزی ژن. ل١١٣) کە نووسیت: قیتکە، ئیدی نە حەوجەت بە قوز هەیە و نە بە ژن!

(ماکسییەکەی هەڵدەداتەوە و **پێوەی دەنێت**. ل١٢٤) (ماکسی!) ئایا لەو نیمچە دوورگەی عەرەبییە و لە سەروەختی سەرهەڵدانی ئیسلامدا، ماکسی هەبووە؟ (چۆنتان دەوێت، **پیایا کەن**! ل١٣٤) بە دەربڕینی نووسەر، ئەوە لێکدانەوەی خەلیفە عومەرە، بۆ ئایەتی (ژنەکانتان کێڵگەتانن، چۆنتان دەوێت بیانکێڵن.) (قوز هەیە لەبری خوێن دەدرێت. ل٣٣٠) یان : (قوز تا قوز کەوتووە. ل٣٣٠) ئایا ئەو ڕستانە ڕووی ناو کتێبیان هەیە؟

نووسەر دەڵێت: (گەر پەیامبەر ئەم کتێبەی بخوێندایەتەوە، واژۆی ڕاستییەکانی بۆ دەکێشاین. پەیامبەر وەک ئێمە لە سێکسی نیوەدوورگە باش تێگەییشتبوو، ئەویش وەک ئێمە وای بۆ چووبوو، دابڕانی سێکس زۆر ئازاری دەروون دەدات. ل٢٠٣) کە ئیمکانی ئەوە نییە، کەسێک چواردە سەدە بەر لە هەنووکە کۆچی دوایی کردبێت، کتێبەکەی نووسەر بخوێنێتەوە، ئیدی ئەو ڕستانە لە زێدەگۆیی و قسەفڕێدان بترازێت، چی دیکە نین. نووسەر تەنانەت گەر گوتبای: منیش وەک پەیامبەری بۆ چووم، ئەوەش هەر جۆرێک لە خۆهەڵکێشان دەبوو.

ئەگەر بە باڵاترین زمانیش مێژووی ئیسلام بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بخوێنرێتەوە، ئیسلامییە توندڕۆکان چونکە بڕوایان بە ئازادیی ڕادەربڕین، بیروڕای جیاواز و دایەلۆگ نییە، هەر بە کوفری نێوزەد دەکەن، وەلێ



نابێت ئەوە بکرێتە پاساوی هانا بۆ زمانی نادروست بردن. پێویستە نووسەر بوێر و قسەلەڕوو بێت، نەک ترسنۆک و شەرمن، وەلێ زمانی لێکۆڵینەوەی فیکری، لە زمانی گێڕانەوەی جۆک جیاوازە. چونکە زمانی خراپ، زیان بە نیازی چاک دەگەیێنێت، بۆیە با نووسەر بە مەبەستی داکۆکی لە ژن کردنیش، ئەو کتێبەی نووسیبێت، وەلێ دوور لە خواستی خۆی، گەلێک جار بە هۆی زمانە دزێوەکەیەوە، سووکایەتیی بە ژن کردووە.

٢٠٠٧/٤/٤

.............................................

(*) مەریوان هەڵەبجەیی، سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا، ٢٠٠٥ چاپی چوارەم. (شوێنی چاپ و ناوی چاپخانەی لەسەر نییە.)

# باسکارێکی بێبەخت

(بەراوردێک لە نێوان زمانی کوردی و زمانانی دراوسێدا،)(*) ناونیشانی باسێکی د. کەمال مەعرووفە، گۆڤاری ڕامان ئەو بابەتەی بە (تیۆریی ئەدەبی) لە قەڵەم داوە، بە مەرجێک باسەکە دوور و نزیک پێوەندیی بە تیۆریی ئەدەبییەوە نییە. یەکێک لەو زمانانەی لە کن باسکار دراوسێی زمانی کوردین، زمانی سوێدییە، ئەگەر چی سوێد، هەزاران میل لە کوردستانەوە دوورە!

ڕاستە کوردی و سوێدی سەر بە هەمان خێزانی زمانن، لێ ئەو وشانەی باسکار پێی وایە لەو دوو زمانەدا هاوبەشن، هیچ کۆیان ناکاتەوە. د. کەمال پێی وایە ئەم وشانە لە کوردی و سوێدیدا هەمان مانا دەبەخشن: amin کە بە ئینگلیزی amine ی پێ دەڵێن، زیندە ئاوێتەیەکە، یەکێک لە پێکهاتەکانی ئامۆنیایە کە بە عەرەبی (نەشادیر)ە، وەلێ کۆششێکی زۆرم کرد، نەمزانی (ئەمین)ی کوردی چییە! شکم بۆ ئەو (ئامین)ە دەچێت، کە لە دوای نزاوە دەگوترێت. ڕاستە ambra عەنبەرە، بەڵام عەنبەر، کوردی نییە. ڕاستە hasch هاش، حەشیشەیە، وەلێ حەشیشە کوردی نییە. ڕاستە کوردیش بە شوێنی خواردنەوە دەڵێن باڕ، وەلێ bar ئینگلیزییە، نە کوردییە و نە سوێدی. باسکار پێی وایە honorar هونەرە! لێ هۆنۆرەو، هونەر نییە، ئەو قەرەبووەیە کە بە نووسەرێک یان هونەرمەندێک دەدرێت.

helg هێلی کە بە مانای پشوو یان جەژن دێت، باسکار پێی وایە، ئەوە هەر (هەینی)ی کوردییە، بە مەرجێک fredag هەینییە و سوێدییەکان ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە پشوویانە، نەک هەینی. balkong کوردی نییە، بە کوردی بەرهەیوان یان بانیژە یە. harem نە سوێدییە، نە کوردی، (حەریم)ی عەرەبییە، کە دەکاتە ژووری ژنان. check یش (cheque) نە کوردییە، نە سوێدی، ئینگلیزییە. با hejd بەمانای (حەد)یش بێت، وەلێ کێشەکە ئەوەیە، (حەد) عەرەبییە نەک کوردی. grupp یش نە کوردییە، نە سوێدی، group ئینگلیزییە، بە کوردی دەستە یان پۆل، دروستە. شیاوی باسە، لە سەدەی سێیەمدا نووسین دەگاتە سوێد، بۆیە هیچ سەیر نییە کە زمانی سوێدی تژییە لە وشە و زاراوەی ئینگلیزی. ڕاستە لە سوێدیش بە (یاپراخ) دەڵێن: دۆڵمە، وەلێ دۆڵمە، سوێدی نییە، لە زمانی تورکییەوە، پەڕیوەتە نێو زمانی سوێدی.

د. کەمال بێ سڵەمینەوە دەنووسێت: herr کە (میستەر)ی ئینگلیزییە زۆر لە (سەیید)ی کوردییەوە نزیکە. کارەسات هەر ئەوە نییە، کە (سەیید) عەرەبییە، نەک کوردی و باسکاریش بە پێی لێکدانەوەی خۆی، خەریکی بەراوردکردنی زمانی سوێدی و کوردییە! کارەسات ئەوەشە کە هیچی هاوبەش لە نێوان (سەیید) و (هێڕ)دا نییە. باسکار پێی وایە چونکە سوێدییەکان بە ژووری دانیشتن دەڵێن hall و ئێمەش (هۆڵ)ی پێ دەڵێن، کەواتە زمانی کوردی لە سوێدییەوە، نزیکە! وەلێ سکانداڵ ئەوەیە، hall نە سوێدییە نە کوردی، بەڵکوو ئینگلیزییە! وشەیەکی هاوبەشی دیکەی نێوان کوردی و سوێدی، لای باسکار مەخزەن و (magasin)ە، ئەگەر چی (مەخزەن) عەرەبییە نەک کوردی، کورد لەبری مەخزەنی عەرەبی (ئەنبار یان گەنجینە) دەبێژێت.

hast کە بە مانای (پەلەکردن) دێت، باسکار وای بۆ چووە، هەر (هەستە)ی کوردییە! لە ڕوانگەی وییەوە، کوپ و کۆنگرە، دوو وشەی ڕەسەنی کوردین و لە (kopp وkongres) ی سوێدییەوە نزیکن، بە مەرجێک ئەو دووشەیە، هەر (cup و congress)ە ئینگلیزییەکەن. بەڵگەیەکی

دیکەی باسکار بۆ ئەوەی زمانی کوردی و سوێدی لە یەکدییەوە نزیکن، ئەوەیە، هەردوو لامان بەو مارە ژاردارەی بە دووزەلە سەما دەکات، دەڵێین: کۆبرا. جێی وەبیر هێنانەوەیە، ئینگلیزیش هەر کۆبرا cobra ی پێ دەڵێن!

ڕاستە barett (بێری)یە، ئەو کڵاوەی سەرباز دەینێنە سەریان، وەلێ (بێری) نە کوردییە و نە سوێدی، (barrette)ی ئینگلیزییە، کڵاوێکە لە شێوەی تۆڕدا کە ژنان لەسەری دەنێن. یان دەڵێت: glid ی سوێدی و (خلیسک)ی کوردی، لە یەکدییەوە نزیکن و هەمان ماناشیان هەیە! من نازانم ئەوە چییە وای کردووە، (گلید)ی سوێدی، لە (خلیسک)ی کوردییەوە نزیک بێت، بەڵام پێم وایە، glid هەر glide ی ئینگلیزییە.

چونکە زمانە هاوچەرخەکانی ئێستای ئەورووپا، کۆمەڵێک دیالێکتی زمانی لاتینی کۆنن، ئەوە هیچ سەیر نییە، سەدان وشەی هاوبەش لە نێوان زمانە ئەورووپاییەکاندا هەبێت، ئەمە وێڕای ئەوە ی سوێدی زمانێکی کراوەیە و زۆر بە دڵفراوانییەوە، پێشوازیی لە وشە و زاراوەی بێگانە دەکات، وەلێ چونکە کوردستان بەشێک نییە لە ئەورووپا و زۆریش لە سوێدەوە دوورە، بۆیە وشەی هاوبەش لە نێوان سوێدی و کوردیدا هێندە کەمە، تا ئاستی نەبوون، ئیللا مەگەر کەسێک لە سەرابدا، سەرقاڵی ڕاوەماسی بێت.

وشەیەکی دیکە کە باسکار پێی وایە لە کوردییەوە نزیکە و هەمان واتایش دەبەخشێت، (gullviva)یە کە بە پێی لێکدانەوەی وی، بە مانای (گوڵی بەهاری خۆڕسک) دێت. بێجگە لەوەی(گوڵی بەهاری خۆڕسک) وشە نییە، وێڕای ئەوەی لە بەهاری کوردستاندا، ئەگەر نەڵێم سەدان، ئەوا دەیان گوڵ دەپشکوێن، لە بێبەختیی باسکار، ئەو (گوڵ)ەی لە (gullviva)دا هەیە، بە مانای (زەرد) دێت، نەک گوڵ! station کە





وشەیەکی ئینگلیزییە و هیچیش لە گەڵ (ئێستگە)دا کۆی ناکاتەوە، لە کن باسکار، وشەیەکی هاوبەشی دیکەی نێوان سوێدی و کوردییە.

karbon ی سوێدی کە هەر carbon ی ئینگلیزییە و کورد و عەرەبیش پێی قایلن، لای باسکار بە مانای (قەرەبوو) لێک دراوەتەوە! ئەوە هەڵەی چاپ نییە، ئەوە لوتکەی کارەساتە. papill (پاپیل)ی سوێدی کە وەرەمێکە لە پێستدا لە شێوەی (زیپکە و بالووکە)دا سەر هەڵدەدات، بۆ ئەوەی وەک دراوسێی سوێد بناسرێین، باسکار بە (پەپوولە)ی لێک داوەتەوە، گەرچی fjäril پەپوولەیە! لای باسکار، (بیجامە، پرۆڤە، زێبرا، کەناڵ، لامپا، لیست و ماسک،) وشەگەلی ڕەسەنی کوردین و سوێدییەکانیش بە هەمان مانا، بەکاریان دەهێنن! لە سوێد کە کەسێک دەپژمێت، پێی دەڵێن: prosit کە تەواو وەک (خێر بێت)ی لای خۆمان وایە، کەچی باسکار، (پرۆسیت)ی بە (پیرۆز) لێک داوەتەوە! گەرچی helig پیرۆزە.

لە ڕوانگەی باسکارەوە، (پلان plan) یەکێکە لە وشە هاوبەشەکانی نێوان کورد و ئینگلیز کە هەردوو لامان بە هەمان واتا بە کاری دەهێنین! هەقە بەم نموونەیەدا بزانین لە بەراوردکردنی کوردی و ئینگلیزیشدا، چەندان کارەسات قەوماوە.

٢٠٠٧/٢/١

..........................................

(*) بەراوردێک لە نێوان زمانی کوردی و زمانانی دراوسێدا، د. کەمال مەعرووف، ڕامان ژمارە ١١٦ ل٨٤ کانوونی دووەم ٢٠٠٧ هەولێر.

## زمان و نووسین

بە لای منەوە، ئەوی بە پلەی یەکەم لە هەر نووسینێکدا گرنگە، زمانی نووسینەکەیە. ئەگەر هەر لە پەرەگرافی یەکەمەوە، تووشی هەڵەیەکی زەق هاتم، ئیدی ئارەزووی خوێندنەوەی ئەو نووسینەم، با باسی بایەخدارترین مەسەلەش بکات، نامێنێت. دەڵێن (هیتلەر) یادی بە شەڕ، بە ئەڵمانییەکی هێندە جوان نووسیویەتی، ڕەخنەگرێک دەربارەی زمانی کتێبە بەناوبانگەکەی، (خەباتی من،) گوتوویەتی: (سەگ چەند بەسەر پارچەئێسکەکەی بەردەستیدا زاڵە، ئەویش بە هەمان شێوە، کۆنترۆڵی زمانی ئەڵمانیی کردووە.) سەرنجی ئەو زمانە باڵایە بدەن کە لێنین پێی نووسیوە، پڕە لە وێنەی شیعری، دەڵێن مەگەر زمانی (پووشکین)ی باوکی ئەدەبی ڕووسیا، شان لە شانی زمانی وی بدات.

لە ڕوانگەی مارکسیستەکانەوە، زمان زادەی هۆشیاریی تاکە، کەواتە کەسێک زمانەکەی نزم بێت، توانای دەربڕینی هۆشیارییەکی بەرزی نابێت و کەسانی خاوەنی هۆشیاریی باڵا، زمانیشیان باڵا دەبێت. (جان کۆهن) دەڵێت: (**زمان پۆشاکی بیر نییە، جەستەیەتی، چونکە بیر بێ زمان، هەبوونی نییە.**) ئایا جەستەیەکی مێشکنەخۆش، دەتوانێت هەڵگری بیرێکی ساغ بێت؟ ئایا کەسانێک توانای نووسینی پەڕەگرافێکی دروستیان بە زمانی خۆیان نەبێت، ئەوەیان لە باردایە، بەرچاوی میللەت ڕۆشن بکەنەوە؟

(کاترین پیلسی) دەبێژێت: (**زمان مەرجی هەبوونی فیکرە، ئاخر بیر**



**ناتوانێت لە دەرەوەی زماندا هەبێت،**) چونکە ئەگەر زمان نەبووایە، فیکریش نەدەبوو، بۆیە کەسی خاوەنفیکر، ناچارە بایەخ بە زمان بدات و پوخت و دروست بنووسێت. ملنەدان لە بواری زماندا، ڕەنگدانەوەی نەزانییە و **تاکە دەسەڵاتێکی فاشیست، کە دەبێت هەمووان بەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستییەوە، سەری بۆ نەوی بکەن، زمانە.** بەوەی باشە زمان، توانای خۆ خاوێنکردنەوەی هەیە، ئەگەر نا، لە ئەنجامی لێشاوی نووسینی زمانلاوازانەوە، هەنووکە گۆلی ڕوونی زمانی کوردی، زەلکاوێکی لیخن دەبوو. بەوەی باشە، زمان سەرومڕ گەشە دەکات و جوانتر دەبێت و ئەوە تەنیا زمانی جوانیشە، بەرگەی زەمان دەگرێت.

زمان، (ڕینان) گوتەنی: (نە کۆنەپارێزە، نە پێشکەوتنخواز، زمان بێ ئەوەی مشتومڕ هەڵبگرێت، فاشیستە،) بۆیە ئێمە سەرپشک نین لەوی، دەیشێوێنین یان نا؟ ئێمە ملکەچی دەسەڵاتی زمانین، دەتوانین بە شێوازی نوێ و تایبەت بە خۆمان، ڕەوتاری لەتەکدا بکەین، وەلێ بە مەرجێک گەشتر بنوێنێت، نەک بژاکێت.

(بینڤیست) گوتەنی: (تەنیا بە هۆی زمانەوە، دەتوانین واقیع بەرهەم بهێنینەوە.) بە هۆی زمانەوە دەتوانین، جیهانێکی نوێ ڕۆ بنێین و دەیان کارەکتەر بخوڵقێنین. **مانا، فەلسەفە، ئیدیۆلۆگی و ئایین، بەرهەمی کارگەی زمانن.** زمان وەک چۆن مانا بەرهەم دەهێنێت، (درێدا) گوتەنی، دەتوانێت (بەردەوام بە دەستەوەدانی مانایش دوا بخات.) هیچ نووسەرێکی گەورە شک نابەم، زمانزانێکی مەزنیش نەبووبێت. ئەوی بە هیوایە، بە زمانێکی ڕووت و ڕەجاڵەوە، ئەدەب و کولتوور زەنگین بکات، خەونێک دەبینێت، مەحاڵە بەدی بێت.

زمانی ئەدەبی، نەک هەر پێویستە لە زمانی ئاسایی باڵاتر بێت، بەڵکوو زمان لە ئەدەبدا، هێندە گرنگە، تاو ئەو ئاستەی هاوزەمان، هۆکاریشە و

مەبەستیش، تەنانەت (ڕانسۆم) دەڵێت: (**شیعر جۆرێکە لە زمان.**) ئەگەر شیعر گیاندارێک بێت، زمان کەوڵەکەی نییە، هەموو جەستەیەتی. شاعیر وەک عەوام ناپەیڤێت، بە زمانێک دەدوێت، جیاواز لە زمانی باو، هەر بە هۆی جیاواز پەیڤینیشەوە، دەبێتە خاوەنی شێوازی تایبەت بە خۆی. لە ئەدەبدا، ئەوە گرنگ نییە، چی دەڵێیت، ئەوە گرنگە، چۆنی دەڵێیت، ئەم چۆنیەتی گوتنەش، بە زمان جێبەجێ دەکرێت، هەر بۆیە لەمێژە گوتراوە: (شیعر بە وشە دەنووسرێت، نەک بە فیکر.) تێزێک هەیە، دەڵێت: (ئەگەر شیعر لە ناوەڕۆک و فۆرم پێک بێت، ئەوا ناواخن وشەیە و شێوەیش پێوەندیی نێوان پەیڤەکانە.)

بە زمانێکی ئەدەبی نووسین، نە جوانکارییە، نە دیکۆرە و نە زەخرەفە، کرۆکی ئەدەبە. بۆچی فلانە دەق، شیعرە؟ وەلام لە کن زمانی نووسینی شیعرەکەیە. (لامارتین) پەستی دەستی ئەوەبوو، زمان لە توانایدا نییە، جەستە بە بەر هەڵچوونەکانیدا بکات. (تەها حسێن) دەیگوت: (زمان زۆر لەوە بەرتەسکترە، جێی سۆزی ئینسانی تێدا ببێتەوە.) (میخائیل نەعیمە) پێی وابوو: (زمان بەشی دەربڕینی هەست ناکات،) (گۆران)یش هەر چەندی کرد و کۆشا، (نەیتوانی ئەو خەیاڵەی پێی مەست بوو، لە چوارچێوەی زماندا بەندی بکات.)(*) کە زمانزانانی مەزن، وەها بپەیڤن، ئیدی ناهەقمە ئەگەر بڵێم: کوفرە کەسێک دەسەڵاتی بەسەر زمانێکدا نەشکێت و پێی بنووسێت.

بۆ ئەوەی گەشە بە کولتووری خۆمان بدەین، پێویستە بەردەوام لە گۆڕاندا بین. (تزڤیتان تۆدۆرۆڤ) دەڵێت: (**هەر زمانێک ملکەچی یاسای گۆڕان نەبێت، دەمرێت، ئەوە نییە هەنووکە بەو زمانە ناپەیڤین کە لە ڕابردوودا پێی دەدواین.** ئەوە نییە بەشێکی گرنگ لە نووسەران بایەخێکی زۆریان بەو گۆڕانکارییانە داوە، کە بەسەر زماندا هاتوون.) ئینسان ئەگەر خاوەنی



زمانێکی زەنگین نەبێت، هانا بۆ زەبروزەنگ دەبات، بۆیە پێویستە هەمیشە لە هەوڵی دەوڵەمەندکردنی زمانماندا بین.

٢٠٠٧/٥/١٨

.............................................

(*) هەر چەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم،
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم.
لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم،
بۆچی وەها دوورن لە یەک؟ نازانم.

# ڕەخنەگر

من هیچ نانووسم، منیش وەکوو کەسانی دیکە دەخوێنمەوە، جیاوازی نێوان من و خوێنەرێکی ئاسایی، ڕەنگە هەر ئەوە بێت کە من خوێنەرێکی پاسیڤ نیم، ئەوی ئێوە بە بەرهەمی منی دەزانن، بریتییە لە کولاجکردنی بەرهەمی کەسانی دیکە، بەرهەمی من: تەنیا ڕەنگدانەوەی ئەوەیە چی و چۆنم خوێندووەتەوە. ئەوی دەینووسم دوای بڵاوبوونەوە منیش لە ئاستیدا دەبمە خوێنەرێکی ئاسایی و مافی ئەوەم نییە خوێنەرێکی دیکە بەوە تاوانبار بکەم کە بەد لێی حاڵی بووە، ئاخر ئەویش مافی خۆیەتی چۆنی دەخوێنێتەوە.

لە کن ڕووناکبیر هیچ کتێبێک یان دەسەڵاتێک هێندە پیرۆز نییە، لە سەروو ڕەخنەوە بێت. ئەگەر ئەم گوتەیە پەسەند ناکەیت، لە داهاتوودا هیچ نووسینێکی دیکەی من مەخوێنەوە، چونکە هیچی هاوبەش لە نێوانی من و تۆدا نییە، ئاخر (من ئامادەم لە پێناوی ئەوەدا، تۆش ئازادیی بیروڕا دەربڕینت هەبێت، با بیروڕاکانت بە دڵی منیش نەبن، خۆم بە کوشت بدەم،)(*) کەچی تۆ دەستت بڕوات، لەسەر بیروڕاکانم سزام دەدەیت.

هەموو ڕووناکبیرێک ڕەخنەگرە، ڕووناکبیر هەر لە ڕەخنەگرتن کەوت، ئیدی پێی ناگوترێت ڕووناکبیر. **لەسەر شانۆی ژیان، ڕووناکبیر ڕۆڵی ڕەخنەگر وازی دەکات، ڕووناکبیر ئەکتەرێکی هێندە لێهاتوو نییە، توانای نمایشکردنی هەموو ڕۆڵێکی هەبێت، ئەکتەرێکە تەنیا توانای بینینی یەک ڕۆڵی هەیە، ئەویش ڕۆڵی ڕەخنەگرە.** دەسەڵاتداری سەرکوتکەر کە زەندەقی لە ڕەخنە چووە، هانا بۆ کڕینی توانای یان بڕینی زمانی ڕەخنەگر دەبات،



وەلێ ڕەخنەگر نە لە بەردەم هەڕەشە و پەلاماردا بە چۆکدا دێت و نە بۆ پلەوپایە دەنووشتێتەوە. دەسەڵاتداری سەرکوتکەر ئەوانە بە ڕووناکبیر دەزانێت کە بە باڵایدا هەڵدەڵێن، یان لە ئاستی چەوتییەکانیدا بێدەنگ دەبن. 〈ڕووناکبیر〉ی سەر بە دەسەڵاتی سەرکوتکەر، جەماوەرێکی خۆش دەوێت کە تەنیا چەپڵەی بۆ لێ بدەن، ڕقی لەو جەماوەرەیە کە دەیخەنە ژێر پرسیارەوە. خاڵی هاوبەشی نێوان 〈ڕووناکبیر〉ی سەر بە دەسەڵاتی سەرکوتکەر و دەسەڵاتداری سەرکوتکەر ئەوەیە، هەردوو لایان، سەرقاڵی بە مێگەلکردنی جەماوەرن.

گەورەترین کارەساتێک کە بەرەو ڕوومان ببێتەوە، ئەوەیە بڕوامان بە خۆمان نەمێنێت، مردن لەو ڕۆژەوە دەستپێ ناکات کە دڵمان لە لێدان دەکەوێت، لەو ڕۆژەوە دەستپێ دەکات، کە متمانەمان بە خۆمان نامێنێت. میللەتێک بڕوای بە خۆی پتەو بێت و خەون بە ئایندەیەکی گەشەوە ببینێت، لە نیشاندانی گەندەڵی و کەموکوڕییەکان ناترسێت. ئەگەر دەست نەخەینە سەر برینەکان، ئەگەر نەخۆشییەکان دەستنیشان و چارەسەر نەکەین، ئیدی چۆن دەبینە خاوەنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست؟ ڕەخنەگر لە پێناوی داهاتوویەکی ڕۆشندا، باسی لایەنە تاریکەکانی کۆمەڵگە و ئەو دەردە کوشندانە دەکات کە جەستەی کۆمەڵیان داڕزاندووە. نەخۆشییەکان زادەی ڕەخنە نین، ڕەخنەکان زادەی نەخۆشییەکانن، ئەو نەخۆشییانە بەوە چارەسەر ناکرێن، چاو لە ئاستیاندا بنووقێنین، بەوە چارەسەر دەکرێن، ڕوو بە ڕوویان ببینەوە و هەوڵی وشککردنی سەرچاوەکانیان بدەین.

دێماگۆگیک کەسێکە دەتوانێت بەراوەژوو کەڵک لە تووڕەبوونی خەڵکی وەربگرێت. شەکسپیر لە یۆلیۆس تزاردا لە یەک دیمەندا، سەرەتا بە هۆی 〈پرۆتۆس〉ەوە و دواتر بە هۆی 〈ئەنتۆنیۆس〉ەوە، هەر جارەی بەو جۆرە خەڵکە ورووژاوەکە فریو دەدات کە خۆی دەخوازێت. بە هۆی گەمەکردنەوە

بە وشە، خەڵکەکە سەرەتا پشتگیریی لە بکوژانی یۆلیۆس تزار دەکەن، کەچی هێندە نابا سەنگەریان لێ دەگرن. ئەم نموونەیەم بۆیە هێنایەوە، بڵێیم: ڕووناکبیر، نابێت کەسێک بێت، دێماگۆگیک، میللەت بە مێگەل بزانێت، هەر ڕۆژەی جۆرە قسەیەکی بۆ بکات و فریوی بدات.

ڕەخنەگر کە (شێواز)ی هەڵسەنگاند، ئەوی نووسیویەتی ڕەخنەیەکی هونەرییە، کە (فیکر)یشی بەسەر کردەوە، ئەوە سەرقاڵی نووسینی ڕەخنەیەکی مەعریفییە. ڕەخنەی هونەری (کانت) گوتەنی: باس لەو لایەنە جوان و ئەفسووناوییانە دەکات کە وا دەکەن، ئینسان هەست بە خۆشی و ئارامیی بکات. من کە ڕەخنە لە فیکریش بگرم، هەوڵ دەدەم، وێڕای هۆشی خوێنەر، هەستیشی بدوێنم، ئەوە بۆیە هێندەی بتوانم، پاراو دەنووسم، هانا بۆ ڕستەی شیعریی دەبەم و گەمە لەگەڵ وشەدا دەکەم.

**ئەوی خاوەنی فیکر بێت، پێویستە خاوەنی زمانێکی بالایش بێت، ئەوی خاوەنی فیکرێکی نوێ بێت، دەبێت خاوەنی زمانێکی نوێیش بێت.** ڕووناکبیر پاشکۆیەکی زەلیلی فیکرێکی دێرین نییە، فیکرێکی نوێی پێیە، پاشکۆیەکی گوێڕایەڵی دەسەڵاتدارێکی سەرکوتکەر نییە، خۆی دەسەڵاتدارە، دەسەڵاتی وی لە مەعریفەوە سەرچاوە دەگرێت. پێویستە هەمیشە ڕووناکبیر (ئازا)یانە مامەڵە لەگەڵ زماندا بکات، دەبێت لە بواری بە شێوازی تازە بەگەڕخستنی زماندا، نەک هەر ئازا، بەڵکوو سەرچڵیش بێت، ئەوە بۆیە هەوڵ دەدەم بۆ گوتنی ئەو شتانەی بە حەقیقەتیان دەزانم، هانا بۆ مەجاز ببەم و گوێ نەدەمە ئەوەی دەبمە نیشانە بۆ تانەی ئەوانەی هەست بە جیاوازیی نێوان حەقیقەت و مەجاز ناکەن.

.........................................

(*) ڤۆڵتێر.



## ماڵێک لە وشە

ئەوە هیچ ڕاست نییە کە دەڵێن، ڕەخنەگر پێویستە تەنیا قسە لەسەر ناوەوەی دەق بکات و نە بە چاک نە بە خراپ بە لای ئەو شتانەدا نەچێت کە لە دەرەوەی دەق ڕوو دەدەن. ئەگەر بڕوامان بە پێوەندیی نێوان دەق و واقیع هەبێت، ئەوا ناچار دەبین باس لەو واقیعەیش بکەین کە دەقەکە بەسەری کردووەتەوە، ئەگەر بڕوایشمان بەو گوتە دێرینە نەبێت کە دەڵێت، ئەدەب ئاوێنەی واقیعە، خۆ لای کەم پێویستە بڕوامان بە دەقئاوێزان هەبێت و باس لەو تێکستانە بکەین کە جێپەنجەیان بەو دەقەی بەر دەستمانەوە، کە خەریکین لێی دەکۆڵینەوە، دیارە. ئێمە بخوازین یان نا، دەق پێوەندییەکی قووڵی هەم بە واقیعێکەوە هەیە و هەم بە دەقی پێشینانیشەوە.

ئۆرهان پاموک دەڵێت: (ئەگەر چی خۆم بە نووسەرێکی پۆستمۆدێرنیست دەزانم، وەلێ هێشتا بە شێوە دێرینەکە، بە قەڵەم دەنووسم، قەڵەم بەشێکە لە پەنجەم، ئەو مێزەشی لەسەری دەنووسم، هەندێکە لە جەستەم.) پێوەندییەکی گەرم و گیانیی لە نێوان نووسەر و ئەو کتێبانەدا هەیە کە دەیانخوێنێتەوە. پێوەندییەکی قووڵ و پتەو لە نێوان نووسەر و خوێنەردا هەیە. **وەک چۆن بە یەک دەست تەوقە ناکرێت، بەرهەمی ئەدەبیش بێ هەبوونی خوێنەر، باڵدارێکە باڵشکاو، بەرهەمی ئەدەبی وەک بەیتێکە لە شیعر، نیوەی یەکەمی نووسەر دەیڵێت و نیوەی دووەمیشی خوێنەر.** ئەها خوێنەران لە جەی. کەی. ڕۆلینگ دەپاڕێنەوە و دەڵێن: نەکەی هاری پۆتەر بکوژیت! ئاخر بەوە هێندە نیگەران دەبین، وەک ئەوە وایە، نزیکترین

دۆستمان لە کیس بچێت. تۆمەتبارکردنی خوێنەر بەوەی لە بەرهەمی فلان نووسەر تێناگات، بەڵگەیە بۆ کەمتوانایی نووسەرەکە و لاوازیی کارەکەی، ئەوە نییە خوێنەر لە نووسینی بزماری، هیرۆگلیفی و هیراتیکی تێدەگات! **وشە لە سێو دەچێت، لە بەرهەمی نووسەری ڕاستەقینەدا دەڵێیت سێوێکی پێگەییشتووە بە لقی درەختەکەیەوە، لە نووسینی نووسەری بێتواناداا، دەڵێیت سێوێکی وشکهەڵاتووە لە بنی دارەکەیدا.**

ئەوە ڕاست نییە کە دەڵێن: (شیعر دەرزییەکی زێڕینە لەناو پووشی مێژوودا بزر بووە،) نا، لە شەوانی ئەنگوستەچاودا، **شیعر تاڤگەیەکە لە ڕووناکی**، شیعر داکۆکیکردنە لە ژیان، ژیانێک کە خۆمان دەیخوازین، نەک ئەو ژیانەی ئەم مەلا یان ئەو پێشەوا، دەیانەوێت بە سەرمانیدا بسەپێنن. شیعر تاقە شوێنێکە کە دەتوانین هاوزەمان خۆمانی تێدا نیشان بدەین و خۆمانی تێدا بشارینەوە. (شیعر بۆ ئەوە ناگوترێت تا لێکی بدەینەوە، بۆ ئەوە دەنووسرێت تا لێی ڕابمێنین.) **شیعر ڕێنیشاندەرە و هەمیشە شاعیرانی مەزن، ڕۆڵیان لە ڕووناکردنەوەی ڕێی گەلەکانیاندا هەبووە و لە وەختی پێویستدا، بەر لە هەمووان، ئەوەیان گوتووە کە پێویست بووە بگوترێت و ئەوەیان کردووە کە پێویست بووە بکرێت.** شاعیری مەزن ئەو ڕێسایە ڕەچاو ناکات کە زۆرینە بە پیرۆزی دەزانن، ڕێسایەکی نوێ دادەهێنێت، ڕێسای بە پیرۆز نەزانینی ڕێسا.

مەلا کەسێکە وەک ڕۆژنامەنووس، (مەلایەتی)یش وەک ڕۆژنامەنووسیی، پیشەیەکە بۆ دابینکردنی بژێوی. (مەلا نە خۆی پیرۆزە، نە پیشەکەی،)[1] وەک چۆن نە ئەکتەر پیرۆزە و نە نواندن، نە نووسەر پیرۆزە و نە نووسین. وەک چۆن ڕەخنەگر لەسەر خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی دەژی، مەلایش لەسەر لێکدانەوەی دەقی پیرۆز دەژی، بۆیە وەک چۆن نووسەر لە سەرتاش پیرۆزتر نییە، مەلایش لە دارتاش پیرۆزتر نییە، ئەوی



پیرۆزە قورئانە نەک مەلا. هەموومان لە هەوڵی خۆژیاندنداین، پەرلەمانتار بە هۆی (پێش)نیازەوە و مەلایش بە هۆی (پێش)نمازییەوە.

**وەک چۆن هیچ نووسەرێک مافی ئەوەی نییە مەلایەک بە گێل بزانێت و پێی بڵێت، ئەمە سوودبەخشە و ئەوە زیانبەخش، ئەمە گرنگە و ئەوە بێبایەخ، مەلایش مافی ئەوەی نییە ئەم و ئەو بە گەوج بزانێت و چاک و خراپ، واقیع و خەیاڵیان بۆ دەستنیشان بکات.** مەلایش لە بەردەم یاسادا هەمان مافی هاووڵاتییانی دیکەی هەیە، مەلا دادوەر نییە، تا بەم هاووڵاتی بڵێت، تۆ هیچت لەسەر نییە و ئەوی تر بە تاوانبار نێوزەد بکات، مەلا مافی ئەوەی نییە ئەم ناو بنێت باوەڕدار و ئەوی تر، کافر. مەلا هەقی ئەوەی نییە بەم بڵێت بەهەشتی و بەو بڵێت، دۆزەخی، خۆ مەلا بریکاری خودا نییە.

مەلا مافی ئەوەی نییە وەک تۆمەتبار و گومانلێکراو سەیری ڕووناکبیران بکات و هەر کە گوتەیەک یان لێکدانەوەیەکی یەکێکیانی بە دڵ نەبوو، بە فەتوایەک بیکافرێنێت. تەنانەت ئەگەر کەسێک پڕ بە مانای وشەکە کافریش بێت، مەلا مافی ئەوەی نییە شمشێر بە ڕوویدا هەڵبکێشێت یان تفەنگی لێ بهێنێتە سەر پێ، ئەوە ئیشی خودایە لەو دنیا دەیبەخشێت یان سزای دەدات. خەو بە سەرهەڵدانی مەلایەکەوە دەبینم، لەبری کافراندنی ئەم و ئەو، بڕوای بە وتووێژی شارستانی هەبێت.[2] **شاعیر و مەلا هەردووکیان ناساغن، ئەمیان تووشی نەخۆشیی بیۆفیلیا هاتووە و ئەویان، نیکرۆفیلیا.**

هەر کە بەریتانیا نازناوی (سوارچاک)ی بە سەلمان ڕوشدی بەخشی، دەستبەجێ (یەکیەتیی زانایانی ئایینی پاکستان)یش نازناوی (شمشێری خودا)ی پێشکەش بە ئوسامە بن لادن کرد. **جێگەی مەلا ماڵی خودایە و ماڵی شاعیر لە وشە ڕۆ نراوە.** شەریعەت لە گەردنی لێکدانەوەی مەلا ئالاوە و شاعیر جڵەوی بۆ خەیاڵ و هەست و سۆزی شل کردووە. (هەموو

ئەو ئازادییەی لە وڵاتانی ئیسلامیدا هەیە، بەشی تاقە شاعیرێک ناکات،)[3] کەچی لە ڕوانگەی مەلاوە، شاعیران خراپ سوود لەو ئازادییەی دابین کراوە، دەبینن.

مستەفا بارزانی، (مەلا)ی لە پێش ناوی خۆیەوە نەدەنووسی، ئەوە تەنیا ناحەزانی کورد بوون، مەلا یان (موللا)یان پێ دەگوت. کورد کە ڕێز لە قازی محەممەد دەگرێت، لەبەر ئەوە نییە کە پیاوێکی ئایینی بووە، لە سۆنگەی ئەوەوەیە، لە پێناوی کوردستاندا گیانی بەخشیوە. **خانی، جزیری، مەولەوی، نالی، مەحوی، شێخ محەممەدی خاڵ و مەلاعەبدولکەریم مودەڕیس، لەبەر ئەوە جێگەی ڕێز و مایەی شانازین، چونکە خزمەتی ئەدەب** و **کولتووری کوردیان کردووە، نەک لەبەر ئەوەی پێشنوێژی فلان مزگەوت، یان مەلای فیسار گوند بوون.** فیردۆسی، حافیز، جەلالەدینی ڕومی و سەعدی، بۆیە ڕووی گەشی ئێرانن، چونکە شاعیر بوون، نەک لەبەر ئەوەی زانای ئایینی بوون. ئەوە تەنیا شیعری باڵای ئەو زاتانەیە، بە دەیان زمان هەیە و دنیا تەی دەکات، نەک هیچی دیکە. **زانایانی ئایین بەوە دەبنە جێگەی ئەوپەڕی ڕێز و مایەی گەورەترین شانازی کە داکۆکی لە ئازادی بکەن، بریا مەلایانی هێژای کوردستان دەرسیان لە ئەزموونی خەباتی ئازادیخوازانەی مارتن لۆسەر کینگی ئەمریکایی، قەشە مەکاریۆسی قوبرسی و دیزمۆند توتوی باشووری ئەفریکایی وەردەگرت.**

٢٠٠٧/٧/٢٧

---

(١) شاكر النابلسي، لماذا أصبح رجال الدين ألان قادة الركبان؟ ٢٠٠٧/٧/١٨ إيلاف.

(٢) وجادلوهم بالتي هي الأحسن.

(٣) يوسف ئيدريس.



## ئەوی کتێب بسووتێنێت،
## ئینسانیش دەسووتێنێت

لە شاری سلێمانی، جەمال عیرفان لە ١٩٢٣/١٢/٢٣دا، لەسەر فیکر تیرۆر دەکرێت، شەست و دوو ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، عەبدولخالیق مەعرووف، لە هەولێر، لە ١٩٨٥/٤/١٠دا لەسەر کتێبی (ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا) بە هەمان چارەنووس دەگات. لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەمدا لە سلێمانی (ڕەئووف زوهدی و عومەر تۆفیق)یش تیرۆر دەکرێن، یەکەمیان لەسەر کتێبی (بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە؟) و دووەمیان لەسەر نامیلکەی (منداڵنەبوون بەبێ حەب،) تەنانەت نووسینی کوردی بە حەرفی لاتینی، لای بەعس، (دەکەوێتە خانەی دژایەتیکردنی حەرفی عەرەبییەوە و ‹دڵشاد مەریوانی›ی لەسەر دەکوژرێت.)[1] (کەریم زەند)یش چونکە ئینجیلی کردبووە کوردی، هەوڵی کوشتنی دەدرێت و بە سەختی بریندار دەکرێت.

جاران زانایانی وەک حەللاج، قورتوبی و سەهرەوەردی تیرۆر دەکران، لەم سەردەمەشدا حسێن مروە، مەهدی عامیل، فەرەج فۆدە و فەرهاد فەرەج دەکوژرێن، نەجیب مەحفووز، عەزیز نەسین، سەلمان ڕوشدی و تەسلیمە نەسرین فەتوا و هەوڵی کوشتنیان دەدرێت، عەلی عەبدولڕەززاق و د. جەلال سادق ئەلعەزم بە دادگا دەدرێن، عەلاء حامید زیندانی دەکرێت و د. نەسر ئەبوزەید ناچار دەبێت زێدی خۆی جێ بهێڵێت.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥دا عەبدولخالیق مەعرووف (ئادەمزاد لە

کۆمەڵی کوردەوایدا)ی[2] چاپ و بڵاو دەکاتەوە، پێشتر سانسۆر بواری چاپکردنی هەمان کتێبی کە بە ناونیشانی (ژن لە سایەی ئیسلامدا) بۆی نێردرا بوو، نادات. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبەکەدا (ئەمن) کە بەدناوترین دەزگای سەرکوتکەری ڕژێمی بەعس بوو، دەست لەگەڵ کۆمەڵێک مەلای توندڕۆدا تێکەڵ دەکات و هەر چییان بۆ زڕاندنی ناوی نووسەرەکەی لە دەست دێت، دریغی ناکەن، سەرەتا فەرمانی لەنێوبردنی کتێبەکە دەر دەکەن و دواتر لە لە ١٠ی ئەپریلی هەمان ساڵدا نووسەری کتێبەکە تیرۆر دەکەن. (ئەوی کتێب بسووتێنێت، ئینسانیش دەسووتێنێت.) بەعس ڕاستیی ئەو گوتەیەی هاینریش هاینەی شاعیری ئەڵمانی دەسەلمێنێت.

پەنابردنە بەر تیرۆر ڕەنگدانەوەی لاوازی و ترسنۆکییە، هەرگیز هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت نووسەرێکی ڕاستەقینە بسڕێتەوە، بلّند حەیدەری گوتەنی (گوللەیەک چۆن پێی دەکرێت کۆتایی بە ژیانی نووسەرێک بهێنێت کە داهێنانی بووبێت بە بەشێک لە ژیانی کەسانی دیکە؟) عەبدولخالیق مەعرووف چاوەڕێی ئەوەی دەکرد پێستی بکەن بە چەکمە و (کاسەری سەریشی بە تەپڵەکی جگەرە،)[3] بەڵام ئەوەی بە ملکەچی دەزانی، لێ بگەڕێت بەعس و کۆمەڵێک مەلای توندڕۆ وێنەی ئێستا و داهاتووی وڵاتەکەی بکێشن.

عەبدولخالیق مەعرووف دەیزانی گەلانی ئەورووپا لە ئەنجامی خەباتێکی درێژخایەنەوە لە دەسەڵاتی کلێسا ڕزگاریان بووە، دەیزانی ئەورووپا بە کۆششێکی دژوار کۆمەڵێک دەستکەوتی مەزنی بە دەست هێناوە، لەوانە: ئازادکردنی گەردنی سیاسەت لە کۆتی ئایین، بنیاتنانی عەقڵێکی ڕەخنەگرانە کە پێی وایە، هیچ شتێک لەسەروو ڕەخنەوە نییە، ئازادیی بیروڕا دەربڕین و ئازادیی ویژدان، واتا ئازادیی بڕوا هەبوون یان نەبوون بەم یان بەو ئایین، ئەویش چرای هەمان خەباتی لە کوردستان هەڵکرد. ئەو



ڕۆشنبیرێکی مەزن و شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە بوو، بۆیە تیرۆر کرا، ئەگەر مولحیدێکی ساکار و نووسەرێکی ڕووکەش بووایە، لێی نەدەتۆقین و نەیاندەکوشت.

عەبدولخالیق مەعرووف شارەزای لاپەڕە خوێناوییەکانی مێژوو بوو، دەیزانی بەششاری کوڕی بورد، بە تۆمەتی زەندیقی لەژێر بارانی قامچیدا گیانی لە دەست دا و (کەعبی کوڕی شەرەف)یش بە تاوانی لاقرتی بە سیمبۆل کردن، سەری لە لەشی جوێ کرایەوە، دەیزانی دەشێت ئەویش هەمان چارەنووسی هەبێت. عەبدولخالیق مەعرووف لە کتێبەکەیدا بە پشتبەستن بە دەقی قورئان، گوتە و هەڵسوکوتی پەیامبەر و بۆچوونەکانی ئیمام شافیعی، تێڕوانین و مامەڵەی ئیسلام سەبارەت بە ژن ڕوون دەکاتەوە. ئەو نە سووکایەتیی بە ئیسلام کردووە، نە بەو مەبەستەش هەڵوێستی ئیسلامی دەربارەی ژن شی کردووەتەوە.

(١) كنعان مكية، القسوة و الصمت، ط١ ص ١٥١ دار الساقي ١٩٩٤ لندن.

(٢) عەبدولخالیق مەعرووف، ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا، دار الجاحظ ١٩٨٥ بغداد. نووسەر ئەم کتێبانەی دیکەشی بڵاو کردوونەوە:

* ئەنتێنا، چاپخانەی کوردستان ١٩٧٧ هەولێر.
* تەکنینکار، چاپخانەی بابل ١٩٨١ بەغداد.
* دیوانی نالی و کێ ڕاستە؟ چاپخانەی المؤسسة العراقية للدعاية و الطباعة ١٩٨٤ بەغداد.

(٣) عەبدولوەهاب بەیاتی.

# بۆ خوێنەرێکی کەمئەمەک

ببوروە کە دەڵێم، ئەوە تۆی ئاگات لە نووسینی من نەماوە، ئەگەر نا من هەر وەک جاران دەنووسم. ئەگەر ئەو ئەرکەت کێشابا و سەیری (هاوڵاتی، میدیا، هەولێر پۆست و هەرێمی کوردستان)ت کردبا، دەتزانی لەوساوە لە کوردستانم، لەو شێوازە نووسینە لام نەداوە کە تۆ منت پێ ناسیوە و هەر بە هەمان ڕاشکاوی دەنووسم. وەک وەختی خۆت بە خوێندنەوەی بڵاوکراوەکانی کوردستانەوە، بەفیڕۆ نادەیت و سەردانی سایتی ئەو بڵاوکراوانە ناکەیت، ئەدی خۆ دوا کتێبی من، (ڕۆشنبیر و دەسەڵات) وێڕای سایتی (دەنگەکان) لە (کلاوڕۆژنە)یشدا دەبینرێت؟ سەرنجێکی بدە! هێمن گوتەنی، بزانە (لە منڕا هیچ خەتایەک ڕووی داوە؟)

من چواردە ساڵ بوو سلێمانیم نەدیتبوو، هەر گەیشتمەوە ئەو شارە، پاش سێ سەعات، هەوڵی تیرۆرکردنم درا، سێ گوللە بەر لەشم و دووان بەر چاکەتەکەم کەوت، تۆ کە هێندە شەیدای پەیڤی منی، ئەوە بۆچی ئەوسا نامەیەکی پشتگیریت بۆ نەنووسیم؟ ئاسوودە، بێخەم، دڵنیا، خاترجەم و ئەرخەیان بە، نە قەڵەمەکەم ڕووزەرد دەکەم و نە خوێنەرانم نائومێد. بۆچی تۆ پێت وایە، شێوازی نووسین، کراسێکە تا من بتوانم زوو زوو بیگۆڕم یان لە تاراوگە جێی بهێڵم؟ نا، وەک خۆت نووسیوتە، (تۆ قوتابییەکی بێئەدەبی من نیت،) خوێنەرێکی کەمئەمەکی منیت، خوێنەرێک بێ ئەوەی خۆی ماندوو بکات، قسە فڕێ دەدات. خۆزگە لە منەوە کە بێ بەڵگە و سەرچاوە، قسە ناکەم، فێری ئەوە دەبوویت، خۆت لە حوکمدانی نابینایانە بپارێزێت.





باشە من گوناهم چییە، ناچار بم، باسی ئەوە بۆ تۆ بکەم، کە لە ساڵی ڕابردوودا، چەندان گوتارم، دژی دەسەڵاتدارانی دزێوڕەوتار، گەندەڵکاران، ئەنفالچییان، ئیسلامی توندڕۆ و فیکری باو نووسیوە؟ حەز دەکەم ئەوە بزانیت، هێندە ڕێزم بۆ وەختی خۆم هەیە، ئەگەر ددان بە خۆمدا بگرم، پێم خۆش نییە، بە ستوونێکیش باسی سیاسەت بکەم، ئاخر من خۆم بە ئەدیب دەزانم و **باسی سیاسی با زۆر قووڵ و جوانیش نووسرابێت، هێندە نابات، بەهایەکی ئەوتۆی نامێنێت**. ئەمە وێڕای ئەوەی کورد پەکی لەسەر نووسینی سیاسی نەکەوتووە، ئاخر هەر قەڵەمبەدەستێک بگریت، خۆی بە توێژەرەیەکی سیاسیی پلە یەک دەزانێت و چۆمسکی بە شاگرد ڕاناگرێت. دەزانیت **هەر چیم دەربارەی سیاسەت نووسیوە، بێ دوودڵی دەیگۆڕمەوە بە یەک ڕستەی شیعری**.

هەق نەبوو بێ بەڵگە، پێشبینی ئەوە بکەیت، ڕۆژێک دادێت، من پشت بکەمە خەڵک و لە سەر خواستی پاشا بنووسم. دڵنیا بە ئەو پێشبینییەت درەختێکە زڕ و ناحەزەکانم بەو داخەوە سەر دەنێنەوە. زۆر جار کەوتوومە بەر پەلاماری ئەوانەی، تەنیا چاکەم بۆیان هەبووە، ئەوەتا تۆش کە بە ددانپێدانانی خۆت، ساڵانێکی دوور و درێژ، سوود و چێژت لە نووسینم وەرگرتووە، بێ بەڵگە تۆمەتم بۆ دەهۆنییەوە. **تکایە پەراسووی من مەکە بە پەیژە، ناوی من مەکە بە ناونیشانی نووسینی خۆت، ئاخر ئەوە شێوازێکی نادروستە، بۆ ڕاوکردنی خوێنەر.**

٢٠٠٧/٤/١٣

## سڵاو

## لەوانەی نووسینم هەراسانی کردوون

تەواو بە پێچەوانەی ئەوانەوە کە ماستاو بۆ دەسەڵاتدارانی گەندەڵکار سارد دەکەنەوە و پەلاماری بێدەسەڵاتان دەدەن، بە گژ دەسەڵاتدارانی گەندەڵکاردا دەچمەوە و لایەنی بێدەسەڵاتان دەگرم. چەرچڵ دەیگوت: 〈ئەوە ئاساییە سیاسەتباز درۆ بکات، ئەوە سەیرە ڕاستی بڵێت.〉 سەرقاڵی سیاسەتبازی نیم، تا پێویستم بە هانا بۆ درۆ بردن ببێت. بۆ ئەوە دەستم نەداوەتە قەڵەم، تا درۆی پێ بنووسم. قەڵەمم ئەسپێکە، دەزانم لەگەڵ نووسینی یەکەم درۆدا لە بەرزترین لوتکەوە بۆ قووڵترین خەرەندم بەر دەداتەوە. تاقە نهێنییەک کە وای کردووە، نووسینم ئارامی لەبەر کەسانێک بڕیبێت، درکاندنی ڕاستییە.

هەندێک کەس بەو ئومێدەی بیانکەمە پاڵەوانی ساتیر، بریندارم دەکەن، درەختی ئاواتی ئەوانە، دارێکە زڕ و بێسێبەر. هەندێک کەسی مردوو، دەیانەوێت لە ڕێگای بریندارکردنی منەوە، ڕۆڵی زیندوو وازی بکەن. هەندێک کەس کە هەرگیز ناوم نەهێناون، بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن، گوایە ڕەخنەم لێ گرتوون. هەندێک کەس نووسراو بە ناوی وەهمییەوە بڵاو دەکەنەوە و تێیدا هێرش دەکەنە سەر من و ستایشی خۆیان دەکەن. لە ناخی دڵمەوە بەزەییم بە هەموو ئەو بەستەزمانانەدا دێتەوە. ئەوی بە ناوی وەهمییەوە، جنێو بەم و بەو بدات، ستایشنامە بۆ خۆی بنووسێت و لە هیچی نەبوو خۆی بە نووسەر بزانێت، نابێت وەڵامی بدرێتەوە، بەڵکوو پێویستە دەستی کۆمەکی بۆ درێژ بکرێت.



خوڕ خوڕ گریانم بۆ ئەوانە دێت کە تووشی دەردی دژایەتیکردنی من هاتوون، ئاخر ئەوانە بەردەوام بەو دەردەوە دەتلێنەوە و بۆ تاوێکیش ئۆخژن نابێتە میوانیان. هیوادارم چی زووترە لەو دەردە کە ژیانی لێ تاڵ کردوون، ڕزگاریان ببێت و پاشماوەی تەمەنیان بۆ ئەوین، نەک بۆ ڕق لە من بوونەوە، تەرخان بکەن. چونکە ئینسان جارێک دەژی، زۆر نیگەرانم بۆ ئەوانەی نووسینم وای هەراسان کردوون، کانیاوی ئەو تاقە ژیانە، بە دوژمنایەتیکردنی من لێڵ دەکەن.

**بۆ ئەوەی داهێنەر بیت، پێویستە ئازاد بیت، بۆ ئەوەی ئازادیش بیت، پێویستە خۆت سەروەری خودی خۆت بیت. ئەوی کۆیلەی حیزب، دەسەڵات، فیکر یان ئایین بێت، نە ئازادە و نە داهێنەر.** کە دەنووسم، قەت مەبەستم ئەوە نییە ئەم و ئەو بریندار بکەم، ئەگەر کەسێک بە نووسینم بریندار ببێت، دەشێت هی ئەوە بێت کە گوتنی ڕاستی، زۆر جار بریندارکەرە. **جیاوازیی سەرەکیی لە نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتداری نادیموکراتدا ئەوەیە، ئەمیان خەو بە لەدایکبوونی نەوەیەکەوە دەبینێت کە بە هیچ هێزێک کەویی نەکرێت و ئەویان سەرقاڵیماڵیکردنی خەڵکە.**

مەحاڵە ڕابردوومان فەرامۆش بکەین و سەرلەنوێ ژیان دەست پێ بکەینەوە. ئینسان وێڕای گۆڕانکاری و وەرچەرخانەکان، بەردەوام درێژە بە ژیانی ڕابردووی دەدات، ئاخر ناتوانێت یادەوەری و دیرۆکی خۆی بسڕێتەوە و لە سفرەوە تێ هەڵبچێتەوە. پێی ناکرێت پەڕەیەکی تازە کە هیچ پێوەندیی بە ڕووپەلەکانی پێشووی دەفتەری ژیانییەوە نەبێت، بکاتەوە. قارەمانی ڕۆمانی (بێ چارەنووس)ی ئیمرە کیرتیز دەڵێت: (مەگەر سەرلەنوێ لە دایک ببمەوە، ئەگەر نا ناتوانم سەرلەنوێ ژیان دەست پێ بکەمەوە،) بۆیە پێ ناچێت، ئەو کلۆڵانەی بە دوژمنی سەرەکیی خۆیانم دەزانن، بەم نزیکانە دەستبەرداری ئەو دوژمنایەتیکردنە بن.

حەز دەکەم گەشترین لایەنی نووسینم، سڵ نەکردنەوە بێت لە گوتنی ڕاستی. پێم خۆشە، وشەکانم بە دوو باڵ بفڕن، باڵی بوێری و باڵی ڕاستگۆیی. ڕووی دەمی نووسینم لەوانە نییە کە بڕیاریان داوە تا مردن هەر کۆیلە بن و تەنیا وەختێک ناویان ببیسترێت کە بە گڤ تریفەی وشەمدا دێنەوە، بۆ ئەوانە نانووسم کە ئەم حیزب یان ئەو فیکر بە پیرۆز و لەسەروو هەڵەوە دەبینن، نووسینم بۆ ئەوانەیە کە ئازادیی خودی خۆیان بە لاوە پیرۆزە. منداڵ لە جەستەی دایکیدا دەخوڵقێت، نووسینی نووسەری هەقبێژیش لە ڕۆحیدا دروست دەبێت و هێندە گوێ بە گوشاری دەرەوەی خودی خۆی نادات.



# چەقۆ و قەڵەم

(سووک سەرنجی ئەو گەنجە پانتۆڵشڕ و پێڵاودڕاوە مەدەن!
کێ دەڵێت خاوەنی دڵێکی بەرین و مێشکێکی کراوە نییە؟)

هەندێک خۆ بە نووسەر زان، کە قەوارەی قسەیان زۆر لە توانای خۆیان گەورەترە، هەندێک خۆ بە ڕۆژنامەنووس زان، کە توانای داڕشتنی هەواڵێکیان نییە و ئەگەر وشە بەها و نرخی ڕاستەقینەی خۆی پەیدا بکاتەوە، هەرگیز سنووری پۆستەی خوێنەران نابەزێنن، هەندێک خۆ بە قارەمان زان کە هەر لە یەکەم تەنگانەدا، کرۆکیان بەدەر دەکەوێت کە پاڵەوانێکن لە کارتۆن، هەمیشە لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندان، ئۆپۆزیسیۆنێک کە خۆی لە خۆهەڵکێشانی هەرزەکارانە و قسەی پفدراوی پووچ و وشەی دزێودا، نمایش دەکات.

بە هۆی بەرهەمی قێزەونی ئەو جۆرە خۆ بە شت زانانەوە، کە پانتاییيەکی زۆریان لە بڵاوکراوە بەربادە زۆر و زەبەندەکاندا داگیر کردووە، خەریکە لای خوێنەری ئاسایی، جیاوازیی لە نێوان پەخشانەشیعر و جنێوەگوتاردا نامێنێت، خەریکە نووسەرانی ڕاستەقینە، لە شەرماندا دەست لە نووسین هەڵبگرن. مایەی خۆشحاڵییە خوێنەری هۆشیار ئاگادارە، هەر یەکێک لەو قەڵەموەشێنە قسەزلانە، نەقیزەی دەستی کام دەستڕۆییشووە و پێوەندیی بە کام دەزگای هەواڵگرییەوە هەیە.

(پێم ناخۆشە دنیا گۆڕانی بەسەردا بێت، بۆ ئەوەی هەمیشە دژی دنیا بم.)(*) ئەمەیە دروشمی ئەوانەی کە لە قسەی زلی زبر بترازێت، هیچی

دیکەیان پێ نییە و بە هەڵە دەستیان داوەتە قەڵەم و هەق وابوو دەست بدەنە چەقۆ. (لەسەر فلانم نووسیوە، پۆرتیم خستووەتە عەلاگەوە! لەسەر فیسارم نووسیوە، هاکا کەوتە سەر جادە! ئەگەر جنێو نەدەم، کەس نامخوێنێتەوە!) ئەمەیە ئاستی ڕۆشنبیری و پەیامی نووسینی ئەو قەڵەموەشێنانەی کە ئەوی شکی نەبن، مەعریفەیە و هەق وابوو چەقۆوەشێن بن. نازانم نهێنیی سەرکەوتن چییە، وەلێ دەزانم وەک چۆن ئەوە نییە هەمووان لێت ڕازی بن، هەر وا ئەوەش نییە هەمووان لێت ناڕازی بن. بۆ ئەوەی لە هەر بوارێکدا سەرکەوتوو بین، پێویستە هاوسەنگیی خۆمان ڕابگرین، هەر کە هاوسەنگیمان تێک چوو، ئیدی سەرکەوتن مەحاڵە، زەقترین نیشانەی تێکچوونی هاوسەنگی، هانابردنە بۆ زمانێکی نزم.

ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە، زۆر بیر دەکاتەوە و کەم دەنووسێت، خۆی لە درێژدادڕی، شلکردنی جڵەو بۆ سۆز و هەڵچوون، بە دوور دەگرێت، نە بەڵێنی زل زل دەدات، نە هەڕەشە لەم و لەو دەکات و نە خۆی لێ دەبێتە قارەمان و کاریزما، ئاخر خۆ بە قارەمان زانین، پێمان خۆش بێت یان نا، زادەی گرێی هەست بە کەموکوڕی کردنە. ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە بە زمانێکی نزم نانووسێت، بە زمانێک دەنووسێت، ئەدەبی لێ بچۆڕێت، ئاخر ئەوە زمانی جوان بوو، وای کرد (چەرچڵ)ی سیاسەتمەدار، نۆبێڵ لە ئەدەبدا وەربگرێت.

ئەگەر ڕێک کەوت لە نووسینێکی ئەو قەڵەمکێشانەدا، تووشی ڕستەیەکی جوان هاتیت، هیچ گومانت نەبێت، ئەو ڕستەیە دزراوە، ئاخر ئەوی پێی ئاسایی بێت بە زمانێکی نزم بنووسێت، سڵ لە دزیکردنیش ناکاتەوە. پارادۆکس ئەوەیە، ئەوانە ئەگەر چی تەمومژی ئەستووری جەهل بەرچاوی لێڵ کردوون، وەلێ پێیان وایە، بەرچاوی خەڵک ڕۆشن



دەکەنەوە! نووسینی ئەوانە ئەگەرچی بۆنێکی لێ دێت، هیچ لووتێک ئارەزووی ناکات، وەلێ پێیان وایە، ئەوی دەینووسن، هەڵگری عەترێکە لە گوڵی بەهەشت چێ کراوە! با وای دابنێین یەکێک لەوانە خاوەنی پەیامێکی جوانە، وەلێ ئایا زمانێکی ناشیرین، توانای گەیاندنی پەیامێکی جوانی هەیە؟

٢٠٠٧/٤/١٩

.............................................

(*) جان جینێ.

# کێوی بووم، تۆ کەویت کردم

ئازادی شتێک نییە، بتوانین لە دەرەوە
بیهێنین، ئەگەر هەبێت لە ناخی
خۆماندایە.
(غەسسان کەنەفانی)

غەسسان کەنەفانی پیاوێک بوو، پاک، نە
سامان توانی پیسی بکات، نە دەسەڵات.
(غادە سەممان)

ئەگەر پێت وایە بزربوونی من، شتێک دەگۆڕێت و دەبێتە هەوێنی بەختیاریت، هێندەم خۆش دەوێیت، دەتوانم بەو شێوەیەی دەخوازیت، لەبەر چاوت بزر بم. بۆ هەر کوێیەک سەفەر بکەیت، هەر چەند لێم دوور بیت، لەبەر چاوم بزر نابیت. دووری و دابڕان، ناتوانن ئەو شتە هاوبەشانەی نێوانمان کە لەسەر بناغەی ڕاستگۆیی و جوانی ڕۆ نراون، بڕووخێنن. **تەنیا تاقە ژنێک، تەمەنی پیاوێک داگیر دەکات، ئیدی هەر ژنێکی دیکە بناسێت، هەوڵدانە بۆ قەرەبووکردنەوە و لەبیرچوونەوەی ئەو تاقە ژنە و دوای ئەو ئەوینە ڕاستەقینەیە، نە ژیان جێی بەختیارییەکی دیکەی تێدا دەبێتەوە و نە تەمەن بەشی ئەوینێکی دیکە دەکات، تۆ ئەو تاقە ژنەی ژیان و تەمەنی منیت.**

هەرگیز کەسی وەک تۆم نەناسیوە، هێندە لێتەوە نزیکم، قەت لە کەسی دیکەوە، هێندە نزیک نەبووم. ددانی پێدا دەنێم، من کێویی بووم، ئەوە تۆ



بوویت، کەویت کردم. تۆ ئەگەرچی بەردەوام گەمارۆت داوم، وەلێ من هەمیشە چاوەڕێتم، هەر وەک کەسێک چاوەڕێی گەڕانەوەی نیشتمانێک بکات کە لەمێژ بێت لە کیسی چووبێت. لە دووریت، مۆمێکم، دڵۆپ دڵۆپ دەتوێمەوە، وەک چۆن ناوی خۆمم لەبیر ناچێتەوە، هەرگیز تۆیش فەرامۆش ناکەم، ئەو ڕۆژەی تۆم لەبیر بچێت، وەک ئەوە وایە نیشتمانم لە کیس چووبێت. وەک چۆن دەستبەرداری وڵاتەکەم نابم، هەر وایش قەت واز لە تۆ ناهێنم و خەباتی بێ وچانی درێژخایەنم، لە پێناوی ئەوەدایە بە تۆ بگەم، ئاخر تۆ، ڕابردوو، ئێستا و ئایندەی منیت، ئاخر تۆ نیشتمانی منیت، ئاخر بە هۆی تۆوە، وابەستەی نیشتمانم.

تۆ تەنیا بیر لە چارەنووسی خودی خۆت دەکەیەوە و من خەیاڵم لای ئایندەی کەسانی دیکەشە. ترسنۆک نیم، ئەوە ئەمەک و قوربانیدانە بۆ کەسانی دیکە، تۆ بە ترسنۆکیی لێک دەدەیەوە. وا هەست دەکەم لە ناوەندی خمخۆرکێکدام،(١) نازانم بگەڕێمەوە دواوە باشە؟ یان بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێم؟ **من دیلی دەستی ئەوینی تۆم و تۆیش وەک چۆلەکەیەکی ئازاد، بەردەوام لە ئاسمانی خەیاڵمدا لە شەقەی باڵ دەدەیت.**

با لێشم نەپرسیتەوە، وەلێ من هەمیشە دێمەوە بۆ لات، وەک ئەو منداڵە بێکەس و بێ داڵدەیەی بۆ تاقە پەناکەی دەگەڕێتەوە. وەک منداڵێکی چەقاوەسوو دەگەڕێمەوە بۆ لات و سەری تەڕبوومت پێ دەسپێرم، بەو ئومێدەی قژم لە ئامێزتا وشک بکەیتەوە.

تۆ لە منداڵدانی (با)دا لە دایک بوویت و من دەخوازم لەژێر کەپری پێڵوومدا بتخەوێنم، ئەی ئەو هەورەژنەی لە تەمەنی وشکهەڵاتوومدا، بەفەڕترین وەرز بوویت. ئەوەندەم خۆش دەوێیت، تا لێواری شێتی، شێتییەک هێدی هێدی بەرەو مردنم دەبات و کەچی چێژی لێ وەردەگرم.

دەشێت ڕۆژێک بە تەواوی فەرامۆشم بکەیت، دەزانیت بەو چارەنووسە خەمناکەش، هەر قایلم![2]

٢٠٠٧/٥/١٧

(١) الرمال المتحركة.

(٢) ئەم نامەیە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو نامانەی غەسسان کەنەفانیدا نووسراوە کە بۆ غادە سەممانی هەناردوون. (رسائل غسان كنفاني إلي غادة السمان، قدمت لها: غادة السمان، الطبعة الخامسة، دار الطليعة ٢٠٠٥ بيروت.)



## ئاگرێکی نەمر

باشووری کوردستان، ئێران، شام، پۆڵۆنیا و دوا جار نیوەشەوێکی زستانە ١٩٨٨/٢/٢٢ پێش ئەوی پێم بکەوێتە سەر زەوینی سوێد، لە ژوورێکی تەنگەبەری تاکەکەسیی زیندانێکدا خۆم بینییەوە، ئاخر هەر لە کەشتییەکەوە، خزاندمیانە نێو ئۆتۆمۆبیلێکی پۆلیسەوە. منیان گرت و خێزانەکەمیان لە میوانخانەیەک دابەزاند. هێندە ماندووی ڕێ بووم، هەر کە لەسەر تەختی ژووری زیندانەکە ڕاکشام، خەوم لێ کەوت. تاوێ خەوتم و لەناکاو تەقوهوڕی کردنەوەی دەرگای ئاسنینی ژوورەکە لەو خەوە خۆشەی کردم.

سەعات سێی بەرەبەیان دەبوو کە گەیاندمیانە لای خێزانەکەم، بەو درەنگانە، بەو سەرمایە، ڕۆژنامەنووسێکی سوێدی، کە لە ڕۆژنامەی شارۆچکەکەدا کاری دەکرد، ئەو شارۆچکە جوانەی دەکەوێتە باشووری سوێدەوە و لەسەر زەریای بەڵتیکە و دواتر زانیم ناوی یستادە، بە پایسکیل لە ماڵی خۆیانەوە، خواردنی بۆ هێناین. دوو ڕۆژ دواتر پۆلیس هاتن و بۆ لێکۆڵینەوەیان بردم، منیان هێنایەوە میوانخانەکە و بێ ئەوەی بوار بدەن، وشەیەک بە هاوسەرەکەم بڵێم، ئەویشیان بۆ لێکۆڵینەوە برد. ئەو ساڵە فێبریوەری بیست و نۆ ڕۆژ بوو، لە دوا ڕۆژی ئەو مانگەدا، مافی مانەوەیان پێ داین.

ئەو ساڵانەی لە سوێد بووم، هەمیشە خۆم بە ڕێبوار دەزانی و هەستم دەکرد، هەرگیز توانای ئەوەم نییە هەموو ژیانم لەوێ بەسەر بەرم. لەوێ ئەگەرچی کارێکی باشم هەبوو، ئەگەرچی وەک نووسەرێک بەردەوام چالاک

بووم، وەلێ پێم وابوو، ژیانم لە کیس دەچێت و تەمەنم بەفیڕۆ دەڕوات. بە درێژایی ئەو ساڵانەی لە سوێد بووم، قەت خەونێکم نەبینی، لەوێ ڕووی دابێت. تا بەعس نەڕووخابوو، ناوبەناو، لەو خەونانەم دەبینی کە تێیاندا پیاوەکانی سەددام بە دوامەوە بوون. لەوساوە بەعس ڕووخاوە، ئەو وەختانەی لە سوێد بووم و لەوساوە لە کوردستانیشم، خەونێکم نەدیوە، تێیدا بەعس هەوڵی گرتنم بدات.

بۆچی سوێدم هەڵبژارد؟ تەنیا لەبەر ئەوەبوو، ئەو سەروەختەی لە شام بووم، تەنیا ڕێگەیەک کە ئومێدی دەربازبوون لێیەوە، ئومێدبەخش بوو، ڕێی سوێد بوو. پێش ئەوەی بگەمە ئەوێ، لە بارەی سوێدەوە، تەنیا (ڤایکینگ، ئەلفرێد نۆبێل، ئوگست ستریندبێری، ئەستريد ليندگرێن و ئۆلف پالمێ)م ژنەوتبوو. دەشێت سوێد بۆ پەنابەر، لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا باشتر بێت، وەلێ لایەنە گەشەکانی ئەو وڵاتە، قەت ئەو بۆشاییەیان پڕ نەدەکردەوە، کە دوورەوڵاتی لە دەروونی مندا جێی هێشتبوو. دوورەوڵاتی بۆ من، برینێکی بەناسۆری لە سارێژبوون نەهاتوو بوو. دەستۆیفسکی لە ڕۆمانی (بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووان)دا دەڵێت: (ئینسان ئەو تاقە زیندەوەرەیە کە لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا ڕادێت،) وەلێ من هەر چیم کرد و کۆشا لەگەڵ دوورەوڵاتیدا ڕانەهاتم.

لە سوێدیش خەریکی ئەو کارە بووم، کە لە کوردستان دەمکرد، لێرە، ئەوی لە فەرهەنگی ژیانی ڕۆژانەمدا نەبوو، وشەی ماندووبوون بوو، لەوێ ئێواران دوای کار، وام هەست دەکرد، هەر چی وزە و توانام هەیە لە بن هاتوون و خۆم وەک ئامێرێکی سواو دەهاتە بەر چاو. هەستم دەکرد درەختێکی لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکێشراوم و لە غەریبی شین نابمەوە. لە ڕۆژانی پشوویشدا، هەستم بە شەکەتی دەکرد، لەشم ساغ بوو، کەچی ئازارم هەبوو! تومەز ئەوە ڕۆحمە ئازاری هەیە و توانای ئەوەی نییە دوور



لە زێدی خۆم، بە ئارامیی بژی. دەڵێن دەنکە شقارتەی سوێدی بە پاکەتەکەی خۆی نەبێت، داناگیرسێت، منیش دەنکەشقارتەیەکی کوردستانی بووم و لەوێ دانەدەگیرسام. سوپاس بۆ ئەوینی کوردستان، ئەو کوانووە نەمرە نەبووایە کە هەمیشە لە دڵمدا دەگرێت، بەرگەی زستانە سارد و تاریکەکانی سوێدم نەدەگرت.

لە سوێد لە هیچ شتێکمان کەم نەبوو، مافی مرۆڤ ڕێزلێگیراو بوو، یاسا سەروەر بوو، بەردەوام کارەبا هەبوو، بژێوی مسۆگەر بوو، ئاسایش بەرقەرار بوو، ئەوی بۆ من لێی نەبوو، ژیان بوو، ژیان بەو گەرموگوڕییەی لێرە هەیە. لە سوێد زۆر جار لە داخ و لە حەسرەتدا دەگریام، تاقە دوو جار لەوپەڕی خۆشیدا خوڕ خوڕ گریام، یەکەم جار کە هەواڵی ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١م بیست و جاری دووەمیش کە گلانی پەیکەرەکەی گۆڕەپانی (فیردەوس)ی سەددام حسێنم بینی.

٢٠٠٧/٦/١

## ئینسان بۆ ئەوین ناژی

تۆ بلێیی
سەرەڕای
ئەم هەموو عەزابەی ئەم دنیا ،
لەو دنیاش
خوداوەند عەزابی عاشقان هەر بدا!

ئەو ساڵانەی لە ئەورووپا بووم، کە کوردێک بە پاساوی ئاوڕووپارێزی و سڕینەوەی شەرمەوە، کچەکەی خۆی دەکوشت، هەستم بە شەرمەزاری دەکرد. کە کوردێک ئافرەتێکی دەکوشت، ئەورووپاییەکان سووک سەرنجیان دەداین و ئێمەیان وەک خەڵکێکی بەدمۆراڵ و دڕندە دەهاتە بەر چاو و سڵیان لێ دەکردینەوە. ساڵ و نیوێکە لە ئاسیام، ئەمە یەکەمین جارمە هەست بە شەرمەزاری بکەم کە کوردم، ئەویش دوای سەنگبارانکردنی دوعا.

منێک کە توانای ئەوەم نییە، سەیری فیلمێکی یەک دوو دەقیقەیی سەنگباران بکەم، چۆن هەست بە شەرمەزاری نەکەم کە هاوخوێنەکانم، بەوپەڕی خوێنساردییەوە، کیژۆڵەیەک سەنگباران دەکەن؟ بە ڕاست سەنگبارانکردنی کیژۆڵەیەک بە تۆمەتی ئەوەی دڵداریی کردووە، هیچی کەمترە لە کیمیابارانکردنی شارێک؟ یان تەنانەت لە ئەنفالکردنی میللەتێک؟ ئەگەر قەرارە ئەوانەی (دوعا)یان سەنگباران کرد، کورد بن، ئەوا بێ دوودڵی من حاشا لە کوردبوونی خۆم دەکەم. ئەگەر قەرارە ئەوانەی



(دوعا)یان سەنگباران کرد، ئینسان بن، ئەوا بێ دوودڵی من حاشا لە ئینسانبوونی خۆم دەکەم.

موسڵمانان مەلەک تاوس سەنگباران دەکەن و هەندێک لە هەوادارانی مەلەک تاوسیش دوعا دەدەنە بەر ڕێژنەی بەرد و خشت و بلۆک! موسڵمانانی توندڕۆ ژنی مێرداری زیناکەر سەنگباران دەکەن و هەندێک لە ئێزیدیانیش بەرد بەسەر کیژۆڵەیەکی پاکیزەدا دەبارێنن! بە ڕاست ئەوانەی دوعایان بەو دەردە برد، هەر کامێکیان بگریت، زەرقاوییەک نییە؟ وا هەست دەکەم، غەدرم لە زەرقاوی کردووە، ئاخر پێم وایە، تەنانەت ئەویش لە سەنگوەشێنانی بەحزانی و بەعشیقە، لە جەللادەکانی دوعا، دلۆڤانتر بوو.

بە گوێرەی ئایینی ئێزدی، سزای هەر ئێزدییەک بچێتە سەر ئایینێکی دیکە، کوشتنە، سزای زیناکەران، سەنگبارانکردن و هی هاوڕەگەزبازانیش مەرگە. تەنانەت سزای ئەو کەسەشی بە مەلەک تاوس دەبێژێت شەیتان، هەر کوشتنە!(*) ئەگەرچی مەلەک تاوس هەر ئەو فریشتەیەیە کە بە پاساوی ئەوەی خودا ئەوی لە نوور و ئادەمی لە خۆڵ چێ کردووە، سەرپێچی لە فەرمانی خودا کرد و کڕنووشی بۆ ئادەم نەبرد.

دوعا کیژۆڵەیەکی پاکژ بوو، لای کورد، ناپاک کەسێکە چاوساغی بەعس بووبێت، کەسێکە پێش لەشکری ئەنفال کەوتبێت و لە قەلاچۆکردنی میللەتەکەیدا بەشدار بووبێت. دوعا پاک بوو، پیس کەسێکە داردەستی دوژمن بووبێت. دوعا وەکوو بەفری دوندی چیا بێگەرد بوو، چەپەڵ کەسێکە دەستی چووبێتە خوێنی وی. ئەو دەستانەی دوعایان سەنگباران کرد، خاوێن نەبوون، لە دەستی خوێناویی بەعس دەچوون.

**عەشقیش وەک تریفەی مانگ و تیشکی هەتاو، مینا هەور و باران، چەشنی مەل و شنەی با، چوون میلۆدی و موزیک، نە مەرز دەناسێت، نە**

**ڕەنگی پێست، نە ڕەگەز و نە ئایین.** تۆ بڵێیت هیچی هاوبەش لە نێوان بەعشیقە و عەشقدا هەبێت، ئەگەر هەیە، ئەدی بۆچی بەشێک لە خەڵکی بەعشیقە، ئاوا دڕندانە ڕەوتاریان لەتەک عاشقێکدا کرد؟ ئەگەر چی ئەوە بیرکردنەوەی فاشیستەکانە، لەسەر تاوانێک کە چەند کەسێکی دیاریکراو پێی هەڵساون، مۆری دڕندەیی لە هەنیەی هەموو ئێزدیان بدرێت، وەلێ بخوازین یان نا، سەنگبارانکردنی دوعا، لە سۆنگەی ئەوەوە عاشقی کوڕێکی موسڵمان بووە، پەڵەیەکە بە تەوێڵی خەڵکی بەعشیقەوە. بریا دانیشتووانی ئەو دەڤەرە چی زووترە، ئەو پەڵەیەیان دەسڕییەوە، چی زووترە، نەفرەتیان لە بەردبارانکەرانی دوعا دەکرد، ئاخر ئینسان نەک هەر ئازادیی گۆڕینی ئایین، تەنانەت ئازادیی ئەوەشی هەیە بڕوای بە هیچ ئایینێک نەبێت. **ئینسان بێ ئەوین ناژی، بەڵام دەتوانێت بێ ئایین بژی.**

تۆ ئەگەر کفنەکەت
لە پەڕەی گوڵیش بێ،
هێشتا من دەترسم،
بەدەنت ئازاری پێ بگا،
ئەی (دوعا)ی ناسکۆڵە!
تۆ ئەگەر کفنەکەت
لە بەفری سەر لوتکەی چیاش بێ،
هێشتا من دەترسم،
کانیاوی خاوێنیت شلوێ بێ،
ئەی (دوعا)ی پاکیزە!

٢٠٠٧/٥/٤

.......................................

(*) ازاد سعید سمو، الیزیدیة من خلال نصوصها المقدسة، ص ٢٤٨ و ٢٤٩





## دەستووری نەفرەت لە ئافرەت!

(ئەم دەستوورە جەخت لەسەر ناسنامەی موسڵمانێتی
زۆرینەی گەلی کوردستان دەکات و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن
لە سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسادانان،
هەروەها تەواوی مافە ئایینییەکانی مەسیحی، ئێزدی و هی دیکە،
لە ئازادیی باوەڕ و پیادەکردنی ئایین دەستەبەر دەکات.)
ماددەی ٧ی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

دەوڵەتی عەلمانی، دەوڵەتێکە لە مەسەلەی ئاییندا بێلایەن، نە سەر بە هیچ ئایینێکە و نە دژ بە هیچ ئایینێک، بەڵکوو بە چاوێکی یەکسان سەرنجی هەموو ئایینەکان دەدات. دەوڵەت کە ئایینێکی دیاریکراوی کرد بە ئایینی خۆی، بخوازێت یان نا، دەکەوێتە خانەی دژایەتیکردنی ئایینەکانی دیکەوە. دەوڵەتی عەلمانی دژی ئایین نییە، ئەوە دەوڵەتی ئایینییە، کە هاوزەمان دژی دنیا و دینە، ئاخر **دەوڵەتی ئایینی بەراوەژوو سوود لە دین وەردەگرێت، ئایینیش وەک هەر دەزگایەکی تری بەر دەستی، دەکاتە کوتەکێک بۆ سەرکوتکردنی نەیارانی و بە گوێرەی قازانجی خۆی، ئایین لێک دەداتەوە.** بە درێژایی مێژوو، هەموو ئەو دەسەڵاتانەی دژی ئەوە بوون، ئایین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە، خراپ کەڵکیان لە ئایین وەرگرتووە و ئایینیان بۆ جێبەجێکردنی خواستی خۆیان بەگەڕ خستووە.

لە دەستووری پێشنیارکراوی هەرێمی کوردستاندا دۆڕاوی یەکەم، ژنە. کە ئایین دەستی لە گەرووی سیاسەت گیر کرد، کە دەوڵەت کۆتی شەریعەتی کرایە گەردن، ئیدی چ باسێک لە مافی ژن و یەکسانی

نامێنێت. هیچ دەسەڵاتێک لە دنیادا نەبووە و نییە و نابێت، هاوزەمان ناعەلمانی بووبێت و (دیموکرات)یش. یەکێک لە مەرجەکانی دیموکراتبوونی دەوڵەت، عەلمانییبوونە، بۆیە دەوڵەتی ناعەلمانی، هەرگیز دیموکرات نابێت. پیاوانی ئایین وای بۆ دەچن، بە جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت، چی دەستکەوتیان هەیە لە کیسیان دەچێت، ئەوە بۆیە هێندە شێلگیرانە دژی جوێکردنەوەی دین لە دەوڵەت.

ئەزموونی وڵاتانی ئیسلامی پێمان دەڵێت: کە ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەت و شەریعەت سەرچاوەی داڕشتنی یاساکان بێت، ئیدی باسکردن لە دیموکراتی، ئازادی و مافی مرۆڤ، لە فریودانی خەڵک زێتر، هیچی دیکە نین. کە شەریعەت سەرچاوەی تەشریع بوو، ئیدی گەل چۆن دەتوانێت، سەرچاوەی دەسەڵات بێت؟ **بەشێکی گرنگ لە مێژوو، بریتییە لە (خەبات)ی بێوچانی پیاو، لە پێناوی کپکردنی هاواری ژندا، پیاو بەردەوام سەرقاڵی داڕشتنی ئەو ڕێسایانە بووە، کە ژنیان دەستەمۆ کردووە.** پیاو پێی وایە، ژن بۆ ئەوەی مێبوونی خۆی لە دەست نەدات، دەبێت لە نێر لاوازتر بێت، ئاخر لە دیدی پیاوەوە، ژنی بەهێز، دەشێت نەک تەنیا ناموسی خێزان، تەنانەت ئاوڕووی نەتەوەیش ببات.

لە ڕوانگەی ئەوانەوە کە دژایەتیی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت دەکەن، ژن عەورەتە و تەنیا ئەو وەختانە دەبێت خۆی نیشان بدات کە پیاو پێویستی بەوەیە چێژ لە جەستەی وەربگرێت، ئاخر ئەوانە پێیان وایە، ژن بۆ ئەوە خولقاوە، چێژ بە پیاو ببەخشێت، ژن سەرچاوەی گوناهە، فریودەری پیاوە و ئەوە ژن بوو وای کرد، خودا پیاو لە بەهەشت دەر بکات، بۆیە یاسایەک ئەوانە پێشنیاری بکەن، سووک سەرنجی ژن دەدات.

بەشێک لە خەڵکی کوردستان بڕوایان بە هیچ ئایینێک نییە، بەشێکی دیکەیان سەر بە ئایینگەلی غەیرە ئیسلامن و بەشێکی تریشیان عەلمانین



و دژی ئەوەن، کۆتی ئایین بکرێتە گەردنی دەوڵەت. ئایا کە هەموو ئەو بەشە گرنگانەی گەلی کوردستان، دژی خواستی خۆیان، لە بارەگای شەریعەتدا ملیان پێ کەچ کرا، ئیدی باسکردن لە پاراستنی ئازادیی بیرکردنەوە و ویژدان و ئایین، لە گاڵتەکردن بە ئاوەزی دیان، ئاتەیست،[1] ئێزدی، کاکەیی و جوو، بترازێت، هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵدەگرێت؟

بە گوێرەی شەریعەت، سزای ئەوی لە ئایینی ئیسلام هەڵبگەڕێتەوە، سەرپەڕاندنە،[2] بۆیە **ئەوانەی بە هیوان لە سایەی شەریعەتدا بە ئازادی بژین، لە وەهمدا دەژین.** شەریعەت نەک هەر دژی (فیکر)ی ئازادە، بەڵکوو دژی (خەیاڵ)ی ئازادیشە، ئەوە نەبوو لە سەر (ڕۆمان)ێک، ئاخر ڕۆمان بەرهەمی خەیاڵە، خومەینی خوێنی سەلمان ڕوشدیی حەلاڵ کرد! کە ئیسلام ئایینی ڕەسمی بێت و شەریعەتیش سەرچاوەیەکی سەرەکیی داڕشتنی یاساکان بێت، ئیدی چۆن، گەلی کوردستان کە هەموویان موسڵمان نین، لەبەردەم یاسادا، یەکسان دەبن؟ بە گوێرەی شەریعەت، ژن لە زۆر بواردا یەکسان نییە بە پیاو، ئاخر بە گوێرەی بنەماکانی شەریعەت:

* پیاو مافی فرەژنی هەیە.[3]
* لە میراتدا، مێ، نیو هێندەی نێری دەکەوێت.[4]
* ژن کە کێڵگەی پیاوە، پیاو سەرپشکە چۆنی بکێڵێت.[5]
* دەسەڵات لای پیاوە و دەتوانێت لە ژن بدات.[6]
* خوێنبایی ژن، نیو هێندەی خوێنبایی پیاوە.[7]
* پیاو مافی هێنانی (ژنی سەفەری)ی هەیە، مافی ئەوەی هەیە، بە کەیفی خۆی چێژ لە ژن وەربگرێت، بە مەرجێک شتێک کرێی بداتێ.[8]

کە موسڵمان لە ناموسڵمان هێژاتر بێت،[9] کە موسڵمانان چاکترین ئوممەتی سەر ڕووی دنیا بن،[10] کە ئەوی موسڵمان نەبێت، کافر بێت؟ ئیدی چۆن تەواوی مافە ئایینییەکانی مەسیحی، ئێزدی و هی دیکە، لە

ئازادیی باوەڕ و پیادەکردنی ئایین دەستەبەر دەکرێت؟ ئیدی چۆن لە بەردەم یاسایەکدا کە شەریعەت بکاتە سەرچاوەیەکی سەرەکی، موسڵمان و غەیرە موسڵمان، یەکسان دەبن؟ کە پیاوان پلەیەک لە ژنان باڵاتر بن،[11] کە پیاوان سەرداری ژنان بن،[12] کە ژنان وەک زەوی، ڕەوەئەسپ و مەڕ و ماڵات، مایەی خۆشیی پیاوان بن،[13] ئیدی چۆن لە ئاستی یاسایەکدا کە پشتی بە شەریعەت قایم بێت، ژن و پیاو، یەکسان دەبن؟

٢٠٠٧/٢/١٢

.............................................

(١) کەسێک نە بڕوای بە هەبوونی خودای گەورە و نە بە هیچ ئایینێک هەبێت.

(٢) الحد للمرتد.

(٣) (فأنكحوا ماطاب لكم من النساء. نیساء ٣)

(٤) (للذكر مثل حظ ألأنثيين. نیساء ١١.)

(٥) (نساؤكم حرث لكم، فأتوا حرثكم أني شئتم. بەقەرة ٢٢٣)

(٦) (وأضربوهن! نیساء ٣٤)

(٧) خوێنبایی بە عەرەبی (دية)ی پێ دەڵێن، ئەو پارەیەیە کە بکوژ بە کەسوکاری کوژراوی دەدات.

(٨) (فما إستمتعتم بة منهن، فأتوهن أجورهن. نیساء ٢٤ )

(٩)(يا ايها الذين أمنوا لا تتخذوا بطانة من دونكم. بەقەرە ١١٨ ئەی باوەڕداران بێجگە لە خۆتان متمانەتان بە کەسی دیکە نەبێت.)

(١٠) (كنتم خير أمة أخرجت للناس. ئال عیمران ١١٠)

(١١) (وللرجال عليهن درجة. بەقەرة ٢٢٨)

(١٢) (الرجال قوامون علي النساء. نیساء ٣٤)

(١٣) (ئالي عيمران١٤)



## ژنی سەفەری

(ئەگەر کڕنووشبردن بۆ غەیری خودا ڕەوا بووایە، دەبوو ژن سوجدە بۆ مێردیشی ببات.)

ئیمامی غەزالی

دوو کەس بەرسڤی کورتەباسی (دەستووری نەفرەت لە ئافرەت)ی[1] منیان داوەتەوە،[2] یەکەمیان پێی وایە بێ ئاگام و دووەمیان بە بێ وێژدانی لە قەڵەم داوم، ئەوەیان کە بێ ئاگام یان نا، جێی مشتومڕە، وەلێ تۆمەتبارکردنم بەوەی کەسێکی بێ ویژدانم، جۆرێکە لە بێویژدانی، هەر باشە شمشێری فەتوایان بە ڕوومدا هەڵنەکێشاوە! ئەو دوو کەسە، هەردووکیان پێیان وایە، (وأضربوهن،) وشەیە، ئەگەر چی ڕستەیە و بێجگە لە (واو)ەکە، لە بکەرێک، کارێک و بەرکارێک پێک دێت. ئایا کەسانێک هەست بە جیاوازیی نێوان وشە و ڕستە نەکەن، مافی ئەوەیان هەیە، بەم و بەو بڵێن، بەد لە فلان دەق حاڵیی بووە؟ یان فیسار دەقی شێواندووە؟ کەسانێک پێیان وابێت، لێدان دوو جۆرە، یەکێکیان ئازاری هەیە و ئەوی دیکەیان نا، هەق نییە دەست بدەنە قەڵەم، هەقە دەست بدەنە شووڵک، ئاخر **پیاو مافی ئەوەی نییە، (تەنانەت بە گوڵیش لە ژن بدات.)** هیچ کام لەو دووانەی ڕەخنەی توندیان لێ گرتووم، (ژنی سەفەری)یان نەژنەوتووە، بەو هیوایەی دوای خوێندنەوەی ئەم دێرانە، لە داهاتوودا، بە بیستنی ژنی سەفەری، تووشی سەرسووڕمان نەبن.

*

ئیمامی جەعفەری سادق دەڵێت: (ئەو پیاوەم خۆش ناوێت، دەمرێت و

یەکێک لە ڕاسپاردەکانی پێغەمبەر جێبەجێ ناکات، دەمرێت و ژنی سەفەری ناهێنێت.)[٣] جەنگاوەرانی ئیسلام دوور لە ژن و زێدی خۆیان، سەرقاڵی شەڕ و بڵاوکردنەوەی ئایین بوون، حەزرەتی محەممەد بۆیە ژنی سەفەریی داهێنا، تا ئەو شەڕکەرانە ورەیان هەر بڵند بێت. ژنومێردایەتیی سەفەری، بە کرێگرتن و بە کرێدانی (زێ)یە، بە شێوەیەکی شەرعی، بۆ ماوەیەکی کورت. ئەگەرچی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب ژنومێردایەتیی سەفەریی قەدەغە کرد و لە سەروەختی خەلافەتی ئەودا، جووتبوونی نێوان ژن و مێردی سەفەری، وەک زینا سەرنج دەدرا، وەلێ شیعە پێیان وایە، ئەوی پێغەمبەری ئیسلام حەڵاڵی کردبێت، تا قیامەت هەر حەڵاڵە و بۆ ئەم سێکس کڕین و فرۆشتنە، پشت بە ئایەتی ٢٤ی سوورەتی ژن دەبەستن.(فما إستمتعتم به منهن، فأتوهن أجورهن.)

لە سەردەمی جاهیلیدا خاوەنقەرز زۆر جار قەرزداری ناچار دەکرد، لە ڕێی فرۆشتنی جەستەی ئەو ئافرەتانەوە (کە شکیان دەبات،) ئیدی کچی بن، ژنی بن، یان کەنیزەک، قەرزەکە بداتەوە، ئەگەر چی قورئان بە پێی ئایەتی ٣٣ی سوورەتی ڕووناکی، ئەو کارە دزێوەی قەدەغە کرد،(ولا تکرهوا فتیاتکم علي البغاء) بەڵام بە شەرعیکردنی ژنومێردایەتیی سەفەری، کە ئەمیش وەک سێکسفرۆشتنی ئاسایی، ژن هەر لە ناچاریی ئابوورییەوە پەنای بۆ دەبات، گیانی بەو نەریتە بەخشییەوە. جێی سەرنج و مایەی سەرسوورمانە، قورئان هەر لە هەمان ئایەتی ٣٣ی سوورەتی ڕووناکیدا، سەرەتا دژی ئەوەیە ژنان ناچاری لەشفرۆشتن بکرێن، کەچی لە کۆتاییدا دەفەرموێت: (ئەگەر ناچاریشیان بکەن، خودا چونکە دلۆڤانە، هیچ دوور نییە لە گوناهتان خۆش ببێت.)(ومن یکرههن، فإن الله من بعد إکراههن، غفور رحیم.)

(پیاو بە تاقە ژنێک دابین نابێت!) ژنی سەفەری وەڵامی ئیسلامە بۆ



پێویستییە جنسییەکانی پیاو و ئەڵتەرناتیڤی ئیسلامە بۆ ئەو (بەرەڵایی)یە جنسییەی لە ئەورووپادا هەیە. لە ئەورووپا ژن مافی ئەوەی هەیە بێ بەڵێننامەی ژنومێردایەتی لەگەڵ پیاودا بژی، ئەو جۆرە پێکەوە ژیانە، بە ئارەزووی هەردوو لایە و ژنیش وەک پیاو، بکەرە. پێوەندییە ئازادە سێکسییەکانی ئەورووپا بێ خەوش نین، وەلێ وەک ژنومێردایەتیی سەفەری ناکەونە خانەی سێکس کڕین و فرۆشتنەوە. لە ئەورووپا پیاو بێ ویست و ئارەزووی ئافرەت، سێکس لەگەڵ ژنی خۆیشیدا بکات، سزا دەدرێت، هەر وەک بە زۆر سێکسی لەگەڵ نەناسێکدا کردبێت.

**ئەگەر چی هاوسەرگیریی سەفەری کارێکی شەرعییە، وەلێ زۆربەی خەڵکی ئێران وەک سێکسفرۆش سەرنجی ئەو ژنە دەدەن کە شووی سەفەریی کردبێت.** زانایانی ئایین ئەم ڕاستییە دەزانن، بۆیە بە نهێنی ژنی سەفەری دەهێنن، پاساوی ئەم کارەیشیان بەوە دەدەنەوە، کە ژنی سەفەری هێنان خێرە و خێرکردنیش بە نهێنی پاداشتی زۆرترە. بەشێک لەوانەی ژنی سەفەری دەخوازن، یان ڕاستتر دەکڕن، خوێندکار و مامۆستایانی فێرگە ئایینییەکانن، وەک چۆن لە شارە گەورەکانی ئەورووپادا، شوێن و شەقامی تایبەتی بۆ دۆزینەوەی ژنی سێکسفرۆش هەیە، لە ئێرانیش، ئەوی بە دوای ژنی سەفەریدا بگەڕێت، ڕوو لە مەزار، مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکانی (مەشهەد، قوم و ڕەی) دەکات. بەشێک لە پیاوان کە سەردانی مەزاری ئیمامی ڕەزا دەکەن، مەبەستیان دۆزینەوەی ژنێکی سەفەرییە.

لە ژنومێردایەتیی سەفەریشدا، وەک سێکس کڕین و فرۆشتن، پیاو عەودالی سێکسە و ژنیش دراو، بە شەرعیکردنی ئەم دیاردەیە، گەورەترین سووکایەتییە بە ژن دەکرێت. **لە هەر شوێنێک فیکری زاڵ، سووک سەیری ژن بکات، پیاو سووک و ئاسان سێکسی دەست دەکەوێت.**

لە سویدی (بەرەڵا)دا، سێکسفرۆشتن ئازادە، وەلێ دەلاڵیکردن و سێکسکڕین، تاوانن و سزایان لەسەرە، کەچی لە ئێرانی سێبەری دەسەڵاتی ئیسلامدا، نەک هەر دەلاڵیکردن بۆ دۆزینەوەی ژنی سەفەری، ئازادە، بەڵکوو زۆر میوانخانە، دەرگەیان بۆ حەواندنەوی (بووک و زاوا)ی سەفەری، لەسەر گازەرای پشتە!

..........................................

(١) هاولاتی، ژمارە (٣١٣) ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/١٤

(٢) هاولاتی، ژمارە (٣١٥) ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٨

(٣) د. شهلا حائري، المتعة، الزواج المؤقت عند الشيعة، ط٣ ص٨١ شركة المطبوعات للتوزيع و النشر ١٩٩٥ بيروت.



## برینێک کە سارێژ نابێت

(کە خەتەنە کرام تەمەنم دە ساڵان بوو. داپیرم کە ئێستا مردووە، ڕۆژێک پێی گوتم: با بچین بۆ دەم ڕووبارەکە، لەوێ خواردنی خۆش دەخۆین. منی منداڵی دڵپاکیش، وەک مەڕ چۆن بەرەو قەسابخانە دەچێت، لەگەڵیدا چووم. لەوێ بردمیانە ژوورێکی تاریکەوە، ڕووتیان کردمەوە و چاویان بەستمەوە. بە چوار ژنی بەهێز لەسەر پشت پاڵیان خستم، دووانیان توند توند هەردوو لاقیان گرتم، یەکێکیان بۆ ئەوەی بە تەواوی جووڵەم لێ ببڕێت، لەسەر سینگم دانیشت، بۆ ئەوەی دەنگم دەرنەچێت، پارچە پەڕۆیەکیان خزاندە نێو دەممەوە، ئیدی بێ بەنگ، بە دەمە چەقۆیەکی کول خەتەنەیان کردم. پرۆسەکە هەر لە شەڕێکی سامناک دەچوو، هەستم بە ئازارێکی سەخت کرد، خوێنێکی زۆرم لەبەر ڕۆیشت. ئەنجامدەرانی پرۆسەکە هەموویان نیمچە سەرخۆش بوون، دوای خەتەنەکردنی من، دەستیان بە سەماکردن و گۆرانیگوتن کرد.)

کچێکی سیرالیۆنی

ڕۆژانە هەزاران کچ خەتەنە دەکرێن، خەتەنەکردنی کچانیش تەواو وەک ئەشکەنجەدان دەبێتە هۆی ئازارێکی دژوار، ئازارێک کە لە دوای خۆیەوە برینێک جێ دەهێڵێت کە هەرگیز سارێژ نابێت، برینێک کە هەر جەستەیی نییە، دەروونیشە. کیژان هەر لە (ئەندەنووسیا)وە تا (پیرۆ) دووچاری ئەو

هەتککردنە دەبنەوە، لای کەم لە بیست و هەشت وڵاتی ئەفریکا، خەتەنەکردنی کچان یەکێکە لە نەریتە باوەکان. **وەک چۆن ئەوە ئەرکی دەسەڵاتە، تاکی کۆمەڵ لە سووکایەتی پێ کردن، زەبروزەنگ و هەموو جۆرە ئەشکەنجەدانێک بپارێزێت، ئەوەش هەر ئەرکی دەسەڵاتە بە گژ نەریتی خەتەنەکردندا، کە بەکارهێنانی زەبروزەنگە دژ بە ئافرەت، بچێتەوە و نابێت بە پاساوی ئەوەی بەشێکە لە کولتوور، ئایین، یان شتێکە تایبەت بە خێزانەکان چاوپۆشیی لێ بکرێت، ئاخر خەتەنەکردنی کچان پێشێلکردنی مافی مرۆڤە، بەکارهێنانی زەبروزەنگە دژی منداڵان، ئەشکەنجەدانی کچانە و بە چاوی سووک سەیرکردنی ژنانە. لە هەر شوێنێک دەسەڵات بە گژ خەتەنەکردنی کیژاندا نەچێتەوە، ئەوە بەو مانایە دێت کە لەگەڵ ئەو نەریتەدا هاوسۆزە.**

باوترین جۆری خەتەنەکردنی کچان، بریتییە لە لێکردنەوەی بەشێک لەو (چووزەرە ڕێواسە)ی(*) لە نێو زێدایە، دژوارترین جۆریش کە بە خەتەنەکردنی فیرعەونی ناوی زڕاوە، ئەوەیە وێڕای چووزەرە ڕێواسەکە، بەشێک لە لێوەکانی (زێ)یش لێ دەکرێنەوە و ئینجا بە هۆی دوورینەوەوە پاشماوەی دوو لێوەکە پێکەوە دەبەستنەوە و تەنیا کونێکی یەک میللیمەتری بۆ دەربازبوونی میز و خوێن جێ دەهێڵرێت و کاتی شووکردن، بۆ ئەوەی مێرد جووتبوونی تەواوی بۆ ئەنجام بدرێت، تەقەڵەکان دەردەهێنرێن. بە گشتی کچان کاتێک تەمەنیان لە نێوان چوار تا هەشتساڵیدایە خەتەنە دەکرێن، وەلێ ڕێک دەکەوێت بە کۆرپەیی، بە چواردە ساڵی، یان دوای ئەوەی دەبن بە ژن و یەکەمین منداڵیان دەبێت، خەتەنە بکرێن.

زۆر جار کچانی هاوتەمەن بە گرووپ خەتەنە دەکرێن، ئەوی بەو کارە هەڵدەستێت، مامانە، وەلێ دەشێت سەرتاش و دۆکتۆریش هەمان ڕۆڵ



ببینن. بە گشتی سەروەختی خەتەنەکردن، کچان بەنگ ناکرێن و ئەگەری ئەوەش هەیە تووشی خوێنبەربوون ببن. مامان بە پارچە شووشەیەک، سەرە قووتوویەک، دەمە گوێزانێک، مەقەستێک یان دەمە چەقۆیەک کچان خەتەنە دەکات و بۆ پاکژکردنەوە و ڕاگرتنی ئەو خوێنەشی لەبەریان دەڕوات، سووتوو، خۆڵەکەوە یان پەیین! بەکار دەهێنێت. بۆ ژنی خەتەنەکراو، یەکەمین جووتبوون زۆر بە ئازارە و دەشێت بە درێژایی تەمەنی لەگەڵ هەموو جووتبوونێکدا ئازاری هەبێت.

کیژان لە ئەنجامی خەتەنەکردنەوە، وێڕای ئەوەی ئازارێکی سەختیان پێ دەگات، تووشی گوشاری جەستەیی دەبن و دەشێت زێ و میزەڕۆیان(**) هەو بکات، گورچیلەیان بەرد پەیدا بکات، سێکسکردن بۆیان زەحمەت بێت و کە منداڵیشیان دەبێت، ئازاریان لە ژنی خەتەنەنەکراو زێتر پێ بگات. لە هەموو ئەمانەش خراپتر، **ئەو ژنانەی خەتەنە کراون، دەشێت تووشی نەزۆکی ببن و ڕێژەی تووشبوونی ئایدزیش لە نێوانیاندا بڵندە. وێڕای ئەو نەخۆشییە جەستەییانە، ژنی خەتەنەکراو، دووچاری کۆمەڵێک کێشەی دەروونیش دەبێت، وەک: دڵەڕاوکێ، خۆ بە کەم زانین، نائومێدی و ترس.** زۆر کچ لە ئەنجامی ئەو شۆکەوە کە سەروەختی خەتەنەکردن تووشی دەبێت، ئافرەتێکی گوێڕایەڵی لێ دەردەچێت، لەو جۆرە ئافرەتەی لەو وڵاتانەدا خەتەنەکردنی ژنیان تێدا باوە، پەسەند دەکرێن.

کیژی خەتەنەکراو بەوە دڵخۆشی خۆی دەداتەوە کە ئیدی کۆمەڵ پێی قایلە و مێردی دەست دەکەوێت، چونکە لە نەریتی باو یاخی نەبووە، ئاخر لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا، نەفرەت لە ئافرەتی خەتەنەنەکراو دەکرێت. ئەوە چییە ئەم نەریتەی کە دەشێت تەمەنی سێ هەزار ساڵێک بێت، بە زیندوویی هێشتووەتەوە؟ هەندێک پێیان وایە هۆکاری ئایینی لە پشت تەمەنی درێژی خەتەنەکردنی کچانەوەیە، ئەگەر چی ئەم نەریتە نە تایبەتە

بە ئایین یان ئایینزایەکی دیاریکراو، نە هیچ دەقێکی پیرۆز پشتگیریی دەکات. خەتەنەکردنی کچان پێش سەرهەڵدانی ئیسلام هەبووە، وەلێ زۆربەی موسڵمانان ئەو نەریتە ڕەچاو ناکەن، چونکە لە قورئاندا تێکستێک نییە، بۆ ئەو کارە هانیان بدات.(***)

هەن پێیان وایە، خەتەنەکردنی کیژ پێوەندیی بە شوێنپێ و ڕۆڵی ژنەوە هەیە و پردێکە کیژ بەرەو بە ژنبوون دەپەڕێنێتەوە، هۆکارێکە بۆ ژنومێردایەتییەکی تەمەندرێژ و سەرکەوتوو، چونکە وا دەکات، کیژ تا وەختی شووکردن پاکیزە بێت و دوای شووکردنیش ناپاکی لە مێردی نەکات. ئەوانەی لایەنی خەتەنەکردنی کچان دەگرن، دەڵێن: خەتەنەکردن هەم ئۆرگانی سێکس خاوێن و جوان دەکات و هەم کچ دەکات بە ژنێکی ڕاستەقینە.

لە ئەنجامی خەباتی خەڵکی مرۆڤدۆست و ئەو ڕێکخراوانەوە کە داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەن و بە پشتگیریی یوو ئێن، لە گەلێک وڵاتدا بە گوێرەی یاسا خەتەنەکردنی کیژان قەدەغە کراوە و ڕەچاونەکردنی ئەو یاسایە، تاوانە و سزای لەسەرە. ئەگەر سۆماڵییەک کچەکەی لە سوێد خەتەنە بکات، سزاکەی دوو تا چوار ساڵ بەندکردنە و دەشێت تا دە ساڵیش بڕوات، تەنانەت ئەگەر بیباتەوە بۆ سۆماڵ و لەوێ خەتەنەی بکات و بگەڕێتەوە، هەر سزا دەدرێت، ئاخر خەتەنەکردن تاوانە دەرهەق مافی منداڵ، ئاخر ئەوە یەکێکە لە مافەکانی منداڵ کە لە بەرانبەر زەبروزەنگی جەستەیی و دەروونیدا پارێزراو بێت.

بە گوێرەی ئاماری یوو ئێن، ڕۆژانە هەزاران و ساڵانە زێتر لە دوو میلیۆن کچ خەتەنە دەکرێن و هەنووکە ژمارەی ژنانی خەتەنەکراو خۆی لە (١٣٥) میلیۆن دەدات. **خەتەنەکردنی کچ، کارێکە دژی مافی مرۆڤ، دژی لەشساغی، دژی ئایین و جۆرێکی زەقە لە سووک سەرنجدانی ژن،**



بۆیە بەرەنگاربوونەوەی ئەو کولتوورەی داکۆکی لەو کارە دڕندانەیە دەکات، کارێکی پێویستە و دەبێت هەوڵ بدرێت ڕەگوڕیشەی ئەو نەریتە لە هەموو شوێنێک لە بنەوە هەڵبکێشرێت.

هەندێک پێیان وایە، سەروەختی منداڵبوون، (چووزەرە ڕێواسەکە) زیان بە کۆرپە دەگەیەنێت و لێوی زێ و ئەو چووزەرە ڕێواسە، دوو بەشی پیاوانەن و بە بڕینیان کچ دەبێتە ژنێکی تەواو، ژنێکی نەرم و نیانی گوێڕایەڵ. بە زۆری خەتەنەکردنی کچ بەو مەبەستەیە، ئارەووزی بۆ سێکس کەم بکرێتەوە، تا بێجگە لە مێردەکەی، سێکس لەگەڵ کەسی دیکە نەکات. لە هەر شوێنێک خەتەنەکردنی کچان باو بێت، پیاو متمانەی بە پاکیزەیی کچی خەتەنەنەکراو نییە، هەر بۆیە لەو شوێنانە کچانی خەتەنەنەکراو بە زەحمەت شوویان دەست دەکەوێت. لەو کۆمەڵگەیەدا کە خەتەنەکردنی فیرعەونی باوە، ئەوە مێردە کە تەقەڵەکانی زێیی بووک دەردەهێنێت. لەو کۆمەڵگە تەواو بابسالارییانەدا هەموو شکۆمەندیی خێزان لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە کچیان پێش شووکردن، سێکسی نەکردبێت.

یۆمۆ کێناتا کە سەرەککۆماری کێنیا بوو، دەیگوت: (خەتەنەکردن کارێکی پێویستە، ئەگەر نا کچ نە دەبێتە بەشێک لە کۆمەڵگە و نە دەبێتە خاوەنی ناسنامە.) لە وڵاتێکدا کە خەتەنەکردن نەریتێکی زاڵ بێت، هەر کچێک خەتەنە نەکرابێت، بە پێگەییشتوو ناژمێردرێت.

ئەوانەی لەگەڵ خەتەنەکردنی کچانن، ئەو پرۆسەیەیان ناو ناوە پاککردنەوە،(****) وەک کچ پێش خەتەنەکردن پیس بێت. لە هەندێک وڵات ئافرەتی خەتەنەنەکراو وەک پیس سەرنجی دەدرێت و مافی ئەوەی نییە دەست لە خۆراک و ئاووە بدات. هەر لەو جۆرە وڵاتانە زێیی ئافرەتی خەتەنەکراو بە ناشیرین دەزانرێت و پێیان وایە ئەو ژنەی خەتەنە نەکرابێت، چووزەرە ڕێواسەکەی بەردەوام گەورە دەبێت و دوا جار وەک (وانێک)ی

پیاو بە ناوگەڵیدا شۆڕ دەبێتەوە. خەڵکانێک هەن، وای بۆ دەچن، چووزەرە ڕێواسەکە شتێکە بەد، ئەگەر (هێن)ی پیاوی بەر بکەوێت، دەشێت پیاوەکە بمرێت، یان ئەگەر سەری کۆرپەی بەر بکەوێت، کۆرپەکە گیان لە دەست دەدات. لە هەندێک کۆمەڵگەدا وای بۆ دەچن، ژنی خەتەنەکراو توانای وەچەخستنەوەی زیاد دەکات و ژنی خەتەنەنەکراو دووگیان نابێت.

چونکە ئینسان بە چاوپۆشین لەوەی مێیە یان نێر، هەمان ماف و هەمان بەهای هەیە، چونکە ئینسانەکان هەموویان بە ئازادی لە دایک دەبن و یەکسانن، بۆیە پێویستە ژنان و هەموو ئەو پیاوانەشی بڕوایان بە ئازادی و یەکسانی هەیە، هەوڵ بدەن، ڕۆژێک زووتر کۆتایی بەو تراژیدیایە بهێنن، کە لەمێژە ژیانی لە بەشێکی بەرچاوی ئافرەتانی ولاتی ئێمەش تێک داوە.

لە هەر شوێنێک پێگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوریی ژن لاواز بێت، هەر کۆمەڵگەیەک بابسالاری بێت، لە هەر شوێنێک باسێک لە یەکسانی نەبێت، لەو جێیانە کچان خەتەنە دەکرێن. وەک چۆن ئینسان، بێ گوێدانە ڕەنگی پێست، ڕەگەز، ئایین، زێد یان زمانی، هەمان مافی هەیە، ژنیش بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە کام کولتوورە، کەس هەقی ئەوەی نییە، بە بیانووی گوێڕایەڵی بۆ دابونەریتی باوی ناوچەییەوە، ناسکترین بەشی جەستەی ئەتک بکات.

لە هەموو کولتوورێکدا نەریتی جوان و ناشیرین هەیە، خەتەنەکردنی کچان نەریتێکی ناشیرینە و پەڵەیەکە بە تەوێڵی کولتووری کوردیشەوە، بۆیە پێویستە چی زووترە، بە یاسا قەدەغە بکرێت و ئەوەی ڕەچاوی نەکات، سزا بدرێت، ئاخر خەتەنەکردنی کچان، شتێکی تایبەت نییە بە خێزان، نواندنی زەبروزەنگە دژ بە ئافرەتان، تاوانە دژ بە مافی منداڵ و سووکایەتیکردنە بە ئینسان، هەر بۆیە، بۆ نموونە ئەگەر لە کەنەدا،



ئافرەتێک بڵێت، (بە گەڕانەوەم بۆ زێدی خۆم، مەترسیی ئەوە هەیە، خەتەنە بکرێم،) وەک پەناهێنەری ئینسانی، مۆڵەتی مانەوەی پێ دەدرێت.

٢٠٠٧/٧/٢٩

.............................................

سەرچاوە و پەراوێز

(1) kvinnlig könsstympning, Den smartsamma traditionen, Göteborgs invandrar förvaltning, februari 2006 www.unicef.se

(2) Amnesty internationals arbete mot kvinnlig könsstympninig, www2.amnesty.se

(*) لەو کانییەدا چووزەرە ڕێواسێ ڕووابێ
بەو چووزەرە ڕێواسە کەمێکی قڵەشابێ.
(دیوانی نالی، ل٦١١)

(**) مجری البول.

(***) دەڵێن پەیامبەری ئیسلام شتێکی فەرمووە کە بە کوردی لەوانەیە ببێتە: (بیبڕن! ئەمما لە بنەوە نا.)

(****) طهارە.

## پارچە گۆشتێکی زیادە

ئەو سەردەمە بەسەر چوو، دەسەڵات بتوانێت، بە قوتکردنەوەی بەربەست، ڕێ لە بڵاوبوونەوەی بیروڕای جیاواز بگرێت. دەسەڵاتی نادیموکرات بخوازێت یان نا، بیروڕای نەیارانی، بە ئاسانی لەم شارەوە دەگاتە ئەو شار، لەم وڵاتەوە دەگاتە ئەو وڵات و لەم پەڕی دنیاوە دەگاتە ئەو پەڕی. بە هۆی ئینتەرنێتەوە، کە ئەمڕۆ لە باکووری ئەورووپاوە، باسێک دەنووسرێت، سبەینێ لە باشووری کوردستان، لەبەر دەستی خوێنەرانیدایە. ئێستا ئەو قسە و باسانەی لە ڕوانگەی ئەم یان ئەو دەسەڵاتەوە قاچاخن، بە ئاسانی بەبەر دەمی بازگەکانی پشکنینی فیکردا تێدەپەڕن و دەستاودەست دەکەن.[١]

داخستنی دەرگای سنووری سەر زەوی بە ڕووی ڕای جیاوازدا، کارێکە بێ هوودە، ئاخر ئێستا، وشە و وێنەیش مەلئاسا، ئاسمانە و ئاسمان وڵاتان تەی دەکەن. **ئێستا ئیدی وەختی ئەوە هاتووە، لەبری: هاتنە ژوورەوە بێ مۆڵەت قەدەغەیە، بنووسین: هاتن بۆ هەمووانە، ئەگەر نا، درەنگ یان زوو، دەبین بەژێر دەستوپێی لەشکری ئەو بیر و بۆچوونانەوە کە دەرگای سنوررمان بە ڕوویاندا داخستبوو.** ئەگەر نا هاکا قامکی بزێوی ئەو وشە باڵدارەی ساڵانێک (بلۆک)مان کردبوو، (دیلیت)ی کردین.

ئایا داخستنی دەرگاکان و شاردنەوەی ڕاستییەکان، هیچ لەوە دەگۆڕن کە خەریکە کورد وەک میللەتێکی دڕندە بناسرێت، میللەتێک مێ هەتک دەکات و دەیکوژێت، میللەتێکی کچخەتەنەکەری ژنکوژ. ئایا وەختی ئەوە نەهاتووە، خەتەنەکردنی کچان بە پێی یاسا، بە تاوان لە قەڵەم بدرێت و





ئەنجامدەرانی سزایەکی سەخت بدرێن؟ مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ دەربارەی (ئەو ئەندامەی بە بڕینی، ژن وێڕای ئەوەی تووشی کۆمەڵێک نەخۆشیی دەروونی و جەستەیی دەبێت، وەک پێویست چێژیش لە سێکس وەرناگرییێت و بە زەحمەت دەگاتە ئۆرگازم،) دەڵێت: (پارچە گۆشتێکی زیادەیە لەناو زێی ئافرەتدا.)[٢] ئایا سروشت بەهەڵەدا چووە کە ئەو پارچە گۆشتەی بە مێ بەخشیوە؟ کە ئافرەتێک بۆنێکی ناخۆشی لێ دێت، ئەوە دەشێت لە ئەنجامی خەتەنەکردنەوە، تووشی میزەچوڕکێ هاتبێت و ئەو بۆنە ناخۆشە، هی میز بێت، ئەمە تەنیا یەکێکە لە ئەنجامە خراپەکانی خەتەنەکردنی کچان. **ئایا بڕینی ئەندامێکی جەستە، هەتککردنی ئینسان نییە؟ ئایا لە وڵاتێکدا دابونەریتی بڕینی ئەندامی جەستە، باو بێت، باسکردن لە مافی مرۆڤ، مایەی پێکەنینێکی تژی لە گریان نییە؟**

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (وادی)[٣] لە گەرمیان، لە کۆی (٣٩٨١) ژن، (٣١٨٨)یان خەتەنەکراون، کەواتە خەتەنەکردنی کچ، نەریتێکی زاڵە و بەشێکە لە کولتووری کورد. لە کوردستان، ژن لە هەلومەرجێکی هێندە دژواردا دەژی، ساڵی ڕابردوو، تەنیا لە هەولێر ١٧١١ ئافرەت هەوڵی خۆکوشتنیان داوە. لە گەلێک جێی کوردستان، هێندە سووک سەرنجی ژن دەدرێت، کە ناکۆکی دەکەوێتە نێوان دوو خێزانەوە، بە بەخشینی ژنێک کێشەکە چارەسەر دەکەن! ئێستایش لە گوندەکانی کوردستان، ئەو ئەفسانەیە باوە، کە چێشتی دەستی ژنی خەتەنەنەکراو، پیسە.[٤] لەو وڵاتانەی ڕێز لە مافی مرۆڤ دەگیرێت، وەک ئینسان نەک کاڵا، سەرنجی ژن با (سێکسفرۆش)یش بێت، دەدرێت، لای ئێمە ژن با (پاکیزە)یش بێت، وەک شتومەک ڕەوتاری لەتەکدا دەکرێت.

کە هیچ ئایینێک هێندەی ئیسلام، بەرێزەوە لە ژن ناڕوانێت، ئەدی بۆچی مەلایانی کورد، دەست لە هەموو ئیشێک وەردەدەن و لە ئاست ئەو

سووکایەتییەدا کە بە ژن دەکرێت، بێدەنگن؟ مەلایان باسی سەرپۆش و ڕووپۆشی ژن دەکەن، کەچی بەرانبەر بڕینی ئەندامێکی جەستەی، هیچ نالێن! مەلایان لەسەر ڕاپۆرتێکی سێ چوار خولەکی، تەلەڤیزیۆنێکی ئاسمانی، ٢٤ سەعات بە داخستن دەدەن، بە پاساوی سووکایەتیکردن بە ئایین و پیاوانی ئایین، زمانی گۆڤار دەبڕن و نمایشکردنی دراما ڕادەگرن، کەچی دژی بڕینی ئەندامێکی لەش کە خودا بە ژنی ڕەوا بینیوە و دەستکاریکردنی، ڕێزنەگرتنە لە ویستی خودا، هەڵوێستێکی ئینساندۆستانە نانوێنن! دەزانم خەتەنەکردنی کیژان، خوویەک نییە ئیسلام دایهێنابێت و هەزاران ساڵ پێش سەرهەڵدانی ئیسلام پەیدا بووە، وەلێ ئەگەر ئیسلام دژی بووایە، تا ئێستا بڕی نەدەکرد. پێم وایە بێدەنگبوونی ڕۆشنبیران لەو زوڵمە گەورەیەی لە کچان دەکرێت، ناپاکیکردنە لەو ئەرکەی لەسەر شانیانە.

دەزانم ئەو نەریتە دزێوە، بە نووسینی گوتارێک و دووان، سەنگەر چۆڵ ناکات، وەلێ ڕۆشنبیری ڕاستەقینە نائومێد نابێت و بەردەوام بە گژ دیاردە نائینسانییەکاندا دەچێتەوە. خەتەنەکردنی کچان، لە ٢٠٠٧/٦/٢٨دا، لە میسر، کە لەوێوە سەری هەڵداوە، قەدەغە کرا و شێخی ئەزهەر و بابا شنودەی سێیەمیش، لایەنی ئەو بڕیارەیان گرت.(٥) **ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، ژنە پەرلەمانتارەکانی کوردستان، گرووپێکی گوشار بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی کیژان، پێک بهێنن؟**

٢٠٠٧/٧/١٥

..........................................

(١) د. حسن حنفی، ممنوع من الدخول، إيلاف ٢٠٠٧/٧/١٣

(٢) شێخ محەممەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، بەرگی ٣ ل ٦٢ چاپخانەی کامەرانی ١٩٧٦ سلێمانی.



(٣) ڕێکخراوێکی ئەڵمانیایی داکۆکیکارە لە مافی ئینسان، لە (١٩٩٣)ەوە لە کوردستان کار دەکات.

(4) www.wadinet.de 2006. 06. 20

(٥) هوشنگ بروکا، کردستان المختتنه ٢٠٠٧/٧/١٣ إيلاف.

## ئاو و تێزاب

تا حیزبە بەناو عەلمانییەکان پاشەکشێ بکەن، مەلایان زێتر هێرش دەهێنن و ئەگەر سنووریان بۆ دانەنرێت، بە پاساوی پاراستنی ئایین و بەها پیرۆزەکانەوە، لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا چی ڕووی دا، لە کوردستان دووبارە دەبێتەوە. ئەگەر دەسەڵاتی کوردی بەردەوام مل بۆ گوشاری مەلا کەچ بکات، وای لێ دێت، مەلایان سەرەتا تەڵاقی داهێنەران دەخەن و دواتر وڵاتبەدەریشیان دەکەن. **زانای ڕاستەقینە نەک هەر دژی داهێنان نییە، بەڵکوو خۆی داهێنەرە، شیعری باڵای جەلالەدینی ڕومی و فیکری کراوەی ئیبن ڕوشد، گەواهی لە قازانجی ئەو گوتەیە دەدەن.**

یەکیەتیی زانایانی کوردستان، ڕێکخراوێکە نە بڕوای بە فرەدەنگی هەیە، نە ڕێز لە بیروڕای جیاواز دەگرێت، نە لەگەڵ ژیانی دیموکراتیدا کۆکە و نە لەگەڵ سەرهەڵدانی سڤیلسالاریدایە. ئەگەر بەردەوام شمشێری ئایین بە ڕووی نووسەران و هونەرمەنداندا هەڵکێشراوبێت، ئیدی قسەکردن لەسەر خۆشکردنی بوار بۆ داهێنان و دابینکردنی ئازادیی ڕادەربڕین، بێجگە لە سووکایەتیکردن بە ئاوەزی خەڵک، هیچی دیکە نییە. **هەڵسەنگاندنی کارێکی هونەری، پێویستی بە ئاستێکی ڕۆشنبیریی بڵند و توانایەکی چاکی دەربڕین هەیە،** مەلا چونکە کەرەسەکانی لێکدانەوەیەکی دروستی کاری هونەری شک نابات، چونکە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هونەری، بواری کاری ئەو نییە، چونکە توانای ململانێی مەعریفیی نییە، بۆیە لە جەهلەوە، پەنا بۆ گوشار و هەڕەشە دەبات.



**(خودا دەیتوانی ئیبلیس نەک هەر دەمکوت بکات، بەڵکوو لە ناویشی ببات، وەلێ ئازادیی بیروڕا دەربڕینی پێ بەخشی و لێی گەڕا، قسەی دڵی خۆی بکات.)**(١) بە ڕاست زانایانی ئیسلام لە زاتی خودا دادپەرستترن، وا لێ ناگەڕێن، هادی مەهدی، حیکمەت هیندی و هەڤاڵەکانیان بیروڕای خۆیان دەرببڕن! کە مەلایانی کوردستان گوشار بۆ حیزبی دەسەڵاتدار دەهێنن و جەماوەر لە دژی هونەرمەندان و نووسەران دەورووژێنن، بەڵگەیەکی زەقە بۆ ئەوەی، نە تۆلێرانس شک دەبەن، نە بڕوایان بە دایەلۆگ هەیە و نە توانای ئەوەیان هەیە، بە شێوەیەکی شارستانی داکۆکی لە هەڵوێستی خۆیان بکەن.

ئەو مەلایە شیاوی ڕێزە کە بڕوای بە داهێنان و ئازادی هەبێت، نەک ئەو مەلایەی داوا لە پیاو دەکات، بۆ ئەوەی نەزەری لە ژنە هاوپیشەکەی حەرام نەبێت، شیرەخۆرە ئاسا، مەمکی بمژێت. **مەلا مافی ئەوەی نییە، دەست لە داهێنان وەربدات، ئاخر داهێنەر کەسێکە یاخیبوو، وەلێ ئەو کەسێکە ملکەچی دەقێکی پیرۆز، هەموو دەقێکی پیرۆزیش بە پەرژینی چڕی کۆمەڵێک ڕێسا چواردەوری مەحکەم تەنراوە.** دەقی پیرۆز، مافی بیرکردنەوەی سەربەخۆ و بەگەڕخستنی خەیاڵی لە مەلا زەوت کردووە، وەلێ داهێنەر خۆی بیر دەکاتەوە و خەیاڵی خۆی دەخاتە گەڕ.

داهێنەر هیچ ڕێسایەک بە ڕەها نازانێت و بەردەوام خەریکی گۆڕانکارییە، وەلێ مەلا بڕوای بە کۆمەڵێک یاسای ڕەها هەیە کە بۆ هەموو شوێن و زەمانێک دەگونجێن! **یەکێک لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان مەلا و ڕووناکبیر ئەوەیە، ئەمیان لە زیندانی کولتوورێکی دێریندا، گیری خواردووە و ئەویان هەموو هەوڵ و خەباتی بۆ دەربازبوونە لە بەندیخانەی ئەو کولتوورە کۆنە،** ئەوە بۆیە مەلا، سەنگەری لە داهێنەر گرتووە. کە پاشای سوێد، مافی ئەوەی نەبێت خۆی لە سیاسەت

هەڵبقورتێنێت، ئیدی بۆچی مەلای کوردستان ڕێی پێ بدرێت، دەست لە کاروباری ئەدەبی و هونەری وەر بدات؟ قەت ڕووی داوە، شیعرێک لە ستایشی پەیامبەر یان یەکێک لە یاوەرانیدا نووسرابێت و داهێنەرێک ڕێی لە بڵاوکردنەوەی گرتبێت؟

**ئەگەر پدک و ینک دوو حیزبی عەلمانی بوونایە، جڵەوی ئەسپی ئەدەب و هونەریان نەدەدایە دەست مەلا، ئاخر عەلمانیبوون، ڕاگرتنی ئایینە، دوور لە ژیانی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و سیاسی.** چونکە زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن و پێویستە ڕێز لە باوەڕیان بگیرێت، بۆیە قەت ڕووی نەداوە، ئەدیبێک یان هونەرمەندێک موسڵمانێکی گومڕێ کردبێت. پێش ئەوەی یەکێتیی زانایان بە بڕیارێکی سیاسی دروست ببێت، زۆرینەی کورد موسڵمان بوون، ئەگەر سبەی بە بڕیارێکی دیکەی سیاسی هەڵوەشێنرایەوە، کورد دەستبەرداری ئایینی ئیسلام نابێت.

**وێڕای ئەوەی کە تاوانە، ئەوە ترسنۆکیشە، مەلا لە مزگەوتەوە، ئەم نووسەر یان ئەو هونەرمەند بە کافر نێوزەد بکات، خەڵکی لێ هان بدات و هەڕەشەی لێ بکات، ئازایەتی ئەوەیە، لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، بە ئاشکرا و ڕاشکاوی دایەلۆگی لەگەڵدا بکات.** لە کوردستان هاووڵاتی دەتوانێت ڕەخنە لە سەرۆکی هەرێم، سەرەکوەزیران، وەزیران و پەرلەمانتاران بگرێت، ئایا مەلایان لەسەروو ڕەخنەوەن؟ بە گوێرەی کام یاسا، کەس مافی ئەوەی نییە، ڕەخنە لە مەلا بگرێت؟

ئازادیی بیرکردنەوە و ئازادیی ڕادەربڕین، سازشیان لەسەر ناکرێت و یان هەن یان نین. چونکە لە ئایینیدا، کۆمەڵێک شتی جێگیر و نەگۆڕ هەنە و کەس مافی ئەوەی نییە بیانبزوێنێت یان گۆڕانکارییان تێدا بکات، چونکە لە ئایینیدا کۆمەڵێک یەقین هەنە و کەس مافی ئەوەی نییە، گومانیان لێ بکات و کاری داهێنەریش جووڵاندنی شتە جێگیرەکان و



دروستکردنی گومانە بە دەوری یەقیندا، بۆیە **لە سایەی دەسەڵاتی ئایینیدا، باسکردن لە هەبوونی ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین، جۆرێکە لە چەواشەکردنی خەڵکی.** ئەوە نییە بەو ئاسانییەی چایەک دەخۆینەوە، مەلایان نمایشکردنی زنجیرە درامای (ئاریا) ڕادەگرن.

ئێستایش لە ئەورووپا حیزب و کۆمەڵەی ئایینی هەن، وەلێ نە داوای ئەوە دەکەن، ئایینی مەسیح ببێتە سەرچاوەی داڕشتنی دەستوور، نە دەڵێن، چارەسەر تەنیا لای ئایینی مەسیحە، نە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی مەسیحی دەکەن، نە هەقیان هەیە، ژن چی دەپۆشێت یان پیاو چی دەخوات، نە میلیشایان هەیە، نە ئارمێکیان هەیە، تێیدا دوو شمشێر پاسەوانیی ئینجیل بکات، نە بانگەشە بۆ سزای بڕینی دەست، پەڕاندنی سەر، سەنگباران و حەڵاڵکردنی خوێنی ئەم و ئەو دەکەن، بۆیە **لێکچوواندنی حیزبی مەسیحی بە حیزبی ئیسلامی، وەک شوبهاندنی ئاوە بە تێزاب، تەنیا لەبەر ئەوەی هەردووکیان شلەن.**[2] حیزب و کۆمەڵەی ئایینی لە ئەورووپا، لە پێناوی پاراستنی شکۆمەندیی ئینسان، یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا تێدەکۆشن، کەچی هەوڵی حیزب و کۆمەڵەی ئایینی لەم ناوچەیە، بۆ خۆشکردنی جێپێی تیرۆریستان، بەرهەمهێنانی تیرۆر، برەودان بە فیکری وەهابی، شکاندنی قەڵەمی نووسەران و بڕینی زمانی هونەرمەندانە، ئەوە بۆیە کۆمەڵگە لە ئەورووپا، سڤیلسالارییە و لەم دەڤەرە، ئایینسالاری.

٢٠٠٧/٦/٢٧

---

(١) د. محمد بن نصر، حريتا التفكير و التعبير ٢٠٠٧/٦/٢٣ الشرق الاوسط.

(٢) عادل جندي، الاحزاب الدينية في اوروبا و الغرب، ٢٠٠٧/٤/٩ إيلاف.

## ژن و دەمامک

نووسەری داهێنەر، ڕێسا دێرینەکانی نووسین
ڕەچاو ناکات، هاوزەمان لەگەڵ نووسینەکانیدا،
ڕێسای تازەی تایبەت بە خۆی دادەهێنێت.
یەکێک لە مەرجەکانی نووسین بە شێوازی نوێ
ئەوەیە، خوێنەر دووچاری شۆک بکات.

سکرتێری ئاکادیمیای سوێد، بۆیە سەردانی (ئێلفرێدە ژێلینێک)ی کرد، تا دڵنیای بکات، کە خەڵاتی نۆبێڵی لەبەر ئەوە پێ نەبەخشراوە کە ژنە، وەک خۆی بۆی دەچێت، بەڵکوو بۆیە پێی بەخشراوە، چونکە گەورەنووسەرێکی داهێنەرە. لە ڕوانگەی (ئێلفرێدە ژێلینێک)ەوە، ژن سەر بە چینی چەوساوەیە و هەندێک جار، بێ ئەوەی بە کردەوە، هەبوونی خۆی سەلماندبێت، تەنیا لە سۆنگەی ئەوەوە کە ژنە، ئاوڕی لێ دەدرێتەوە. ژێلینێک کە لە شاری (مینشن)ی ئەڵمانیا، لە نزیک خانووەکەی (تۆماس مان)ەوە دەژی، بڕوا ناکات، ئەمیش وەک تۆماس مان، شیاوی خەڵاتی نۆبێڵ بێت.

(ئێلفرێدە ژێلینێک)ی نووسەری ڕۆمانی (مامۆستای پیانۆ)یش، وەک پێرل باک، گابرێللا میسترالٚ، نادین گوردەمێر، تۆنی مۆریسۆن و ڤیسلاڤا شیمبۆرسکا، مافی خۆیەتی کە خەڵاتی نۆبێڵی پێ بەخشراوە، ئەگەر یەکسانی سەروەر بێت و هەموو توانای ژنان بەگەڕ بکەوێت، دنیا زۆر لە ئێستا جوانتر دەبێت. بە دەگمەن نەبێت، دەسەڵات لای ژن نییە، پێ دەچێت پیاو نەخوازێت، دەسەڵات لەگەڵ ژندا بەش بکات. بایەخدان بە



ژن، تەنیا لەبەر ئەوەی ژنە، لە باشترین بارودۆخیدا، زادەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، بەزەیی پێدا هاتنەوەیش جۆرێکە لە سووک سەرنجدان. ژن دەبێت بە توانای خۆی، جێی خۆی بکاتەوە و کە بە پۆستێکی گرنگیش گەییشت، پێویستە بە کردەوە بیسەلمێنێت کە شیاوی ئەو شوێنەیە، ئەگەر هەستی کرد تەنیا لەبەر ئەوەی ژنە، ئەو پۆستەی بەر کەوتووە، باشتر وایە ڕەتی بکاتەوە.

*

سەمیح ئەلقاسم دەڵێت: (ئێمەی عەرەبی موسڵمان، ڕەگەزپەرست نین، شارستانیی ئێمە، نازیسم، فاشیزم، دیکتاتۆریا و عەسکەرتاریای بەرهەم نەهێناوە، نە لە تەندووردا کەسمان سووتاندووە، نە بە گاز کەسمان خنکاندووە. ئێمە ئامێزی پڕ سۆزمان بۆ جوولەکە، ئەرمەن، کورد و بەربەر کردووەتەوە.)[1]

شاعیر پێش هەموو شتێک، پێویستە ڕاستگۆ بێت، کەچی قسە ناڕاستەکانی سەمیح ئەلقاسم، هێندە زەقن، شاخیان لێ ڕواوە. جوولەکە، ئەرمەن، کورد و بەربەر، میوانگەلی درەنگوەختی وڵاتانی عەرەب نین، هەزاران ساڵ پێش ئەوەی عەرەب پێ بنێتە خۆرهەڵاتی فوراتەوە، (لە نێوان دوو زێیەکەدا)[2] کورد، ئەرمەن، ئاشوور و کلدان ژیاون. (باکووری ئەفریکا)یش، پێش ئەوەی زێدی عەرەب بووبێت، نیشتمانی قیبت و بەربەر بووە. هیتلەر تەندووری تەنیا بۆ خەڵکی جوولەکە جۆش دەدا، دڵی سەددام هەر بە سووتاندنی خەڵکی کورد، ئاوی نەدەخواردەوە، وڵاتی کوردانیشی دەسووتاند. هیتلەر کۆمەڵێک جوولەکەی کۆ دەکردەوە و گازی بە سەردا دەکردن، سەددام گازی بەسەر شار و گوندی کوردستاندا دەکرد.

*

دیکارت گوتوویەتی: (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم. چونکە کامۆ

ئینسانی بۆ یاخیبوون هان دەدا و پێی وابوو یاخیبوون، یەکێکە لە ڕەهەندە بنچینەییەکانی ئینسان، دەتوانین لەسەر زاری وییەوە بڵێین: (من یاخی دەبم، کەواتە من هەم.) ئینسان جۆری زۆرە، هەیە لە ڕێی بیرکردنەوەوە، هەبوونی خۆی دەسەلمێنێت، هەیە بە هۆی یاخیبوونەوە و هەیە لە ڕێگەی بەخشینەوەی قسەی زبر و نزمەوە!

تەکنیکێک لە شیعردا هەیە، پێی دەڵێن: دەمامک. شاعیر دەچێت لەودیو دەمامکێکەوە، واتا لە ڕێی کەسایەتییەکی دیکەوە، قسەی دڵی خۆی دەکات. دەمامک لە شیعردا، ڕووپۆشێک نییە لە چەشنی ئەوەی تیرۆریست لە سەروەختی سەربڕینی دیلدا، ڕووخساری خۆی پێ دەشارێتەوە. لە شیعری (باوکە من یوسفم)دا، مەحموود دەرویش لەودیو دەمامکی حەزرەتی (یوسف)ەوە، ناخی خۆی دەخاتە ڕوو. شاعیر دەشێت بۆ قوتاربوون لە تەنیایی، بۆ دەربازبوون لە بازنەی خود و گەییشتن بە فرەدەنگی، هانا بۆ ماسک ببات، وەلێ ئەوی لە پشت ناوێکی وەهمییەوە، پەلاماری ئەم و ئەو دەدات، نووسەر نییە، قەڵەموەشێنە، ئاخر ئەوی خەریکی کارێکی باش بێت، پێویستی بەوە نابێت، ڕووی خۆی بشارێتەوە، خۆحەشاردانی قەڵەمکێش لەودیو ناوێکی ساختەوە، وەک هانابردنی تیرۆریستە بۆ دەمامک.

..........................................

(١) سميح القاسم في حوار مثير، موسي بەرهومة، المستقبل، ٢٠٠٤/١٠/١٨

(٢) مێسۆپۆتامیا.



# شیعری کوردی بە زمانی سوێدی

## بەشی یەکەم

(ئەگەر وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی ناپاکی بێت، ئەوا وەرگێڕانی شیعر ناپاکییەکی مەزنە.) مەبەست لەم گوتەیە، کەمکردنەوەی نرخی هونەری وەرگێڕان نییە، بەڵکوو ئاماژەکردنە بۆ ئەوەی کە دەقی وەرگێڕدراو هەرگیز لە هەموو لایەنێکەوە وەک دەقە ڕەسەنەکە دەرناچێتەوە.

Små Speglar (ئاوێنە بچکۆلەکان)[١] بریتییە لە کۆمەڵێک کورتەشیعری شێرکۆ بێکەس، عومەر شێخموس، لێنا هاگەرمان، ئێریک ئولسۆن و ئەگنێتا شێخموس کردوویانە بە سوێدی و لارس بێکستروێم و سیگرید کاللێ پێیدا چوونەتەوە. لارس بێکستروێم کە ئەرکی پێشەکی نووسینیشی بۆ کورتەشیعرەکان لە ئەستۆ گرتووە، سەرنجی خوێنەری بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە بۆ نووسینی پێشەکییەکە سوودی لە گوتارێکی محەمەد ئۆزون سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس و لەو زانیارییانە وەرگرتووە کە عومەر شێخموس دەربارەی وی بۆی باسکردووە، سەرەڕای ئەمانە دووجاریش بەهۆی تەرجومانەوە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا دانیشتووەو وتووێژی لەگەڵدا کردووە.

لارس بێکستروێم لە پێشەکیی کتێبەکەدا چەند سەرنجێکی وردی دەربڕیوە کە جێی خۆیەتی خوێنەری کورد لێیان بێ ئاگا نەبێت:

* لە جیهانی شیعری کوردیدا گوڵاڵەسوورە سیمبۆڵی ئازادی و ئەوین و بەرەنگارییە، بەڵام لە کولتووری سوێدیدا خەوبینین و دەرمانی بێهۆشی، یادی خوێنەر دەخاتەوە.

* کولله لای سوێدییەکان گیانداریێکی جوان و خۆشەویست و بێ زیانە، نەک وەک لای کورد کە سیمبۆڵی زیانەخرۆیی و دزینی بەری ئارەقەی کەسانی دیکەیە.
* لە کورتە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا هەر چی لە سروشتدا هەیە، گوڵ، درەخت، با، شەماڵ، زەریا و جۆگا، بیر دەکەنەوەو قسە دەکەن و شانبەشانی مرۆڤ لە خەباتدان.
* سروشت بناغەی هاوبەشی شیعری شێرکۆیە.[٢] ئەو ڕوونکردنەوانەی لارس گرنگییەکی تەواویان هەیە، چونکە خوێنەری سوێدی لە کولتووری کوردی نزیک دەخەنەوە، هەر کولتوورە تایبەتمەندییەتیی خۆی هەیە، بۆ نموونە ئەسپ کە لای کورد سیمبۆڵی یاخیبوون، کۆڵنەدان و تەنانەت شۆڕشیشە، (پێشبڕکێ بیری فەرەنسایی، کەژاوەی شاژن بیری ئینگلیزو سوارچاکی و ڕاو بیری عەرەب دەخاتەوە.)[٣]

لارس بێکسترۆیم نووسیویەتی: «شێرکۆ لەو دوازدە کتێبەی بڵاوی کردوونەتەوە، یەکێکیان درامایەکی شیعرییە و یەکێکی دیکەیان چیرۆکەشیعرە.» ڕاستییەکەی شێرکۆ لە شێوەی کتێبی سەربەخۆدا دوو درامای شیعریی بڵاو کردووەتەوە کە بریتین لە: کاوەی ئاسنگەر ١٩٧١ و ئاسک ١٩٧٨. سەبارەت چیرۆکەشیعریش یان (شیعری درێژ) ئەم کتێبانەی بڵاوکردۆتەوە: دوو سروودی کێوی ١٩٨٠، ڕووبار ١٩٨٤، داستانی هەڵۆی سوور ١٩٨٤ و داڵ ١٩٨٧

لارس بێکسترۆیم نووسیویەتی: «نۆبەرەی کتێبی شێرکۆ ساڵی ١٩٦٨ ئەو کاتەی تەمەنی گەییشتە هەژدە ساڵان بڵاو کرایەوە.» ڕاستییەکەی ئەو کاتەی یەکەمین بەرهەمی شێرکۆ (تریفەی هەڵبەست) بڵاو کرایەوە، تەمەنی بیست و هەشت ساڵ بوو نەک هەژدە.

لارس بێکسترۆیم نووسیویەتی: «ساڵی ١٩٧٠ شێرکۆ لەگەڵ چەند شاعیرێکی لاوی دیکەدا بەیاننامەی- ڕوانگە- یان بڵاوکردەوە.»



ڕاستییەکەی دووانیان چیرۆکنووس بوون: حوسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی، جگە لەوە ڕوانگە بانگەوازێک بوو بۆ نوێکردنەوەی ئەدەب بە گشتی نەک تەنیا شیعر.

من ئۆباڵی ئەم غەفڵەتانە و هەندێک هەڵەی گچکەی دیکەش کە لە پێشەکییەکەدا هەستیان پێ دەکرێت و حەز دەکەم بازیان بەسەردا بدەم، دەخەمە ئەستۆی هاوکارە کوردەکانی لارس بێکسترۆیم نەک خۆی. پێویستە ئەوەیش فەرامۆش نەکەم، وتارەکەی- محەمەد ئوزون-م کە بە ناونیشانی شاعیری خەم و بەرەنگاری[٤]، بەو بۆنەیەوە نووسیویەتی کە شێرکۆ یارمەتیی تۆخۆلسکیی[٥] بەر کەوتووە، خوێندەوە، هیچ هەڵەیەکم تێدا بەدی نەکرد.

*

ئەگەر چی ڕەخنەگر ناتوانێت چاو لەو کەلێنە بپۆشێت کە (داستانی هەڵۆی سوور) و هەر سێ بەشەکەی (کەشکۆڵی پێشمەرگە) خستوویانەتە شیعری شێرکۆوە، وەلێ هێشتا یەکێکە لەو شاعیرانەی کورد، کە چارەکە سەدەیەکە بە پشوویەکی درێژەوە، بوونی دەنگی خۆی لە جیهانی شیعری نوێ و هاوچەرخی کوردیدا سەلماندووەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جێ پێی پتەوتر دەبێت.

یەکێک لە خەسڵەتە شیعرییەکانی کورتەشیعری شێرکۆ کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، چۆنیەتی چنین و بڵندبوونەوەی ساختمانی شیعرەکانیەتی. گەلێک جار پەنا دەباتە بەر کۆمەڵێک کلیل بۆ کردنەوەی دەروازەیەک کە مەبەستیەتی، بۆ گەییشتن بەو ئامانجە، یەک بە دوای یەکدا کۆمەڵێک وێنە دەکێشێت، کە هەموو ئەو وێنانە پەپوولەی دەوری یەک مۆمن و لە کۆمەڵێک لایەنی هاوناوەرۆکی شێوە جیاوازەوە ڕووناکی ئاراستەی ئامانجێک دەکەن، بە مەبەستی گەییشتن بەو ئەنجامەی کە پێشتر بڕیاری لەسەر داوە. هانابردن بۆ هەمان شێواز تاقە لایەنی

نێگەتیڤی کورتە شیعریەتی، پازدە ساڵێک دەبێت شێرکۆ لەو کورتەشیعرانە دەنووسێت، بە درێژایی ئەو ماوەیە، هەمان خەسڵەت بەسەر گەلێک لە کورتەشیعرەکانیدا زاڵە:

ئەگەر لەناو شیعرەکانما
گوڵ دەراوێژنە دەرەوە
لە چوار وەرز، وەرزێکم ئەمرێ
ئەگەر یار بێننە دەرەوە
دووانم ئەمرن
ئەگەر نان بێننە دەرەوە
سیانم ئەمرن
گەر ئازادیی بێننە دەرێ
ساڵم ئەمرێ و خۆیشم ئەمرم.[٦]

وەک دەردەکەوێت هەمان بیرۆکەیە و بە وێنەی لە یەکدی چوو پاتە دەبێتەوە، پەنابردنە بەر هەمان شێواز لە تاقە شیعرێکیشدا وەک کەلێن دێتە پێش چاو، چ جای ئەوەی هەمان شێواز بەسەر گەلێک کورتەشیعردا زاڵ بێت. لەگەڵ ئەم سەرنجەیشدا هێشتا کورتەشیعری شێرکۆ بۆ ئەوە دەشێت وەکوو نموونەی هەرە باڵای شیعری نوێی کوردی نیشانی بێگانە بدرێت و نوێنەر و دەمڕاستی شیعری نوێی کوردی بێت.

*

ئەوەی بە کاری وەرگێڕانەوە خەریک دەبێت، بەتایبەتی (وەرگێڕانی شیعر، کە دژوارترین هونەرە)[٧] پێویستە بە تەواوی کەوتبێتە ژێر کاریگەریەتیی ئەو دەقەوە کە وەری دەگێڕێت، دەبێت دەقەکە ڕۆڵی بزوێنەری دی بێت و وەرگێڕی بزواند بێت، ئەوسا وەرگێڕانەکە دەبێتە کاردانەوەی ئەو بزواندنە. وەرگێڕی چاک دەبێت: بە وردی لەو دەقەی وەری



دەگێڕێت تێبگات و هێندەی نووسەرێکی چاکیش توانای نووسینی بە زمانەکەی- خۆی- هەبێت.[٨]

وەرگێڕان دوو جۆری هەیە، یەکەمیان: هەوڵدان بۆ ئەوەی کاریگەریەتیی دەقەکە لەسەر خوێنەر بە زمانی دووەم وەک کاریگەریەتیی لەسەر خوێنەر بە زمانی یەکەم وابێت. دووەمیان: هەوڵدان بۆ گەیاندنی تەواوی مانای دەقەکە، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی زمانی دووەم.

شێوازی یەکەم بۆ ئەو دەقانە دەست دەدات کە گەیاندنی ناوەڕۆک بە پلەی یەکەم دێت، شێوازی دووەمیش بۆ ئەو دەقانە لەبارە کە خەسڵەتە زمانەوانییەکانی دەقەکە کەسایەتیی نووسەر بەرجەستە دەکەن. شێوازی یەکەم پشت بە وشە و دووەم پشت بە ڕستە دەبەستێت.[٩]

هەندێک تێبینیی گرنگ هەیە ناکرێت وەرگێڕ پشتگوێیان بخات:

* دەبێت وەرگێڕ ڕۆشنایی بخاتە سەر ناو، ئیدی ناوی شوێن بێت، کەس بێت، یان هەر ناوێکی دیکە.
* کە زمانی دەقێک ئاڵۆز و سەخت بوو، وەرگێڕ ناتوانێت هەموو شتێک بە تەواوی بەسەر بکاتەوە، بۆیە ناچارە پەنا بۆ شیکردنەوە ببات.
* ئەگەر وەرگێڕ بیەوێت هەردوو دەقەکە بە تەواوی وەک یەک بن، دەبێت هانا بۆ وەرگێڕانی حەرفی ببات، (دیارە بە واتا نێگەتیڤەکەی نا، بەڵکو بەو مانایەی بەوپەڕی دەستپاکییەوە کارەکەی ئەنجام بدات.)
* ئەو وشانەی ڕۆڵی کلیل وازی دەکەن، دەبێت بە وردی وەرگێڕدرێن و لە دەقەکەدا چەند جار هاتوون هێندە جار بنووسرێنەوە.
* تا وەرگێڕان بە پێوانە لەگەڵ دەقە ڕەسەنەکەدا کورت بێت، پەسەندترێکە.
* وەرگێڕ نابێت (تەنانەت بەبێ مەبەستیش) هیچ دەست تێوەردانێک بە

کارەکەیەوە دیار بێت، نابێت دێرێک، تەنانەت وشەیەکیش پشتگوێ بخات.

* دەبێت دوو وشەی هاومانا یان دژ بەیەک کە لە دەقەکەدا پێوەندییان پێکەوە هەیە، یان لە تەنیشت یەکدییەوە دێن، لە وەرگێڕاندا بایەخیان پێ بدرێت و لەبەرچاو بگیرێن.
* ئەگەر وشەیەک لە زمانی دووەمدا هاوتایەکی باوی هەبوو، نابێت وشەیەکی دی، لەبری ئەو وشە باوە دابنرێت، دەبێت ئەگەر کەسێکی دی هەمان دەقی بۆ سەر زمانی یەکەم وەرگێڕایەوە، بە ئاسانی هەمان وشە دابنێتەوە.
* نابێ وەرگێڕ لە خۆڕا ڕۆشنایی بخاتە سەر دەقەکە، مەگەر یاریدەی زێتر تێگەییشتنی بدات.
* وەرگێڕ بۆی نییە دەقەکە جوانتر بکات.[١٠]
* ئەگەر بەهۆی هەژاریی زمانی دووەمەوە، وەرگێڕ بۆ وشەیەک پەکی کەوت، دەتوانێت وشەیەکی نزیک لە مەبەستی نووسەر بەکار بهێنێت.
* وەرگێڕ دەبێت لە هێماکان تێبگات و یەکە یەکە مانای ئاشکراو شاراوەی وشەکان بزانێت.[١١]

*

(شیعرەکەمیان وشە وشە برد، کاتێک وەریان گێڕا، ئەوە گۆزە شاخاوییە شکاوەکەمە، سەرلەنوێ بە وردی وەک خۆیان لێ کردووەتەوە، ئەگەر ئاوی لێ چوو، هەڵەی ئەوان نییە، هی منە.)[١٢] دەشێت ئەم گوتەیەی هەمزاتۆڤ ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی بێفیزیی خۆیەتی، بۆ خەوشی وەرگێڕی کەمتوانا ڕۆڵی پینە بگێڕێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەگەر گۆزەی شیعرێک دوای وەرگێڕان ئاوی لێ چوو، ئەوە خوێنە و لەبەر شاعیر و شیعرەکەی دەڕوات.

لەبەر ئەوەی تەنیا سەرچاوە بۆ کورتەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس کە پشتم



پێ بەست، بەشی یەکەمی دیوانەکەی بوو، ئەویش هەموو ئەو کورتەشیعرانەی تێدا نەبوو کە بۆ سوێدی وەرگێڕدرابوون، بۆیە نەمتوانی هەموو دەقە سوێدی و کوردییەکان بەراورد بکەم، ئەگەرچی ئەوە پێویستیشی نەدەکرد و نووسینەکەم زیاد لە پێویست درێژ دەبوو. دەبێت ئەوەیش بڵێم سەرەتا سەرنجی دەقە سوێدییەکەم داوە و هەر یەکێک لەو شیعرانە لە دیوانەکەدا بووبێت، ئەوا سوێدی و کوردییەکەم بەراورد کردووە و بە پێی زنجیرەی شیعرەکان لە دەقە سوێدییەکەدا، تێبینییەکانی خۆمم خستووەتە ڕوو. کە سەرنجێکم لەسەر وشەیەک یا ڕستەیەک دەربڕی بێت، هێندەی پێم کرابێ خۆم لە نووسینی ئەڵتەرناتیڤەکەی پاراستووە و هەوڵیشم داوە کەمترین وشەی سوێدی بهێنمە ناو نووسینەکەمەوە.

* جوانترین گوڵ (لە کتێبە سوێدییەکەدا ل **١٣** لە دیوانەکەی شێرکۆ بێکەسدا ل **٦٣٦**)[١٣]

لەبری وشەی (هەور) Sol نووسراوە کە بە مانای (خۆر) دێت، لەبری (ڕای ئەکرد)یش Gick کە بە مانای (ڕۆیشت) دێت و لە جێی (نهۆم)یش Huset نووسراوە کە مانای (خانووەکە) دەبەخشێت. لەبری (بڕیاریان داو ڕایانگەیاند) تەنیا وشەی Sade نووسراوە کە بە مانای (گوتی) یان (گوتیان) دێت. (هی کام ماڵ، لە باوەشی ئەم شارەدا) پشتگوێ خراون.

* قۆپچە: س**٣٠** ک **٦٢٢**

لەبری پیاوێکی درێژ، Lång och smal man نووسراوە، واتا: پیاوێکی درێژ و باریکەلە، لەبری (ئاودامان) Trång نووسراوە کە بە مانای (تەسک) دێت. (هەر بە پێوە ڕاوەستابوو) پشتگوێ خراوە.

* قوربانی س: **٣** ک: **٥٥٨**

چۆنیەتیی کۆتاییهێنان بە کورتەشیعر، گرنگییەکی تەواوی هەیە، لەم شیعرەدا شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێکی زاڵ بەسەر هونەرەکەیدا، دوایی بە شیعرەکە هێناوە، وەرگێڕ ئەمەی ڕەچاو نەکردووە و شیعرەکەی پاش و

پێش خستووە، بەمەیش ئەو کاریگەریەتییەی کۆتایی، کە شاعیر زیرەکانە نەخشەی بۆ کێشاوە، وەرگێڕ لەبەرچاوی نەگرتووە. شاعیر دەڵێت:

وەختێ خنکا

ئەو دوا بێچووی ئەگواستەوە.

وەرگێڕ لەبری ئەو شەش وشەیە نووسوێتی:

När han räddat sina fågelunger
gav trädet upp kampen
och dräcktes i flodvågen.

ئەگەر ئەم سوێدییە بکەینەوە بە کوردی دەبێت بە:

وەختێ ئەو بەچکە مەلەکانی ڕزگار کرد
درەختەکە دەستی لە خەبات هەڵگرت و
لە سێڵاوەکەدا خنکا.

وەک دەردەکەوێت وەرگێڕ، نەک هەرچۆنیەتیی کۆتاییهێنان بە شیعرەکەی ڕەچاو نەکردووە، بەڵکوو لەبری ئەوەی شیعرەکە وەربگێڕێ، هاتووە شی کردووەتەوە. لەبری بێچووەکان fågelunger ی بەکار هێناوە، کە مانای بێچووە مەلەکان دەگرێتەوە، نەک بێچوو، دیارە مەل نالێت: من بێچووەمەلەکانی خۆم دەگوێزمەوە، بەڵکوو وەک شێرکۆ گوتوویەتی، دەڵێت: بێچووەکانم دەگوێزمەوە. لەبری (ئەگواستەوە) Räddat ی نووسیوە کە مانای (ڕزگاری کرد) دێت.

* هەڵوێست، س: ٣٢ ک: ٥٤٠

Ljus واتا: مۆم، ڕووناکی، کەچی وەرگێڕ جارێ لەبری (تریفە) و جارێکی دی لەبری (چرا) بەکاری هێناوە. لەبری (تۆڕ دەچنرێ)، Näten lades نووسراوە، واتا (تۆڕ دادەنرێ، یان دەنرێتەوە. وشەی (هەواڵ) پشتگوێ خراوە.



وشەی Sorg کە بە مانای خەم، پەژارە دێت، لە خۆڕا نووسراوە، لە شیعرەکەدا نییە.[١٤]

* پێکەوە، س: ٣٤ ک: ٦٤٣

وەرگێڕ نووسیویەتی: Bredvid varandra واتا (بە تەنیشت یەکدییەوە) شتی وایش لە شیعرەکەدا نییە.

* ڕێگا، س: ٣٥ ک: ٥٧٨

لەبری:

(ئاراراتیش کوردی لێ بوو
کوردیش دووانەی چەوسانەوەو تێکۆشانی
بە یەک سک بوو.)

وەرگێڕ نووسیویەتی:

Ararat födde en kurd
som födde tvillingarna
förtryck och kamp

دووانە، واتا: ئەو دووکەسەی بە یەک سک لە دایک بوون، کەوابوو (بە یەک سک) زێدەیە، چونکە هەر چی دووانە هەیە هەر بە یەک سک لە دایک بوون و هەروایش دەبێت، بۆیە دووانەیشیان پێ دەگوترێت. وەرگێڕ هەستی بەم غەفڵەتەی شاعیر کردووەو (بە یەک سک)ی فەرامۆش کردووە.

* میرات، س: ٤١ ک: ٥٨٥

کە کەو ئەمرێ
دوای خۆی (بۆ) شاخ
چەند قاسپەیەک بەجێ دێڵێ

لەبری ئەمە نووسراوە:

När berghönan dör i fjällen
lämmnar efter sig några sånger

واتا:

کاتێ کەو (لە) شاخدا دەمرێ
دوای خۆی هەندێ گۆرانی بەجێ دێڵێ.

لەبری ئامرازی پێوەندیی (بۆ)، وەرگێڕ (لە)ی بەکارهێناوە، تەنیا بەم هەڵە گچکەیە مەبەستی شاعیر شێوێنراوە کە باس لە میراتی دەکات و میراتیش (بۆ) خەڵک دەمێنێتەوە، یان (بۆ) خەڵک بەجێ دەهێڵرێت. لەبری ئاسک کە Gasell ی پێدەگوترێت Myskhjort نووسراوە، Mysk هەر میسکە، hjort بە هەموو ئەو گیانەوەرانە دەگوترێت کە لە چەشنی ئاسکن، وەک فیلەگێژە، کەڵەکێوی، مەڕەکێوی.

* ساڵی تازە، س: ٤٣ ک: ٥٩٤

لەبری: (نەمدا لە ئەگریجەم) Pryder نووسراوە، کە مانای: جوانتری دەکا، یان: دەیڕازێنێتەوە، دەبەخشێت. لەبری (بچووکتر دەبێ) Var min-dre نووسراوە کە بە مانای (بچووکتر بوو) دێت، لەبری: (دەچمە خوازبێنییان) Gifter jag mig med نووسراوە کە ئەمە ژنهێنان دەگرێتەوە، نەک خوازبێنی. لەبری (گۆم) Sjö نووسراوە کە بە مانای زەریاچە دێت.

(ئەو ئاسۆیەی پار تیا نەفریم
ئەمساڵ ئەبێ بە جێی گەشتم
مەلێ وای وت.)
ئەم کۆپلەیە پشتگوێ خراوە.

لەبری (پەنجە) Arm نووسراوە کە بە مانای (باڵ) دێت. لەبری (مێزەکەیش) کە شوناسە، ett bord کە بە مانای (مێزێک) دێت کە ناشوناسە، نووسراوە.



لەبری (سینی) Ljusstake نووسراوە، کە بە مانای مۆمدان دێت. لەبری هەردوو ئاوەڵناوی (سرک و کێوی) کرداری Löpte نووسراوە کە بە مانای (بەپەلە ڕایکرد) دێت.

* هیوا، س: ٥٤ ک: ٥٨٧

لەبری کرداری ڕابردووی (هەڵکورماوم)، فرمانی ڕانەبردووی Sitter jag نووسراوە کە مانای (دادەنیشم) دێت. لەبری (ئەی ئەوینی کوردستانم) O min kurdiska fosterlands kärlek نووسراوە، ئەمەیش واتا: (ئەی ئەوینی وڵاتی کوردانم)، نازانم لەبەر چی وەرگێڕ وشەی (کوردستان)ی بەکار نەهێناوە.

* عاشق، س: ٦٠ ک: ٥٦٦

لەبری:

ئەو تەنها لەلایە
ئێوەیش هەمووتان لەلایە.

وەرگێڕ نووسیویەتی:

Hon är mera värd
för mig än ni alla

واتا: ئەو بۆ من لە هەموو ئێوە بەنرخترێکە، لەبری (چاو بە شەونم) Tårögde نووسراوە کە بە مانای (چاو بە فرمێسک) دێت. لەبری (زامی دڵدار) Kärlekssorger نووسراوە کە مانای (خەمەکانی ئەوین) دەبەخشێت.

* هاوڕێ، س: ٦٤ ک: ٥٣٨

لەبری وشەی (گەرمەسێر) واتا: گەرمیان Värme نووسراوە کە بە مانای (گەرمی) دێت. Längtan کە بە مانای تامەزرۆیی دێت، لەبری وشەی (عەشق) نووسراوە.

* قۆخ، س: ٦٧ ک: ٦٠١

لەبری (زووتر) En gång نووسـراوە کـە بە مـانای (جـارێکیـان) دێت. لەبری (لە بەرەبەیانی تەمەندا) I mina dagars begynnelse نووسراوە، واتا: (لە سەرەتای ڕۆژەکانمدا.) لەبری ئەم دێرە (تۆ بزانە بەشت نادا!) ئەم چوار دێرە نووسراوە:

Lyssna till kurdistan
och hör efter
om hon är villig
att delta med sig

واتا: گـوێ لە کـوردسـتـان بگرە و بزانە دەخوازێت بتکات بە هاوبەشی خۆی.

* بەفر، س: ٦٨ ک: ٥٩٧

لەبری (تۆپەڵە بەفرێ) کە تاکە Snöbollar کـە کۆیە، بەکارهێنراوە، لە دوا دێری دەقە سوێدییەکەدا بە نارەوا وشەی Men قوت بۆتەوە، ئەگەر چی دەقە کوردییەکە (بەڵام)ی تێدا نییە.

* پەرەسێلکەیەک، س: ٧٤ ک: ٣٠٨

ئەم شیعرە بەختیار ئەمین و کریستیان ڕۆبێری کردوویانە بە سوێدی، تەنیـا دوو تێبـینیم لەسـەری هەیە، لەبری: (ڕووت و قـووت) کـە یەک وشەیە، Naken و Avklädd نووسراون کە تەنیا یەکێکیان مەبەستەکەی دەگەیاند. شێرکۆ بێکەس لێکچوواندێکی ناسکی بەکار هێناوە، کاتێک دڵی بە (لۆکە) چوواندووە ،کەچی لە دەقـە سوێدییەکـەدا وشەی (لۆکـە) پشـتگوێ خـراوە، بەمـەیش ئەم وێنە شیـعـرییـە سـەرنجڕاکـێشـە (ئەو دڵە بچکۆلانەیە... لۆکـەیەکـە... ئازاری مـۆر هەڵئـەمـژێ) لە ئـاسـتـی هونەرییەکەی هاتووەتە خوارەوە.



* ئازادی، س: ٧٦ ک: ٥٩٤

لەبری وشەی (هەناو)، Hjärta کە مانای (دڵ) دەبەخشێت، نووسراوە، لەبری (چاو) Djup نووسراوە کە بە مانای (قووڵایی) دێت. لەبری (مەلی بەربەیان هەڵئـەفـڕێ)، نووسـراوە: Flygger fågler i gryningen واتا: لە بەرەبەیاندا مەلان هەڵدەفڕن. لەبری کێڵگە کە تاکە و ناشوناسە åkrarna نووسراوە، کە (کۆ)یە و شوناسیشە.

* گریان، س: ٧٨ ک: ٣٢١

ئەو دارستانە بۆ ئەگری؟
ڕەنگە درەختێکی گەنجی لێ مردبێ.

وەکـوو ئاشکرایە ڕسـتـەی دووەم پرسـیـاریی نیـیـە کـەچی لە دەقـە سوێدییەکەدا کراوە بە ڕستەیەکی پرسیاری Har den förlorat ett ung träd? وەرگێڕ لە شیعری هەڵوێستدا لەبری (نەمام) ungträd ی بەکارهێناوە، لەم شیـعرەدا لەبری (درەختـێکی گەنج) هەمـان شتی داناوەتەوە. لەبری چنار träd نووسراوە کە بە مانای (درەخت) دێت،ئەگەر چی björk چنارە. لەبری (پۆلەمەل) En fågel نووسراوە، واتا: مەلێک.

* پرسیار و وەرام، س: ٨٠ ک: ٥٠٦

لەبری: (وەختێ باڵای چەک داگیرسا) نووسراوە:

När vapnens pipor räckte
ända in i himlen.

واتا: وەختێ لوولەی چەکەکان تا ناخی ئاسمان گەیشتن.

لەبری (بۆی نەباریێ) Inte låter sitt regen falla över den نووسـراوە، واتا: ڕێگە نەدات بارانەکەی بەسەریدا بباریێت. لەبری (نەیگێڕێت و ڕای نەژەنێ) Inte för dem framåt ئەمەیش دوورو نزیک پێوەندیی بە مەبەستی شاعیرەوە نییە. جگە لەوە، شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

ھەوریش گوێ ناگرێ لە بایە
نەیگێڕێت و ڕای نەژەنێ.

ھەور، تاکە! با، تاکە، ئیدی نەمزانی وشەی Dem کە بە مانای (ئەوان) دێت، لە حاڵەتی بەرکاردا لە کوێوە ھاتووە.

دەربەندیش گوێ لە شاخ ناگرێ
ئەم لاو ئەولای قایم نەگرێ.

لەبری (ئەم لاو ئەولای شاخ) Vägg نووسراوە، کە بە مانای (دیوار) دێت.

* شایەت، س: ٩٤ ک: ٥٤٢

کورتە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس ئاڵۆز و تەمومژاوی نین، بەشێوازێکی وا نووسراون، ھەموو خوێنەرێک لێیان تێدەگات، ئەو توانیویەتی بە شێوەیەکی ساکار، مەبەستی قووڵ دەرببڕێت، ئەمەیش لایەنێکی گەشی کورتە شیعرەکانیەتی. وای بۆ دەچم شیعری شایەت بە ھەڵە لێک دراوەتەوە. شاعیر باس لەوە دەکات کە (کرێکارێکی کورد کوژراوە.) وەرگێڕ وای بۆچووە، کوردێک لە زینداندایە و بە مەرگ سزا دراوە و دواتر ئیعدام کراوە، بۆیە لەبری (بەدلە)، کە شێرکۆ بێکەس مەبەستی پۆشاکی کرێکارە، لە کاتی کاردا Fångdräkten نووسراوە کە بە مانای پۆشاکی تایبەت بە زیندانی دێت. لەبری (لە ماڵەوە کە بەدلەکەیان ھەڵواسی.) وەرگێڕ نووسیوێتی:

När de vände åter
och hängde upp hans dräkt.

وەک دەبینین (لە ماڵەوە) پشتگوێ خراوە، (کاتێ ئەوان گەڕانەوە) لە شیعرەکەدا نییە، وەرگێڕ خوڵقاندوویەتی. ئەوانەی بەدلەکەیان ھەڵواسیوە، کەسوکارەکەین، نەک بکوژەکانی، وەک وەرگێڕ بۆی چووە. لەبری:



خەمە وردیلەکان دەستیان
بەگیرفانەکاندا گێڕا

وەرگێڕ نووسیوێتی:

Började de mindre sorgerna
tala i fickorrna

واتا:

خەمە وردیلەکان لە گیرفانەکاندا کەوتنە قسەکردن.

لەبری:

پێی وتن: Sade نووسراوە کە بە مانای (گوتی) دێت.

* خاک، س: ٩٥ ک: ٥٥٠

دەستم برد بۆ چڵی دارێ
لەتاو ئازار لق داچڵەکی

لەبری:

(داچڵەکی) Skrek نووسراوە کە مانای (ھاواری کرد) دەبەخشێت.

* یادداشت، س: ١٠٠ ک: ٧٦٣

گوڵ یادداشتی خۆی نووسیەوە
نیوەی یادداشت
لەسەر نیگای جوانی ئاو بوو
ئاو یادداشتی خۆی نووسیەوە
نیوەی یادداشت
لەسەر بەژنی شۆخ و شەنگی دارستان بوو
دارستانیش کە یادداشتی خۆی نووسیەوە
نیوەی یادداشت

لەسەر خاکی دەزگیران بوو
کە خاکیشم یادداشتەکانی نووسیەوە
هەموو یادداشت، تێکڕای یادداشت
لەسەر دایکی میهرەبانی ئازادی بوو.

لەم کورتە شیعرەدا دوو وشە هەن زۆر گرنگن و دەبێت وەرگێڕ بە وردی ڕەچاویان بکات، یەکەم: (نیوە) کە سێ بارە کراوەتەوە. دووەم: (هەموو) کە لە کۆتایی شیعرەکەدا هاتووە و بۆ زێتر پێ لەسەر داگرتنی وشەی (تێکڕا)یش کە هاوواتایەتی، لە تەنیشتییەوە هاتووە، کەچی وەرگێڕ، هەردوو وشەکەی فەرامۆش کردووە، وشەی (دایک)یش کە گرنگیی خۆی هەیە ئەویشی پشتگوێ خستووە.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم نووسینە بهێنم بە پێویستی دەزانم بڵێم: من بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی ئەو کارە سەختە دەدەم کە ئەو وەرگێرانە پێی هەڵساون و هیچ بۆچوونێکی خۆم بە مشتومڕ هەڵنەگر نازانم و دڵسۆزیم بۆ شیعری کوردی، ئەم سەرنجانەی پێ دەربڕیوم، بۆ (لارس بێکستروێم)یش ڕێزی تایبەتیم هەیە، چونکە ئەمە یەکەم جاری نییە بە تەنگ شیعری کوردییەوە بێت.(١٥)

١٩٩١

.............................................

پەراوێزەکان

(1) Sherko Bekas. Sma speglar. stockholm 1989 house of kurdistan.

(٢) نووسەری ئەم دێرانەش هەمان سەرنجی سەبارەت شیعری شێرکۆ دەربڕیوە: «زۆربەی شیعری شێرکۆ باس لە گوند، چیا، دەشت و دارستان دەکات، سروشت سەراپای شیعرەکانی داگیرکردووە. حەمە سەعید حەسەن، با سوێسکەی شیعر بە شەوارە نەکەوێ، ل٥٨ سوێد ١٩٨٩



(٣) د. أمين الزاوي، المثاقفة وفعالية الترجمة في الادب المقارن، الآداب الاجنبية، عدد ٥١، ٥٢ ص١٩٩ دمشق ١٩٨٧

(4) Mehmed Uzun, sorgens & motstandets dikter, DN, 15 augusti 1987

(٥) یارمەتیی توخۆلسکی، ساڵانە لە یانەی قەڵەمی سوێدییەوە بە نووسەرێکی پەنابەری دەستکورت دەدرێت. (سەرچاوەی پێشوو.)

(٦) دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەشی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٠ ل٧٦٢

(٧) جبرا ابراهيم جبرا، ينابيع الرؤيا، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت ١٩٧٩ ص١٢

(٨) د. ريكان ابراهيم، سيكولوجية الشعر المترجم، الثقافة الاجنبية، عدد ص١٤٩ بغداد، وزارة الثقافة و الاعلام ١٩٨٨

(٩) بيتر نيومارك، مقدمة تجريبية في الترجمة، ترجمة عبدالوهاب الوكيل، الثقافة الاجنبية عدد٢ ص١٢٩ بغداد، وزارة الثقافة و الاعلام ١٩٨٨

(١٠) سەرچاوەی پێشوو.

(١١) جان لادميرال، نظريات الترجمة الفرنسية، الثقافة الاجنبية، عدد ٢ بغداد، وزارة الثقافة والأعلام ١٩٨٨ ص١٤٣

(١٢) رسول حمزاتوف، أراء وقصائد، ترجمه ميخائيل عيد، ص٢٠ مكتبه ميسلون، دمشق ١٩٨٤

(١٣) لە مەودوا لەبری کتێبە سوێدییەکە (س) و لەبری دیوانەکەی شێرکۆ (ک) واتا کوردی دەنووسم.

(١٤) نامەیەکیش خۆی لە زەرفەکەیدا دڕان
وەختێ زانی
هەواڵی ئیعدامکردنی هەڵبەستێکی لەناودایە.
بریا شاعیر شیعرەکەی بەو جۆرە کۆتایی پێ بهێنایە و دەستبەرداری دوادێری ببووایە کە دەڵێت:
بۆ مەهابادی لەیلایە.

ئەم دێرە بە ئاشکرا دیارە، یاریکردنێکی ساکارە بە سۆزی خەڵکی و زیادەیە و گوتنی زیانێکی گەورەی بە کۆتایی و سەرجەمی شیعرەکە گەیاندووە. ئاشکرانەکردنی ئەوەی ئەو هەڵبەستە باس لەچی دەکات و بۆچی گوتراوە و بۆ ئیعدام دەکرێت. شیعرەکەی گەلێ بە پێزترو پڕماناو قووڵتر دەکرد و گەلێک پرسیاری لای خوێنەر بەجێ دەهێشت.

(١٥) لارس بێکستروێم بەشداریی لە وەرگێڕانی ئەم دوو کۆمەڵەشیعرە کوردییەشدا کردووە:

* Goran, tårar & konst. Azad förlag, sweden 1986

* Doften av mitt Lands moln. APEC Förlag sweden 1991



# شیعری کوردی بە زمانی سوێدی

## بەشی دووەم

(کە شیعرێک وەردەگێڕین، نەشتەرگەری لەدڵیدا دەکەین،
دوای وەرگێڕانەکە، یان ڕاستتر، دوای نەشتەرگەرییەکە،
دەشێت شیعرەکە بژی، دەشێت بمرێت.)

لە ساڵی (١٩٨٦)دا بەختیار ئەمین و فەرهاد شاکەلی بە یاریدەی شاعیر و ڕەخنەگر و وەرگێڕی سوێدی لارس بێکستروێم، کۆمەڵێک هۆنراوەی شاعیری هەرەناسراوی کورد (گۆران)یان کردە سوێدی و بە ناونیشانی tårar & konst (فرمێسک و هونەر)ەوە بڵاویان کردەوە. ئەو نامیلکەیە، (٨٥) لاپەڕەییە بریتییە لە پێشەکییەک، بیست شیعری گۆران بە کوردیی حەرفی لاتینی و سوێدی، ژیاننامەیەکی کورتی گۆران و هەندێک کورتەسەرنج لەسەر شیعرەکان.

(گۆران شاعیری نەتەوەی کورد) بەو ناونیشانە لارس بێکستروێم لەبری پێشەکی، لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر شیعری گۆران نووسیوە، ئەمجەد شاکەلی کردوویە بە کوردی و لە گۆڤاری (مامۆستای کورد)ی ژمارە: ٦دا بڵاوی کردووەتەوە. ئەو پێشەکییە هەندێک بۆچوونی وای تێدایە کە مشتومڕ هەڵدەگرن، لەوانە: (گۆران... تێکۆشەرێکی نەتەوەیی کورد... بوو) یان: (گۆران وەکو ناسیۆنالیستێکی کورد بەرەو زیندان دەبەن.) یان: (مرۆڤ ئەوە لە شیعرەکانیدا دەبینێت کە ئەو ناسیۆنالیست بوو لەگەڵ گەلدا، زێتر لەوەی کۆمۆنیست بێت و شاعیر بوو زیاتر لەوەی سیاسی بێت.)[١]

گۆران شاعیر بوو، زێتر لەوەی سیاسەتمەدار بێت، ئەمە بۆچوونێکە مشتومڕ هەڵناگرێت، دەنا نەدەبووە لوتکە بڵندەکەی شیعری کوردی. ئەگەر گۆران تەنیا سیاسەتمەدار بووایە، ئەوا ئێستا ئێمە نە دەمانناسی و نە ناویشمان دەبرد. لەو سەردەمەدا کە (گۆران)ی تێدا ژیاوە و خەباتی سیاسیی تێدا کردووە، سەدان و هەزاران کەسی دیکە سەرقاڵی خەباتی سیاسی بوون و پلەو پایەی حیزبایەتیشیان لەو بالاتر بووە، بەڵام لای ئێمە شیاوی باس نین و مەگەر کەسوکاری خۆیان جارجار یادیان بکەنەوە.

گۆران کورد بوو، شاعیرێکی مەزنی گەلی کوردیش بوو، هەر بە مەزنییش دەمێنێتەوە. نە کەس گەلی کوردی لە گۆران زیاتر خۆش ویستووە، نە هیچ شاعیرێکی ئەوسا و ئێستاش هێندەی وی ڕاژەی زمان و شیعر و ئەدەبی کوردی کردووە. ئەگەرچی گۆران وەک بە ژیانی و بەرهەمەکانییەوە دیارن، خاوەنی هەستێکی ناسک و خاوێنی نەتەوایەتی بووە، بەڵام وەک بیروباوەڕ نەتەوەیی واتا ناسیۆنالیست نەبووە. لارس کە (گۆران)ی بە ناسیۆنالیست ناو بردووە، مەبەستی شێواندنی ڕاستی و چەواشەکردنی خوێنەر نەبووە، ئەگەر بڕێک زێتر خۆی ماندوو کردبا، ئەگەر خۆشباوەڕ نەبووایە، کە ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕاستگۆیی خۆیەتی، ئەو بۆچوونەی دەرنەدەبڕی.

کامەران موکری ناسیۆنالیست بووە، تا ئێستا کەس نەیگوتووە، کۆمۆنیست بووە، (گۆران)یش وەک فیکر و ئیلتیزام کۆمۆنیست بووەو ئەمە جێگەی مشتومڕ نییە. مەزنیی گۆران بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە کۆمۆنیست یا ناسیۆنالیست بووە، گەورەیی گۆران پێوەندیی بە بەرهەمە هونەرییەکانییەوە هەیە، نەک بە ئیدیۆلۆگی و خەباتی سیاسییەوە. سەدان کەس وەک کادیر لە گۆران خەباتگێڕتر و لێزانتر و بەدەموپلتر بوون، بەڵام کەس لەو شاعیرتر نەبووە، لە حیزبی کۆمۆنیستی عێراقدا کاکەی فەلاح و



دڵزار هەر یەکە و سەردەمێک بەرپرسی گۆران بوون، بەڵام هەردووکیان هەمیشە لە بواری شیعردا خۆیان بە قوتابیی ئەو زانیوە.

گۆران شاعیرێکی گەورەی کوردە، کە تێکەڵی سیاسەت بووە، ئەوە بە زیان بۆ خۆی و ئەدەبی کوردی و گەلی کورد گەڕاوەتەوە. گۆران گەلێک (شیعر)ی لاوازی هەیە، ئەگەر حیزبایەتیی نەکردبا، ئەو شیعرە لاوازانەی نەدەنووسی. ئەو شیعرانە لەبەر ئەوە لاواز نین کە پڕوپاگەندە بۆ کۆمۆنیزم دەکەن، ئەگەر ئاویان بە ئاشی ناسیۆنالیزمیشدا کردبا، هەر لاواز دەبوون. شاعیر کە ڕۆڵی کادری وازی کرد، ناتوانێت شیعری جوان و نەمر بنووسێت.

سالح خۆشناوی ئەفسەری پۆلیس دەڵێت: «گۆران تا نەبوو بە شیوعی، گەورەترین شاعیری کورد بوو، ئەمە نەک هەر بە قسەی من، ئەدمۆنزیش وا دەڵێت.»[٢] ئەو پۆلیسە شیعردۆستە ڕاستی گوتووە، بەڵام ئایا ئەگەر ببووایە بە پارتی، (ناسیۆنالیست) هەر بەو گەورەیییەی جارانی دەمایەوە؟ لارس نووسیویەتی: (دەگوترێت کەوا گۆران لەدوا کاتەکانی تەمەنیدا کە لە مۆسکۆ دەژیا، وەکو نەخۆشێک کە شێرپەنجەی هەبوو، لە بیروباوەڕە کۆمۆنیستییەکانی خۆی نائومێد و دڵسارد و هیوابڕاو دەبێت.)[٣]

ئەمە تەنیا قسەی ڕووتە و پشتی بە هیچ سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو نەبەستووە، ئەوانەی (گۆران)یان لە نزیکەوە ناسیوە و لە کاتی نەخۆشییەکەیدا لە مۆسکۆ یان لە سلێمانی سەردانیان کردووە وەک: (پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، محەمەدی مەلا کەریم و کاکەی فەلاح) وایان نەگوتووەو وا ناڵێن.

ئەوی سەرنجی بەرهەمی گۆران بدات، هەست دەکات کە ئەو شاعیرە بیری لەوە فراوانتر بووە کە وەک ناسیۆنالیست ناو ببرێت. گۆران وەک

بیروباوەڕ نێونەتەوەیی بووە نەک نەتەوەیی، وەک شیعریش لە قاوغی تەسکی کەلەپووری نەتەوەییدا گیری نەخواردووە و ئەو سنوورەی شکاندووە و پەلی بۆ ئەدەب و کولتووری جیهان هاویشتووە و دەرگا و پەنجەرەی ماڵی شیعری بۆ ئەزموونی گەلانی دیکە خستووەتە سەر گازەرای پشت. هیچ شاعیرێکی ئەوسای کورد هێندەی گۆران شارەزای ئەدەبی بێگانە نەبووە، هێندەی ئەو ئەزموونی گەلانی دی لە بەرهەمیدا ڕەنگی نەداوەتەوە. ئەو کەرەسەیەی گۆران تەلاری شیعری پێ ڕۆ ناوە، کەرەسەیەکی نەتەوەیی نەبووە، بەڵکوو کەرەسەیەکی نێونەتەوەیی بووە، هەر بۆیەش توانیویەتی ببێت بەو شاعیرە گەورەیەی نەتەوەی کورد، نەک شاعیری نەتەوەیی کورد.

ئەو شیعرانەی کە (گۆران)یان بە لارس بێکستروێم ناساندووە، بریتین لە: (ژن، بەستەی دڵدار، ئافرەت و جوانی، نیاز، جوانی بێ ناو، شیوەنی گوڵاڵە، بۆ بولبول، بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست، دەروێش عەبدوڵڵا، هەڵبەستی دەروون، زەنگی پەستی، پاییز، شەوێکی بەهار، ئەی گەلاوێژ، بەسەرهاتی ئەستێرەیەک، ئاخ هەزار ئاخ، دوا سەرنج، لە بەندیخانەدا، زیندانی ئەژدهاک و بێشکەی منالّ.) لەو بیست شیعرەیش تەنیا لە هۆنراوەی (ئاخ هەزار ئاخ)دا بە زەقی هەست بە هەستی نەتەوەیی دەکرێت، ئیدی زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکان لەگەڵ جوانی، ئافرەت، دڵداری، سروشت و ئازاری ناخی دەروونی مرۆڤێکی هونەرمەندی دەستکورت خەریکن.

گۆران گەلێک شیعری وای هەیە کە ئەوینی بێ سنووری خۆی بۆ گەل و نیشتمانەکەی (کورد و کوردستان) بەرجەستە دەکەن، بەڵام ئەمەیش ناکاتە ئەوەی بە ناڕەوا خەسڵەتی ناسیۆنالیست، بدرێتە پاڵ ئەو شاعیرە مەزنە کە مەودای فڕینی مەلی شیعری ئاسمانی هەموو جیهانە.

(بەهەشت و یادگار... کۆمەڵە شیعرێکە لە دیوانەکەم سەرانسەر لەگەڵ



بابەتەکانی جوانی و دڵداری خەریکە. گۆران)[٤] (شیعر و ئەدەبی گۆران هەرچەندە لە کوورەی دەروونی ڕۆژهەڵاتییەکەوە سەری هەڵداوە، بەڵام لە بۆتەی زێڕینی ڕۆژئاواییەکەدا قاڵ کراوەتەوە. عەلائەدین سەجادی)[٥]

ئەو دوو بۆچوونەی گۆران خۆی و عەلائەدین سەجادی کە یەکەمیان لە پێشەکیی (بەهەشت و یادگار)دا و ئەوی دیکەیان لە پێشەکیی (فرمێسک و هونەر)دا هاتووە، باس لەو شیعرانە دەکەن کە لارس توێژینەوەی لەسەر کردوون. گۆران ئەگەر لەدوا ساڵی تەمەنیشیدا لە بیروباوەڕە کۆمۆنیستییەکانی پاشگەز بووبێتەوە، ئەمە هیچ ناخاتە سەر خەرمانی شیعرەکانی، هەر وەک چۆن ئەگەر تا دواهەناسە لەسەر ئەو بیروباوەڕە سووریش بووبێت، هیچ ڕۆڵێکی نابێت لە بڵندکردنەوەی باڵەخانەی شیعریدا.

پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ کە زەحمەتە کەس هێندەی وی لە نزیکەوە (گۆران)ی ناسیبێت، دەڵێت: «گۆران پێشڕەوی ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستە لە ئەدەبی کوردیدا و... تێکۆشەرێکی ناسراوی ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئاشتییە لە عێراقدا و ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتیی جیهانییە.»[٦] گومان لەوەدا نییە ئەنجومەنی ئاشتیی جیهانی و بزووتنەوەی ئاشتی لە عێراقدا دوو ڕێکخراوی سەر بە (بزووتنەوەی کۆمۆنیزم) بوون. ئەو ئەدیبەش بەرهەمی بکەوێتە خانەی ڕیالیزمی سۆسیالیستەوە، واتا خۆی وەک فیکر کۆمۆنیستە. ڕیالیزمی سۆسیالیستیش هیچ نییە بێجگە لە ناوە هونەرییەکەی مارکسیزم، لینینیزم، ئیدی کەی دەکرێت نووسەرێکی لەم چەشنە بە ناسیۆنالیست لە قەڵەم بدرێت؟

گۆران سەر بە حیزبی شیوعیی عیراق بووە. ئەمەش لایەنێکی بەهێز و گەشی شیعرەکانی نییە، گۆران گەر سەر بە پارتیی دیموکراتی کوردستانیش بووایە، حیزبایەتیی هەر بە زیان دەگەڕایەوە بۆی. شاعیر سەر بە هەر

حیزبێک بێ زیان بە شیعری دەگات، گەورەیی گۆران بە شاکارەکانییەوە بەندە. گۆران کە مایەی شانازیی گەلی کوردە، لەبەر بەرهەمەکانیەتی، نەک لەبەر تێکۆشانی، لەبەر شیعریەتی نەک لەبەر فیکری، لەبەر ئەوەیە کەس لەو شاعیرتر نەبووە، نەک لەبەر ئەوەی کەس لەو خەباتگێڕتر یان بیرمەندتر نەبووە.

لە ساڵی (١٩٣٤) (حشع) سەری هەڵداوە، لە (١٩٤٦)یشدا پارتی، کە ئەویان خاوەنی (بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی) و ئەمیان بەرنامەکەی ناسیۆنالیستی بووە. لە ساڵی (١٩٥٠)یشدا دوو کۆمەڵەشیعری گۆران چاوی کوردیان ڕۆشن کردووەتەوە. بەلای منەوە (بەهەشت و یادگار) لە بەرنامەی (حشع) و (فرمێسک و هونەر)یش لەوی پارتی گرنگترە. جێگەی سەرنجە بەلای نەتەوەییە توندڕەوەکانەوە، یەکێک لە خەوشەکانی گۆران نانەتەوەیی بوونیەتی، بۆ نموونە د. کامل بەسیر لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا نووسینێکی درێژی بڵاو کردووەتەوە، بەو مەبەستەی بیسەلمێنێت کە (کامەران)ی نەتەوەیی لە (گۆران)ی نانەتەوەیی شاعیرترە، کەچی تازەکی لە سوێدەوە گۆران وەک شاعیرێکی نەتەوەیی ناو دەبرێت!

لارس گەر چی (گۆران)ی بە شاعیرێکی ناسیۆنالیست لە قەڵەم داوە، کەچی لە کۆتایی باسەکەیدا وەک هاوتای (دان ئەندەرسۆن) ناوی بردووە، ئەو شاعیرە سوێدییەش وەک شاعیری پرۆلیتاریا ناسراوە و[٧] لە مێژووی ئەدەبدا ناوی لەگەڵ (جاک لەندەن) و (مەکسیم گۆرگی)دا دێت.[٨]

گۆران لە شیعری (نیاز)دا دەڵێت:

بەڵام ئەی یار، یاری نازدار، شۆڕەژنی شۆخ
بە لێوی ئاڵ، بە چاوی ڕەش، چاوی ڕەشی تۆخ

لە شیعری (دوا سەرنج)یشدا دەڵێت:

ئەو چاوە کاڵانەت کە نیگای دەربەست بوون...



بەپێی لێکدانەوەی لارس ئەو ئافرەتە چاوڕەشەی (نیاز) و ئەو چاوکاڵەی (دواسەرنج) هەردووکیان هەر یەکێکن و سیمبۆڵن بۆ گەلی کورد. ئەمەش بارکردنی ئەرکێکی گرانە لەسەر کۆڵی ئەو دوو هۆنراوەیە و ئەوی شارەزای شیعری گۆران بێت، لەوە دڵنیایە کە ئەو دوو ئافرەتە، ئافرەتی ئاسایین و سیمبۆڵ نین بۆ هیچ مەسەلەیەک. ئەگەر دوو ئافرەتی ڕاستەقینەش نەبن و دەستکردی خەیاڵی بەپێزی شاعیرانەی گۆران بن و دوو چیرۆکەشیعری دیکە بن لە بابەتی (بەردەنووسێک) و (بووکێکی ناکام،) ئەوا هەر ئافرەتن و هیچی دیکە و سیمبۆڵ نین بۆ کورد.

لارس لەبەر ئەوەی (گۆران)ی بە ناسیۆنالیست لە قەڵەم داوە، بۆیە ناچار بووە، بە هەر شێوەیەک بێت ناسیۆنالیستبوونی گۆران بسەلمێنێت، بەڵام وەک چۆن مەحاڵە کەسێک بیسەلمێنێت کە مریشک بەچکەی دەبێت، هەر واش مەحاڵە کەسێک بتوانێت بیسەلمێنێت گۆران ناسیۆنالیست بووە. لارس نووسیویەتی: «کاتێک گۆران وەک ناسیۆنالیستێکی کورد بەرەو زیندان دەبەن...» یان دەڵێت: «گۆران وەک ناسیۆنالیستێک و کۆمۆنیستێک سێ جاران بۆ ماوەی دووردرێژ خراوەتە زیندانەوە.»[٩]

ڕاستە گۆران سێ جاران گیراوە، بەڵام هیچ کام لەو جارانە وەک ناسیۆنالیستێکی کورد نەگیراوە. یەکەمجار لە ساڵی (١٩٥١)دا فەرمانبەرێکی گچکە بووە لە ئەشغالی سلێمانی لەبەر بزربوونی پارە بەند کراوە. ئەوی سەرنجی شیعری (لە بەندیخانەدا) بدات کە بەرهەمی سەردەمی یەکەمین زیندانیکردنیەتی، هەست دەکات گۆران بە دزیەتی تاوانبار کراوە، بۆیە بووەتە میوانی زیندان. پاڵەوانی ئەو شیعرە کە بە تاوانی دزیی دووچاری بەندیخانە بووە، گۆران خۆیەتی:

ئەی تیشکی ڕۆژ ئەو وڵاتەی کۆمەڵی پاکە
ئەندامێکی وەک منی تیا ئازاد و چاکە

ئەندامێکی وەک منی بۆ شیعر و ئەدەب زاو
تیا نابێتە پارەدزی برسی و ناتەواو

گەر گۆران پارەی میریی بۆ خۆی لا دابێت، یان ئەو تاوانەی بۆ هەڵبەسترابێت، لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ئەوە مایەی شەرمەزارییە بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی (گۆران)ی تێدا ژیاوە نەک بۆ گۆران خۆی. لە کۆمەڵگەیەکی مرۆڤانەدا، داهێنەرێکی وەک گۆران ژیانێکی گونجاوی بۆ دابین دەکرێت و لێی دەگەڕێن تەنیا خەریکی داهێنانی هونەریی خۆی بێت.

گۆران بۆ یەکەم جار ئەو کاتانەی لە ئێسگەی کوردییەکەی یافا کاری کردووە، سەردەمی دووەمین جەنگی جیهانگرەوە، لە ڕێی چیرۆکنووسی فەلەستینی (ئەحمەد دەباغ)ەوە، ئاشنایەتیی لەگەڵ بیروباوەڕی کۆمۆنیستیدا پەیدا کردووە، لە بەندیخانەیشدا ساڵی (١٩٥١) کە بۆ جاری یەکەم دووچاری زیندان بووە، ئاشنایەتیی لەگەڵ حیزبی شیوعیی عیراقدا پەیدا کردووە.[١٠] وەک ئەحمەد دڵزار پێی گوتم: «نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا، (گۆران)ی هێناوەتە ڕیزی حیزبی شیوعیی عیراقەوە.» ساڵی (١٩٧٤) کاکەی فەللاح لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (بەیان)دا بە ناونیشانی (گۆرانم چۆن ناسی؟) باس لەوە دەکات کە لەگەڵ گۆراندا پێکەوە لە حیزبی شیوعیی عێراقدا کاریان کردووە.

دڵزار دەڵێت: «گۆران کە ناوی نهێنییەکەی (هوشیار) بوو، زۆر دڵسۆزی حیزب و (حشع) گوێڕایەڵی بوو.»[١١] هەروەها دەڵێت: «پارچەشیعرێکی بە بۆنەی بیستەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبمانەوە نووسی کە سەرەتایەکی ئەم شیعرە بوو»:

ساڵ یەکە هەزار و نۆسەد و چوار و سی
پزیسکێک لە بیری تیژی مارکسی[١٢]

هەر وەک دڵزاریش دەڵێت: ساڵی (١٩٥٣) گۆران و دیلان هەردووکیان



پاڵێوراو بوون بۆ ئەندامیەتی لە حیزبی شیوعیی عیراقدا.[١٣]

گۆران، وەک محەمەدی مەلا کەریم نووسیویەتی: «لە **١٧**ی ئۆکتۆبەری (**١٩٥٤**)دا بۆ جاری دووەم لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئاشتیخوازانی سلێمانی ئەگیرێ.»[١٤] کەوابوو گۆران یەکەم جار لەسەر بیروباوەڕ نەگیرا بوو، دووەم جاریش کە گیرا، لەمێژبوو پێوەندیی لەگەڵ (حشع)دا پەیدا کردبوو. سێیەم جاریش: (لە هێرشی میریدا بۆ سەر نیشتمانپەروەران بە بۆنەی دەستدرێژییە سێ قۆڵییەکەی سەر میسرەوە ئەگیرێتەوە.)[١٥] وەک دەرکەوت هیچ کام لەو جارانەی گرتنی گۆران، پێوەندیی بە ناسیۆنالیستبوونییەوە نەبووە، لەگەڵ ئەم سەرنجانەیشدا دەڵێم: گۆران شاعیرێکی گەورەی کوردە، نەتەوەیی بووبێت یا نەبووبێت، کۆمۆنیست بووبێت یا نەبووبێت، هیچ لە گەورەیی و شوێنی وەک شیعر کەم و زیاد ناکات.

دەکرێت بگوترێت گۆران شاعیرێکی نوێکەرەوە و پێشڕەو بووە، شاعیری وەسفی سروشت و جوانیی ئافرەت بووە، نەک شاعیری ناسیۆنالیست یان کۆمۆنیست، ئەو خەسڵەتانە بۆ کادر و گوتارنووس دەست دەدەن، نەک شاعیرێکی جوانپەرست و داهێنەری وەک گۆران.

*

لەم بەشەی نووسینەکەمدا سەرنج و تێبینییەکانم لەسەر چۆنیەتیی وەرگێڕانی شیعرەکانی گۆران دەردەبڕم و پێشەکی ئەوە دەڵێم کە ڕێزێکی زۆرم هەیە بۆ ئەوانەی بە وەرگێڕانی شیعرەکانەوە ماندوو بوون، بەتایبەتی فەرهاد شاکەلی، کە تا ئێستا لە سوێددا لە بواری وەرگێڕاندا چ لە کوردییەوە بۆ سوێدی، چ بە پێچەوانەوە، کەس هێندەی ئەو جێدەستی دیار نییە.

* بەستەی دڵدار (١٦)

لەبری:

لەژێر ئاسمانی شینا

وەرگێڕ نووسیوێتی: Under himlens blå واتا: لەژێر شینایی ئاسمانا.

لەبری: لە پاڵ لوتکەی بەفرینا Under fjallens snö نووسراوە، واتا: لەژێر بەفری شاخدا. لەبری: وەک فریشتە و پەریزاد بێ Min angel, min älva نووسراوە، واتا: فریشتەکەم، پەرییەکەم. (نە باریکی، نەگۆشتن) لەبری (گۆشتن) Fet نووسراوە کە بە مانای (قەڵەو) دێت. بێگومان قەڵەو وشەیەکی یان خەسڵەتێکی نێگەتیڤە، بەڵام بە پێچەوانەوە (گۆشتن) پۆزەتیڤە، قەڵەو، ناتۆرەیە، گۆشتن، ستایشە.

لەبری:

بەڵام بە نیگای شیرین
نەم دی کەس وەک تۆ بەتین.

وەرگێڕ دەڵێت:

Med sin starka blick
brinner mig som beck

واتا:

بە نیگای بەهێزی
وەکو قیر دەمسووتێنێ.

گۆران دەڵێت:

بۆ ئایینم ئەگەڕێ(١٧)
هەندێ کەس
با جارِ بدرێ
تۆیت و بەس



وەرگێڕ نووسیوێتی:

Ni frågar vad jag tror
vad ar min religion?
alltid så svarar jag er
du ar den enda jag ser

واتا:

لێم دەپرسن بڕوام بە چییە؟
لەسەر چ ئایینێکم؟
هەمیشە وا وەڵامتان دەدەمەوە
تەنیا تۆ دەبینم.

وەک بەو دوو نموونەیەدا دەردەکەوێت، وەرگێڕ لەبەر سەروا لە مەبەستەکەی گۆران دوور کەوتووەتەوە.

لەبری:

عەشقێک لە دڵ چەسپیوە،

وەرگێڕ نووسیویەتی:

Har jag fastnat for dig

وەک دیارە لەو سێ وشەیە، وەرگێڕ دووانیانی (عەشق و دڵ)ی پشتگوێ خستووە.

* ئافرەت و جوانی(١٨)

لەبری:

شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە،

وەرگێڕ دەڵێت:

Kvälls fuktiga träd har vatnat min ansikte

واتا:

درەختی شێداری ئێوارە ڕووی ئاو داوم.

لەبری:

هەتاوی نەورۆز، مانگی جۆدرەو

وەرگێڕ دەڵێت:

Det nya året mars sol
majs och junis måne

واتا:

هەتاوی ئاداری ساڵی تازە، (مانگ)ی ئایار و حوزەیران.

پێم وایە دەبوو وشەی (نەورۆز) وەک خۆی بنووسرێتەوە و لە پەراوێزدا ڕوون بکرێتەوە، وەرگێڕ وەک (نەورۆز)ی بەو شێوەیە وەرگێڕاوە، بەو پێیە دەبوو (جۆدرەو)یشی هەروا لێ کردبا، واتا باسی جۆ و دەرەوەکەیشی بکردایە، وەک چۆن لە نەورۆزەکەدا باسی ساڵی تازەی کردووە، ئەگەر چی نەورۆز با سەرەتای ساڵی نوێش بێت، بەڵام بە مانای (ڕۆژی نوێ) دێت. گۆران مەبەستی لە جۆدرەو، جۆزەردانە واتا (مایس یان ئایار) وەک خۆی لە پەراوێزی شیعرەکەیدا نووسیویەتی[١٩] نەک مایس و حوزەیران وەک وەرگێڕ لێکی داوەتەوە.

* نیاز [٢٠]

ئیتر ڕابورد من پیر ببم یان دڵم بمرێ
یان بلووری شادمانیم هەرگیز گەرد بگرێ

لەبری: بلوور، وەرگێڕ Lampglass ی نووسیوە، واتا: شووشەی چرا. ڕاستە بلوور بە مانای ئەو شووشەیەش دێت کە تایبەتە بەو چرایەی لە کوردستان لامپای پێ دەگوترێت، بەڵام تەنیا ئەو مانایەی نییە و گۆران مەبەستی لە شووشەی سپی، (کریستاڵ)ە، نەک شووشەی چرا.



هەر گۆران دەڵێت:

بەفر ئاسۆی بڵند بگرێتە چوارچێوەی بلوورینی
لە چەم هەڵسێ خوڕە و هاژەی شەپۆلی ئاوی خوێنینی[٢١]

هەردی دەڵێت:

ئەو گەردنە بێگەردە کە وەک تەختی بلوورە
ئەو لێوە کە وەک خونچە تەڕو ناسک و سوورە[٢٢]

وای بۆ دەچم لە هەموو نموونەکاندا، بلوور بە مانای شووشەی سپی بەکار هێنراوە، بلوور بە مانای خامی زۆر سپیش بەکار دێت و جۆرە قوماشێکە.[٢٣]

* جوانی بێ ناو[٢٤]

لەبری: (جوانی بێ ناو) En namnlös skönhet نووسراوە، واتا: جوانییەکی بێ ناو. skönheten بە مانای (جوانی) دێت نەک (جوان)، هەر وەرگێڕ خۆیشی لەبری: (ئافرەت و جوانی) Kvinna och skönhet ی نووسیوە. ئاشکرایە گۆران مەبەستی لە جوانێکی بێ ناوە، نەک لە جوانییەکی بێ ناو.

(جوان)ەکەی گۆران ئاوەڵناوە Adjektiv نەک (ناو) Substantiv، وەک وەرگێڕ بۆی چووە، (جوان)ەکەی گۆران مانای شوخێک دەبەخشێت، ئەمەش بە دوا دێری هۆنراوەکەیەوە دیارە:

هیی ئەوەی نیگارێک لە یادم کێشراوە
شۆخێکی نایابە، بەڵام ئاخ بێ ناوە.

لەبری: (شاگوڵ) کە بە مانای گەشترین گوڵ، یان جوانترین گوڵ دێت، Kungliga blommor نووسراوە، واتا: گوڵی پاشایانە. لە هۆنراوەی (ئەی گەلاوێژ)یشدا[٢٥] لەبری شاستارە Kungliga sjärna نووسراوە، واتا: ئەستێرەی پاشایانە، نەک گەشترین ئەستێرە، وەک گۆران مەبەستی بووە،

ئەمەش وەرگێڕانی حەرفییە، بەمانا هەرە نێگەتیڤەکەی.

* بۆ بلبل[٢٦]

لەبری:

ئەی باڵداری ئێسک سووک
بولبولی دەنووک بچووک.

وەرگێڕ دەڵێت:

Du lilla naktergal
i din gröna dal

واتا:

ئەی بلبلی بچکۆلە
لەنێو دۆڵە سەوزەکەتدا.

ئەوی سەرنجێکی دەقە سویدییەکە بدات، هەست دەکات وەرگێڕ لەبەر کێش و سەروا دەستکاریی شیعرەکەی کردووە. ڕاستە بەشێک لەو جوانییەی شیعرەکانی گۆران بۆ کێش و سەرواکانیان دەگەڕێتەوە، بەڵام گرنگیدان بە کێش و سەروا وەک لە شیعرە ڕەسەنەکاندا باڵای جوانیی دەقەکانیان بڵندتر نیشان داوە، لە دەقە سویدییەکاندا شیعرەکانیان شێواندووە و بێ پێزیان کردوون، وەرگێڕ وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، لە شیعری بەستەی دڵداریشدا هەمان ڕێچکەی هەڵەی گرتووەتە بەر.

لەبری:

یان چۆن ئەو نەختە مێشکە
بۆ فەن بووە بە بێشکە

وەرگێڕ دەڵێت:

Din lilla hjärnas rum
bli konstens eget hem?



واتا:

چۆن ژووری مێشکە بچکۆلانەکەت
بووەتە ماڵی هونەر؟

وەرگێڕ لە خۆڕا وشەی (ژوور)ی خوڵقاندووە، (بێشکە)شی کردووە بە ماڵ. بێشکەی هونەر، چەند دەربڕینێکی شاعیرانەیە، ماڵی هونەر، چەند دەربڕینێکی ساکارە.

لەبری:

چۆن توخوا چۆن ئەی بلبل
ئەی باڵداری بەهرە زل
نە پەریی، نە ئینسانی
نە قوتابیی فەننانی

وەرگێڕ دەڵێت:

Din sång du naktergal
är ingen människastal
och inte är du fe
och inte ens elev
på en akademi

واتا:

ئەی بلبل گۆرانیی تۆ
قسەی ئینسان نییە
تۆ نە پەریت
نە قوتابیی ئەکادیمیای

وەرگێڕ لەبری:

(کام درەخت شۆخ و شەنگە)

دەنووسێت:

Alla lungna, ljusa träd

واتا: هەموو درەختە هێمن و ڕووناکەکان.

* بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست[٢٧]

لەبری:

پەڕی دڵی زامدار نەبێ بە تیری
خوای دڵداری،

وەرگێڕ دەڵێت:

Om ingen kärleks pil trängt in
i mitt hjärtas djup

واتا:

ئەگەر تیری دڵداری لە قووڵایی دڵم نەچەقی بێت.

گۆران گوتوویەتی: (تیری خوای دڵداری) وەرگێڕ کردوویەتی بە(تیری دڵداری) گۆران گوتوویەتی (دڵێ) واتا باسی دڵی کەسێکی ناشوناس دەکات، وەرگێڕ کردوویەتی بە (دڵم.)

* لەبەندیخانەدا[٢٨]

لەبری:

بۆ وڵاتێک هاونیشتمان تیایا ئازاد بێ
ژێری دڵسۆز باوک بێت و گەلیش ئەولاد بێ.

گۆران شاعیرانە لەبری: دەوڵەت، میریی، دەسەڵاتداران، (باوک)ی بەکار هێناوە، خاڵی بەهێزی دێرەشیعرەکە ئەوەیە، گۆران ڕاستەوخۆ مەبەستەکەی نەگوتووە، شاعیرانە گوتوویەتی، کەچی وەرگێڕ ئەمەی ڕەچاو نەکردووە و وشەی Stat (دەوڵەت)ی بەکار هێناوە.



گۆران دەڵێت:

ئەندامێکی وەک منی بۆ شیعرو ئەدەب زاو

وەرگێڕ دەڵێت:

Någon som jag forfattare, poet

واتا: (یەکێکی وەک منی نووسەر و شاعیر.) چەند شاعیرانەیە بڵێی: منێکی بۆ شیعر و ئەدەب خوڵقاو. چەند ناشاعیرانەیە بڵێیت: من نووسەرم، شاعیرم.

١٩٩١

---

پەراوێزەکان

(١) مامۆستای کورد، ژمارە: ٦ل: ٣١، ٣٣، ٣٤.

(٢) ئەحمەد دڵزار، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم. ل: ١٥٤

(٣) مامۆستای کورد. ژمارە: ٦ل: ٣٤

(٤) گۆران، بەهەشت و یادگار، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا ١٩٥٠

(٥) گۆران، فرمێسک و هونەر، چاپخانەی مەعاریف.

(٦) الدکتور عزالدین مصطفی رسول- الواقعیة في الادب الکردي، ص١٥ بیروت، دار المکتبة العصریة.

(٧) مامۆستای کورد، ژمارە: ٦ پەراوێزی ژ:٥ جێی سەرنجە ئەمجەد شاکەلی زانیارییەکی زۆری سەبارەت دان ئەندەرسۆن نووسیوە، بێ ئەوەی ئاماژەی بۆ هیچ سەرچاوەیەک کردبێت.

(8) Svensk blandning, Littreaturs historia. Lars Johansson, Anders Melchior, s. 172

(٩) مامۆستای کورد، ژمارە: ٦ ل: ٣٣

(١٠) بۆ ئەم زانیارییانە سوود لە: مع گوران الشاعر الکبیر مع الرفیق هوشیار، دلزار، الثقافة الجدیدة. عدد: ٢٠٧، ٢٠٨- ١٩٨٩ ل: ٢٤٩ وەرگیراوە، جگە

له تەلەفۆنێک لەگەڵ دلزار خۆیدا.

(١١) ئەحمەد دلزار، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، ستۆکهۆلم، بنکەی سارا ١٩٩١ ل:١٢٦

(١٢) هەمان سەرچاوە. ل: ١٣٠

(١٣) مع گوران الشاعر الكبير، دلزار، الثقافة الجديدة عدد: ٧. ٢، ٨٠٢-١٩٨٩ص: ٢٥٠

(١٤) و (١٥) دیوانی گۆران، ل: ٥٤٧ محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٨٠

(16) GDRAN, TåRAR & KONST översattning Lars Backstrom, Bakhtiar Amin, Farhad Shakely s. 18, 19 Azad Förlag 1986

(١٧) ئەگەڕێن، ڕاستە، چونکە (هەندێ کەس) کۆیە، گۆران لەبەر سەروا، ڕێزمانی فەرامۆش کردووە.

(18) Tårar & Konst s. 22, 23

(١٩) گۆران، بەهەشت و یادگار، چاپخانەی مەعاریف ١٩٥٠ ل: ١ پەراوێزی ژ: ٣

(20) Tårar & Konst s. 24, 25

(٢١) دیوانی گۆران ل: ١٦٥.

(٢٢) ڕازی تەنیایی، ل: ٥١.

(٢٣) بۆ وشەی بلوور، سەرنجی هەنبانە بۆرینەی مام هەژارو فەرهەنگی خاڵ و قامووسی زبانی کوردی زەبیحیم داوە.

(24) Tårar & Konst s. 28

(25) Tårar & Konst s. 56

(26) Tårar & Konst s. 34,35

(27) Tårar & Konst s. 40

(28) Tårar & Konst s. 68



## شیعری کوردی بە زمانی سوێدی

بەشی سێیەم

هاوینی (١٩٩١) نامیلکەیەکی دیکە بە ناونیشانی Doften av mitt lands molen بە کوردی دەبێتە: (بۆنی هەوری وڵاتەکەم،) بڵاو بووەوە کە بریتییە لە نموونەی شیعری ئەم چواردە شاعیرە: (گۆران، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، ئەنوەر قادر محەممەد، عەبدولڕەحمان مزوری، محەممەد مەلا کەریم،[١] ئەحمەد هەردی، شێرکۆ بێکەس، پیرەمێرد، فەرهاد شاکەلی، دلدار، سوارە، کامەران موکری و هێمن.) لە پاشکۆی نامیلکەکەدا کورتە ژیننامەیەکی هەموو ئەو شاعیرانەش پێشکەش کراوە. ئەم کارە بە پلەی یەکەم فەرهاد شاکەلی ئەنجامی داوە و چەند سوێدی و کوردێکیش دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردووە.[٢]

لە پێشەکیی نامیلکەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ئەم هەڵبژاردەیەی شیعری هاوچەرخی کوردی، هەندێک شاعیری چاکی لە خۆی نەگرتووە، لەوانە ناوی: دیلان، هەژار، جگەرخوێن و جەمال شارباژێڕی تۆمار کراوە کە دەبا ناویان هاتبا، وەلێ بە لای منەوە، گەلێک ناوی دیکەش هەن کە هەق وایە، ئەوی لە داهاتوودا بخوازێت وێنەیەکی ڕاستەقینەی شیعری هاوچەرخی کوردی، نیشانی بێگانە بدات، فەرامۆشیان نەکات، وەک: (شێخ نووری شێخ ساڵح، ع. ح. ب، کاکەی فەللاح، حەسیب قەرەداغی، ڕەفیق سابیر، محەممەد حەمەباقی، دڵشاد مەریوانی، محەممە عومەر عوسمان، قوبادی جەلیزادە، جەلال مەلەکشا، نەوزاد ڕەفعەت، سەعدوڵڵا پەرۆش و...)

یەکێک لەو شاعیـرانەی لەم هەڵبـژاردەیەدا بەسەر کـراونەتەوە، دڵدارە. ڕاستە دڵدار ڕۆڵی لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا هەبووە و لە دوای ئەو تەمەنە کـورتەی خۆیەوە، هۆنراوەی بـاڵاکـەڵەگـەتی جێ هێـشـتـووە، وەلێ (ئەی ڕەقیب) کە وەک نموونەی شیعری پێشکەش کراوە، یەکێک نییە لە شیعرە جوانەکانی وی، با وەک سروودی نیشتمانیی پێشی قایل بین. لێرە بە دواوە، سەرنجەکانم لەسەر چۆنیەتی وەرگێڕانی شیعری، حەوت لەو چواردە شاعیرە دەردەبڕم.

### عەبدوڵڵا پەشێو

پەشێو لە هۆنراوەی (بیئاتێ)دا دەڵێت:

گوتی ناوم بیئاتێیە،
ماتبووم، ماتبوو،
جگەرەیەکی دەرهێنا
بۆم داگیرساند،
بەرە بەرە
جگەرەکە لە بەینی پەنجەکانیدا
بوو بە سۆتەک،
بەرە بەرە
منی سۆتەک
لە بەینی لێوەکانیدا بووم بە جگەرە.[٣]

وەرگێڕ لەبری ئەم کۆپلەیە دەڵێت:

Mitt namn är Beatte
vi teg
hon tog fram en cigarett
cigaretten blev till aska



även jag brunnen till aska
blir till en cigarett
mellan hennes läppear.[4]

واتا:

ناوم بیئاتێیە
مات بووین،
جگەرەیەکی دەرهێنا،
بۆم داگیرساند،
جگەرەکە بوو بە سۆتەک،
منی سووتاوی بە سۆتەکبوویش
لە بەینی لێوەکانیدا
دەبمە جگەرە.

بە بەراورد لە نێوان دەقە کوردییەکە و سوێدییەکەدا، ئەوە دیارە کە:

* وشەی (گوتی) فەرامۆش کراوە،
* پەشێو گوتوویەتی (مات بوو، مات بووم،) واتا سەرەتا شاعیر و دواتر بیـئـاتێ مـاتبـووە، وەرگێڕ نووسیـویەتی: (مات بووین،) ئەمـەش واتا هاوزەمان پێکەوە مات بوون.
* لەبری (منی سـۆتەک،) وەرگـێـڕ دەڵێت: (منی سـووتاوی بە سۆتەکبووش.)
* لەبری (بووم بە جگەرە،) وەرگێڕ دەڵێت: دەبم بە جگەرە.

پەشێو دەڵێت:

وەک مارێکی سەرادوونراو
گینگڵی دەدا و دەیفیشکاند.

وەرگێڕ دەنووسێت:

Tåget ringlar sig
som en förföljd orm genom landskapet.

ئەمەش واتا:

* (بە هەرێمەکەدا)ی بۆ زیاد کراوە.
* (گینگلڵدان،) کە پێچ و تلدانە لەبەر ئازار، پشتگوێ خراوە.
* (دەیفیشکاند،) فەرامۆش کراوە.
* لەبری (دەستی سەرپەنجە پەمبەیی،) تەنیا Hennes hand نووسراوە، کە بە مانای (دەستی) دێت، کەواتە هیچ باسێک لە (سەرپەنجە پەمبەیی) نییە.

پەشێو دەڵێت:

وەنەوزی دا،
دەستی سەرپەنجە پەمبەیی
وەک نامەیەکی نهێنی
کە پیلانی کودەتایەکی تێدابێ،
خزایە ناو دەستم و مەیی.

وەرگێڕ دەنووسێت:

Hon nickade till
hennes hand gled ned i min
som ett hemligt brev
innehållande en plan om en staskup.

واتا:

وەنەوزی دا
دەستی وەک نامەیەکی نهێنی



کە پیلانی کودەتایەکی تێدا بێ،
خزایە ناو دەستمەوە.

بە ئاشکرا ئەوە دیارە، پەشێو (سەرپەنجە پەمبەیی) و (مەیی) تەنیا بۆ سەروا ڕیز کردووە، ئەگەر چی پاشبەندێکی سواوە. وەرگێڕ هەستی کردووە، بە فەرامۆشکردنی ئەو وشانە، شیعرەکە جوانتر دەبێت، بۆیە پشتگوێی خستوون.

پەشێو دەڵێت:

سەری وەکوو هۆنراوەیەک
هێدی هێدی لار کردەوە،
منیش شانم وەک دەفتەرێ
تامەزرۆبوو، هەڵبەستێکی بێتە سەرێ.

Hon böjde sitt huvud
som en oskriven dikt
mot min axel
som tog emot den villigt
som en blank sida.

واتا:

سەری وەکوو هۆنراوەیەکی نەنووسراو
لار کردەوە،
منیش شانم وەک لاپەڕەیەکی سپی
دایە بەری.

* لەبری (هۆنراوەیەک،) وەرگێڕ (هۆنراوەیەکی نەنووسراو)ی نووسیوە، کە ئەمە جوانتر و ڕاستترە.
* لەبری (دەفتەرێ،) (لاپەڕەیەکی سپی)ی نووسیوە، ئەمەش وێنە شیعرییەکەی بەپێزتر کردووە.

* وەرگێڕ نەهاتووە وشەی (هۆنراوە) دووبارە بکاتەوە، وەک پەشێو کردوویەتی و جارێک (هۆنراوە) و جارێکی دیکە (هەڵبەست)ی بەکار هێناوە. وەرگێڕ مەبەستەکەی بە ڕێگەیەکی کورتتر دەربڕیوە، واتا شاعیرانەتر ڕەوتاری کردووە.
* وەرگێڕ بازی بەسەر (هێدی هێدی)یشدا داوە.

کەواتە وەرگێڕ چوار جار هەوڵی گۆڕینی کۆپلەشیعرەکەی داوە و جوانتری کردووە، ئەمەش دەستتێوەردانێکی ئاشکرایە.

وەرگێڕ لەبری: (بە درێژایی شەوگاری سارد،) Hela natten ی نووسیوە، واتا بازی بەسەر وشەی (سارد)دا داوە. لەبری (شەمەندەفەری فێگرتوو،) تەنیا Tåget ی نووسیوە، کە بە مانای شەمەندەفەر دێت، واتا (فێگرتوو)ی فەرامۆش کردووە. لەبری (سەرمی نایە ناو کۆشی پراگ،) وەرگێڕ Fört mig till Prags famn ی نووسیوە، واتا: (تا باوەشی پراگی گەیاندم،) بەمەش وشەی (سەرمی) پشتگوێ خستووە و وێنە شیعرییەکەشی تێک داوە، وێڕای ئەوانە، (خوا حافیزی)یشی پشتگوێ خستووە.

## لەتیف هەڵمەت

(ئەشێ و ناشێ)ی لەتیف هەڵمەت شیعرێکی کورتە، لە دوو کۆپلە پێک هاتووە، وەرگێڕ کۆپلەی یەکەمیانی فەرامۆش کردووە.

لە هەموو (بست)ێکی زەویدا
یاساوڵێک بۆ چاودێری چێنراوە.[٥]

وەرگێڕ لەبری (بست) tum ی نووسیوە کە بە مانای (ئینچ)دێت. هەڵمەت کە لە هەر بستەدا و یاساوڵێکی داناوە، زێدەڕۆیی کردووە، کە وەرگێڕ بستەکەی کردووە بە ئینجێک، بەوە زێدەڕۆیی لە زێدەڕۆییدا



کردووە. En krigare i varje tum (هەر ئینجە و جەنگاوەرێک.) دەشێت وەرگێڕ هەوڵی دابێت، ئەو گوتەیە بیری خوێنەری سوێدی بخاتەوە. وەرگێڕ لەبری (شەوی شەقامەکان،) nattliga gator ی نووسیوە، کە بەمانای (شەقامی شەوانە) دێت. (شەو)ەکەی شاعیر، ئاوەڵکرداری کاتییە، ئەوی وەرگێڕ، ئاوەڵناوە.

ئەی بای ناو ژوورەکەم!
بشێ تۆیش یاساوڵێک نەبی؟

شاعیر دوودڵە، نازانێت بای ژوورەکەی یاساوڵە یان نا، وەلێ وەرگێڕ دڵنیایە لەوەی بای ژوورەکەش یاساوڵە.

Du luft i mitt rum
visst lyssnar[6]

واتا: ئەی بای ناو ژوورەکەم
بێ گومانم تۆیش گوێ ڕادەدێریت.

لەتیف هەڵمەت لە هۆنراوەی (سۆراخ)دا دەڵێت:

دەڵێن خوا بۆ پێغەمبەرێ
شارێکی کرد بە گۆمی خوێن.[٧]

وەرگێڕ هەستی کردووە، شارێک لە (گۆم)ێک گەورەترە، بۆیە لە بری گۆم، sjö ی نووسیوە کە بە مانای زەریاچە دێت.

هەڵمەت دەڵێت:

لەم مەڵبەندە هەموو ڕۆژێ
چەرمی پێغەمبەرێ منداڵ
دەکەن بە جووتێ پۆستاڵ
بۆ جەندرمەیەکی خوێنتاڵ.

وەرگێڕ دەنووسێت:

Hos oss blir barn profetenas hud
varje dag till stövlar
åt gendarmerna.[8]

دیسـان وەرگـێـڕ زێدەڕۆیی کـردووە، تاکـەکـانی کـردووە بە کـۆ! لەبری پێـغـەمبەرێـک، پێـغـەمـبـەرەکـان و لەبری جـەندرمـەیەک، جـەندرمـەکـانی نووسیوە. لەتیف هەڵمەت دەڵێت:

ئێ بشێ خوا
بە ئیشێکی تایبەتیی خۆی،
بۆ شوێنێکی دوور دوور چووبێ؟

وەرگێڕ دەنووسێت:

Han har lämnat oss
för ett uppdrag
på en fjärran plats.

* وشەی (تایبەتی) فەرامۆش کراوە.
* لەبری (دوور دوور) تەنیا (دوور)ی ڕووت نووسراوە.
* وەرگێڕ نووسیویەتی: Snart försvinner han واتا: (بەم زووانە (خوا) بزر دەبێت.) ئەمەش لە دەقەکوردییەکەدا نییە.

## ئەنوەر قادر محەممەد

وەرگێڕ لەبری (لاشە) (dödkropp)ی نووسیوە،[٩] ئەمەش لێکدانەوەی مانای لاشەیە، lik لاشەیە، وەک وەرگێڕ لە وەرگێڕانی شیعری (شێوەنی گـوڵاڵە)ی (گـۆران)دا بەکـاری هێناوە.)[١٠] (dödkropp) واتا: لەشی مردوو، ئەمەش وەک گوتنی گیای وشک وایە، لەبری پووش. تەنیا kropp بە تەنیا بە مانای لەش و لاشەش دێت.



چەندەها جار بۆ لات هاتووم
بانگلێـدەری کـارەسـات بووم.[١١] ئەم دێرەشـیـعـرە و (ئەی شـاژنم،) فەرامۆش کراون.

## ئەحمەد هەردی

لەبری (تافی لاوی)[١٢] ungdoms vår[13] ی نووسـیـوە کـە بە مـانای (بەهاری لاوی) دێت. هەردی دەڵێت:

نییە جوانێ سەری کاسم بنێمە سەر (دڵ)ی نەرمی.

لەبری وشەی (دڵ) bröst نووسراوە کە بە مانای سینگ و مەمک دێت، تەنانەت ئەگـەر هەردی مـەبەسـتی لە (دڵ،) (سنگ)یش بێت، هێـشـتـا وەرگێـڕ مافی ئەوەی نییـە، مەبەستی شاعیر لێک بداتەوە، ئەوە کاری ڕەخنەگرە.

هەردی دەڵێت:

بە غەیری باڵی غەمناکی
شەوی پڕ ترس و سامناکی.

وەرگێڕ دەنووسێت:

förutom sorgens vingar
i nattens skräck och fruktan

واتا:

بە غەیری باڵی غەمناکی
لە شەوی پڕ ترس و سامناکدا.

هەردی (باڵی غـەمناکی شـەو)ی مـەبەسـتـە، نەک باڵی غـەمناکی لە شـەودا، وەک وەرگـێـڕ بۆی چووە. لە بری: (نیـیـە یەک تۆزە ڕووناکی،) وەرگـێـڕ دەنووسـێت: finns ingenting att se واتا: هیچ نابینرێت. لەبری

(بەهرە،) förmåga ی نووسیوە کە بە مانای (توانا) دێت و begåvning بەهرەیە. لەبری (ڕاز) kärleksmakt ی نووسیوە کە مانای (دەسەڵات یان زەبری خۆشەویستی) دەبەخشێت.

## پیرەمێرد

لارس بێکستروێم کە هۆنراوەی (من و ئەستێرەکان)ی پیرەمێردی لە فەرەنسایییەوە کردووە بە کوردی، ئەم دوو بەیتەی پشتگوێ خستووە:

من خوار و ژوور لەدەستچووەکەی بێولەت خۆم، ئەوان
وەک خێڵی خوار و ژوورکەری کورد، وێڵی ئاسمان.
شەو شەونمی ئەوانە چەمەن ئاو ئەخواتەوە
ڕۆژ هەڵمی ئاوی چاوی منە سەریەخاتەوە.[١٤]

لەبری: (تا ئاسمان پریشکی بەدیی ئێوە هەڵپژا،) نووسیویەتی:

Kurdernas smärta har som en våg
nått upp till himlen.[15]

واتا: ئازاری کوردان وەک شەپۆل گەییە ئاسمان.

## سوارەی ئێلخانی

ئەڵێم بە جامی ئاوی کانیاوی دێیەکەم
عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم
لە دەردی ئینتیزارەکەت.

وەرگێڕ دەڵێت:

Jag vill läka mitt hjärtas sår
släcka törsten med en bägare vatten
från min by.
jag är fylld av smärtsam längtan efter dig.(16)



کە دەبێتە:

دەخوازم برینی دڵم سارێژ بکەم
تینوویەتیم بە جامێک لە ئاوی دێیەکم بشکێنم،
من تژیم لە تامەزرۆییییەکی بە ئازار بۆت.

وەک دەردەکەوێت:

* (کانیاو) پشتگوێ خراوە.
* (کوڵی دڵ،) بووە بە (برینی دڵ.)
* ئینتیزار کە چاوەڕوانییە، کراوە بە تامەزرۆیی.
* دەڵێم کراوە بە دەمەوێ.

لەبری:

بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم.

Imin by strömmar månes ljus
mot mina leende läppar
likt källans språng.

کە دەبێتە:

لە دێیەکەمدا
مانگەشەو وەک ئاوی کانیی بەخوڕ
دەڕژێتە لێوە بەخەندەکانمەوە.

سوارە گوتوویەتی: (بڕۆمە دێ،) نەک (لە دێیەکەمدا.) وەرگێڕ نە باسی(لێو)ی کردووە، نە کانیاو. وەرگێڕ لەبری شەش وشەی کوردی سێزدە وشەی سوێدی نووسیوە! وەرگێڕ لەبری (ئەوی کە تێل و تان و ڕایەڵە،) دەنووسێت: telefonledningarna och dekorationer کە دەبێتە: تەلی تەلەفۆنەکان و دیکۆرڕێکخستن.

سواره دەڵێت:

دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە ئەیگوشم
دەستی چێوبییە.

وەرگێڕ لەبری چێوی، kyligträ ی نووسیوە کە دەبێتە (داری سارد.) ئەگەر چی چێو، دارە نەک داری سارد. سوارە دەڵێت:

شارەکەت ئاسکە جوانەکەم
تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت هەراو.

وەرگێڕ لەبری (تەسک) stängd ی نووسیوە کە بە مانای (داخراو) دێت، لەبری (هەراو)یش کە بە مانای بەرین و فراوان دێت، vidöppen ی نووسیوە کە بە مانای (کراوە) دێت.

ئەم شەرابە ئاڵە بۆ بێ دەرد نییە
لێی حەرام بێ، ئەو کەسەی ڕەنگزەرد نییە.[١٧]

لەم دێرەشیعرەی هێمندا دوو وشە بایەخێکی زۆریان هەیە، لە نیوەدێری یەکەمدا (ئاڵ) و لە نیوەی دووەمدا (زەرد) کە وەڵامدانەوەی (ئاڵ)ەیە، دژەکەیەتی و بەکارهێنانی هونەری تیباقە، کەچی وەرگێڕ وشەی (زەرد)ی فەرامۆش کردووە، بەمەش بەهێزترین لایەنی شیعرەکەی کوشتووە. وەرگێڕ لەبری: (لێی حەرام بێ، ئەو کەسەی ڕەنگزەرد نییبیە،) دەنووسێت:

färbjudet för den som tärs i sin själ.[18]

واتا: قەدەغەیە بۆ ئەوی لە ڕۆحی کەم نابێتەوە.

جا کە سەرخۆش بووم، بە دەنگێکی (نەوی)
بۆت دەڵێم ئەو شیعرە (بەرزەی) مەولەوی.

لەم دێرەشدا، هێمن هونەری تیباقی بەکار هێناوە، کە بە دەنگێکی (نەوی،) شیعرێکی (بەرز) دەڵێت.



پارچە (گۆشت)ێکە دڵی من (ڕوو) نییە
ناڵەناڵی من درەنگە، زوو نییە.

گۆشت دژ بە ڕوو، درەنگ دژ بە زوو، دیسان هێمن و هەمان جوانکاری، وەلێ چونکە وەرگێڕ مانای وشەیەکی بە هەڵە لێک داوەتەوە، هونەرەکەی شاعیر بزر بووە. (ڕوو) وەک لە فەرهەنگۆکەکەی (ناڵەی جوودایی)دا، محەممەدی مەلا کەریم لێکی داوەتەوە، بە مانای (خار، هەردی زۆر ڕەق،) دێت، نەک بە مانای ڕووخسار، یان دیوی پێشەوە، وەک وەرگێڕ بۆی چووە و وشەی fasad ی لە جێی داناوە. fasad بەشی پێشەوەیە، وەلێ (ڕوو) لەو شیعرەی هێمندا، ڕووخسار یان بەشی پێشەوە نییە، خارە، هەردی ڕەقە، هێمن دەڵێت: دڵی من گۆشتە نەک بەرد.

لەبری (خانە خەراب) کە بە مانای بەدبەخت و ماڵوێران دێت، وەرگێڕ utan hus och hem ی نووسیوە کە بە مانای بێ ماڵ و بێ خانوو دێت.

لەبری (ئەستۆ) کە مل یان گەردنە، axlar ی نووسیوە کە مانای (شان) دەبەخشێت، شیاوی گوتنە، ئەستۆ تاکە، وەلێ axlar کۆیە. ئەم دوو دێرەشیعرە ش فەرامۆش کراون:

ئەو کەسەی خواردی و لە بن سێبەر ڕما
شەو بە نیازی کەیف لە ماڵی خۆی نەما،

ئەو کەسەی ڕامووسێ کوڵمەی تاس و لووس
ئەو کەسەی تێی هەڵنەدابێ چارەنووس.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم، سوپاس بۆ ئەو هێژایانەی لە دڵسۆزییانەوە بۆ ئەدەبی گەلەکەمان، بە وەرگێڕانی شیعری هاوچەرخی کوردییەوە بۆ زمانی سوێدی، ماندوو بوون، ڕەنجی جێی ڕێزی وان نەبووایە، ئەز بواری دەربڕینی ئەم سەرنجانەم بۆ نەدەڕەخسا.

١٩٩١

## سەرچاوە و پەراوێز


(١) ئەگەر چی شیعریش دەنووسێت، وەلێ زێتر وەک نووسەر ناسراوە.

(2) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, 1999 Apec förlag, stockholm.

(٣) عەبدوڵڵا پەشێو، شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم، ل١٣٢ چ. ئەدیب، ١٩٨٠ بەغدا.

(4) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, s. 19 Apec förlag 1991 stockholm.

(٥) لەتیف هەڵمەت، گەردەلوولی سپی، ل ٧٠ چ. کۆڕی زانیاریی کورد ١٩٧٨ بەغدا.

(6) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen,s. 27 Apec förlag 1991 stockholm.

(٧) لەتیف هەڵمەت، گەردەلوولی سپی، ل ٦٩ چ. کۆڕی زانیاریی کورد ١٩٧٨ بەغدا.

(8) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, s. 29 Apec förlag 1991 stockholm.

(9) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, s. 31 Apec förlag 1991 stockholm.

(10) GDRAN, TåRAR & KONST översattning Lars Backstrom, Bakhtiar Amin, Ferhad Shakely s. 32 Azad förlag 1986 stockholm.

(١١) ئەنوەر قادر محەممەد، زایەڵە، ل ٩١ و ٩٢ کۆمەڵەڵەی فەرهەنگی سوێد ـ کوردستان ١٩٨٨ ستۆکهۆڵم.

(١٢) ئەحمەد هەردی،ڕازی تەنیایی، ل٧٩چاپی دووەم ١٩٨٤ کتێبخانەی سلێمانی.

(13) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, s. 41 Apec förlag 1991 stockholm.

(١٤) محەممەد ڕەسووڵ هاوار، پیرەمێردی نەمر، ل ١٠٦ بەغدا ١٩٧٠

(15) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, s. 45 Apec förlag 1991 stockholm.

(16) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, s. 55 Apec förlag 1991 stockholm.

(١٧) هێمن، ناڵەی جوودایی، ل١٢ چ. عەلاء ١٩٧٩ بەغدا.

(18) Ferhad Shakely, Doften av mitt lands molen, s. 63 Apec förlag 1991 stockholm.




## باسەکان


تەکنیکی نووسین ..... 5
پەیامی نووسەر ..... 9
شاعیری زیندوو ..... 12
هونەری شیعر ..... 15
ئەلفوبێی نووسین ..... 18
ڕەخنەی خەمناک ..... 21
شاعیری خەمناک ..... 24
شێوازی نووسین ..... 27
نووسەر و نووسین ..... 30
زەریای ئەوین ..... 33
شیعر گوڵێکە خۆڕسک ..... 36
سەرەتا وشە هەبوو ..... 38
منداڵانی گەڕەک ..... 42
زۆربای هەولێری ..... 47
زمانی ئاوریشم ..... 51
پەنجەرەی باڵدار ..... 54
شاهیدێکی لایەنگر ..... 59
ئەو شاعیرەی تخووبی خۆی دەبەزێنێت ..... 63
نامەیەکی ئەدەبی بۆ ڕزگار شێخانی ..... 66
جنێو لە ڕێی شیعری درێژ و ڕۆمانی ئەستوورەوە ..... 69
لوتکەی کۆمیدیای ڕەش ..... 73
شیری گورگ ..... 77
ڕستەیەکی خەبەری ..... 82

داگیرکارێکی خوێنشیرین ........ 87
زمانی کتێب ........ 91
باسکارێکی بێبەخت ........ 95
زمان و نووسین ........ 99
ڕەخنەگر ........ 103
ماڵێک لە وشە ........ 106
ئەوی کتێب بسووتێنێت، ئینسانیش دەسووتێنێت ........ 110
بۆ خوێنەرێکی کەمئەمەک ........ 113
سڵاو لەوانەی نووسینم هەراسانی کردوون ........ 115
چەقۆ و قەڵەم ........ 118
کێوی بووم، تۆ کەویت کردم ........ 121
ئاگرێکی نەمر ........ 124
ئینسان بێ ئەوین ناژی ........ 127
دەستووری نەفرەت لە ئافرەت ........ 130
ژنی سەفەری ........ 134
برینێک کە سارێژ نابێت ........ 138
پارچەگۆشتێکی زیادە ........ 145
ئاو و تێزاب ........ 149
ژن و دەمامک ........ 153
شیعری کوردی بە زمانی سویدی، بەشی یەکەم ........ 156
شیعری کوردی بە زمانی سویدی، بەشی دووەم ........ 174
شیعری کوردی بە زمانی سویدی، بەشی سێیەم ........ 192



ئەم بەرهەمانەی

**حەمەسەعید حەسەن**

لە دەزگای ‹**ئاراس**›ەوە بڵاو بوونەتەوە

١- لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، وەرگێڕان لە سویدییەوە ٢٠٠٣
٢- قوڵپی پێکەنین، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٤
٣- ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن، کۆشیعر ٢٠٠٤
٤- نووسین بەبێ وشە، کۆشیعر ٢٠٠٤
٥- شیعر و شمشێر، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٤
٦- هونەری ڕاوەژن، ساتیرەچیرۆک ٢٠٠٤
٧- ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، دیمانە ٢٠٠٤
٨- هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٥
٩- کۆتر و پڵنگ، بیر و بۆچوون ٢٠٠٥
١٠- ئەڤیننامە، کۆشیعر ٢٠٠٦
١٢- دیرۆک و جوگرافیای سوید، وەرگێڕان لە سویدییەوە ٢٠٠٦
١٣- ڕۆشنبیر و دەسەڵات ٢٠٠٧
١٤- تاڤگەیەک لە زیو، ڕەخنەی ئەدەبی و شتی دیکەیش ٢٠٠٨